# خۆرنامە

# خۆرنامە

سەدیق ڕەسووڵی

ڕۆمان

MUKIRYANI
٢٠١٤

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

● ڕۆمان

● خۆرنامە

● سەدیق ڕەسووڵی

● نەخشەسازیی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر

● بەرگ: ڕێمان

● پیتچنین: محەمەد ئەمین شاسەنەم

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠١٤

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦١٣) ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە.

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

زنجیرەی کتێب (٨٦٣)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ١

ئەوان سێ خوشک بوون: هاژە و ئەسمەر، کاتووزین دە ساڵ دوای لەدایکبوونی من لە داوێنی سوێسن ژنی داداری مەزنی بێهاوتا لە دایک دەبێ.

ئەسمەر! لە پرووشەوە ناسیم. سەگێکی وردیلانەی کلکسووری چاوشین.

لە پارک دانیشتبووم، پرووشە هات و پەرتووکەکەی بە دەستمەوە بوو، ڕفاندی و منیش تووڕە، هەستام و شوێنی کەوتم. هەتا بەردەرکی مزگەوتی قیبلە لەپەنا کچێکی بالابەرزی چاوڕەش گیرساوە.

لە مابەینی سەوزەفرۆشێکی دەروازەقەبرانی و دەروێشێکی چڵکندا.

ئەسمەر دادێتەوە و پەرتووکەکە لە پرووشە وەردەگرێ و سەگە کلکەسووتەیەکی بۆ دەکا، ئەسمەر دەستی بە سەردا دێنێ و پێی دەڵێ: دەستت خۆش بێت.

تووڕە بە من دەڵێ: تۆ بۆ دەست دەدەیە شتی من مەگەر تۆ دەزانی خۆرنامە چ کتێبێکە؟

بە تووڕەیی پەرتووکەکە لە نێو جانتاکەی دەخا پێم دەڵێ: حەیف تۆ مووسا ناناسی!

تۆزێک بە گاڵتەوە پێم گوت: حەیف مووسا من ناناسێ!

ئەویش هەروا بە گاڵتە وەڵامی دامەوە: تۆ ساتیار، کوڕی وەیسی نەججاڕی... جارجار حەیران دەڵێی زۆر گوێ دەدەیە گۆرانییەکانی خالەقی.

پایزە پایزێکی گەلێک لە من درەنگ. دەنگۆی جێژنی قوربانە و دەنگۆی هاوینێکی بێبەرەکەت. زستانێکی بە سەخڵەتی. دەنگۆی هێرشی هێندێک عەجەمی شەڵوارشین بەرەو بۆکان.

دەڵێن لە تەورێز و مەهاباد جۆگەی خوێنیان بەڕێخستووە. سێدارە و خوێن و تۆپ و چەکی باشی سەردەم.

هێندێک عەجەمی شەڵوارشینی دوگمەزلی شانخوار، بە سواری ئەسپ و ماشێن و تانگ و تۆپەوە، پۆتینیان توند کردووە.

بە دەم ئەو هەموو دەنگۆیانەوە وەستا وەیس پەنجەرەیەکی وردیلانەی شینی دا دەستم و، پێی گوتم: دەیبەی لە دیوی کچە چکۆلەکەی داداری بێهاوتای دەدەی. ئەوشۆ ساردە نەکا سەرمای بێت.

پەنجەرەکەی دا دەستم بە قەرا بەرە دەستێک. دوو شووشەی سووری تێ گرتووە.

پێی گوتم: لە بیرت نەچێ دیوەکەی کاتووزین.

گەیمە ئەوسەری کۆڵان، دەنگی تەقەیەکی دوور هات. هەردووکمان بێدەنگ ڕاوەستاین، هاواری کرد: هیوادارم بە سەرکەوتوویی لە دیوەکەی کاتووزینی دەی:

***

دادار هات و دۆستانە لەگەڵ باوکم دەستی لێداوە و گوتی: ئەوە کوڕی خۆتە. وەستاوەیسی پیر گوتی: وەستای پەیکەرەسازکردنە لە دار.. لە ئیسفەهان فێر بووە. دادار تۆزێک بەتووڕەیی گوتی: پەیکەرەسازکردن باش نییە... ساتیار، کاری وا نەکەی... چرپا بەدی بێنە... درگا داتاشە... پەنجەرە دروست بکە.

بە کۆخەیەکی نەرمەوە بە وەستا وەیسی گوت: پەنجەرەیەکم دەوێ.

کاغەزێکی دا دەست باوکم و گوتی: بەو ئەندازەیە پەنجەرەیەکی باشم لە دار گوێز بۆ دروست کە.

دەستی بە سەری کچەکەیدا هێنا.

کچێکی خوێنشیرنی کورتەباڵا، لەپەنای دادار ڕاوەستاوە. دوازدە ساڵی دەبێ و جار جار قامکی بۆ لێوی دەبا. چاو لە دار و کەرەسەی نەججاڕی دەکا. قسەیەک دەکا، باش لێی حاڵی نابم، دادار دەڕوا و، دەستی کچە دەگرێ. کچە فریا ناکەوێ دووپاتی کاتەوە.

لەو بردن و هەڵگرتنی پەنجەرەیەدا بە نێو سەرباز و تۆپ و تانگی لەشکری چکۆلەی سەرهەنگ سیاوەش نامورادیدا خۆم گەیاندە کۆڵانی مەحوی و بە قسەی باوکم خۆم لە ژووریٚ ڕاکرد. حەسارێکی چۆڵ، ماڵێکی چۆڵ، دیوەکانی چۆڵ. پەیتا پەیتا دەنگی تەقە و تەقینەوە دێت.

لە دیوێک دەنگی خالەقی دێت ـــ بە پلیکانە چۆڵەکاندا پەنجەرە لە بەری دەست وەسەرکەوتم.

دەنگی گۆرانیی خالەقی لە دیوێکی سەرەوە دەهات. سەر بە دیوەکەدا دەکەم. وێنەی کاتووزین لە دیوەکە هەڵواسراوە. باشی دەناسم. دوو جار لە بازاڕی کۆن دیومە و، جارێکی دیکە لە کاروانسەرای حاجیحوسێن بە شوێن دادارەوە.

لە نێو دیوارەکە جێگای بەتاڵی پەنجەرەیەکی ئاوا دیارە، خێرا پەنجەرە لە کونی دیوار دەگرم و بە هێوری دێمە خوارێ.

هەموو ماڵ بە تەقینەوەیەکی نزیک بەلەرینەوە دەکەوێ، خێراتر لە ماڵ دێمە دەرێ و، خێراتر خۆ بە کۆڵاندا دەکەم. ناگەمە سەرکۆڵان دەکەومە بۆسەی هێندێک سەربازی ڕەقەڵەی چەکمەڕەقەوە، لوولەی تفەنگم تێدەگرن و، بە فارسی هاوار دەکەن: دەستت هەڵێنە...

دەستم هەڵێنا هەتا هاتنە پێشێ. زانییان جێگای مەترسی نیم قامکیان لەسەر پەلەپیتکە شل کرد. سەربازێکی لووتدرێژی ڕەقوتەقە لێم هاتە پێشێ. تیربارێک بە دەستەوە، لێم نزیک بۆوە.

سەربازە جگەرەیەک بە پەنا لێوییەوە، بە فارسیی شێوەزاری ئیسفەهانی گوتی:

دنبال موسی هستم..

ئاخێکم هەڵکێشا و بە فارسی وەڵامم داوە: ئەگەر گیرم کەوێ...

سەربازەکە تۆزێک زیاتر لێم هاتە پێشێ و، لەپڕ دەستم برد و تیربارەکەم لە دەست ڕفاند و، لە چاوترووکانێکدا لە خوێنم گەوزاند و سەربازەکان ڕەق و ویشک و پڕ لە ترس، کشانەوە و بە شێوەزاری ئیسفەهانی پێیان گوتم: ئێمە سەربازێکی بێ دەسەڵاتین.

ــ بەڵام هاتوون بۆ کوشتن، وایە؟

یەکێکم تێهەڵدان و گوتم: بڕۆن بە گەورەتر لە خۆتان ڕاگەیەنن، ساتیار تیرباری کەوتۆتە دەست.

کاتووزینم ئاوا دیتەوە.

دەستم دا تیربار و بە نێو سەرباز و گرووبان و ئەفسەر و تانگ و تۆپ کەوتم. هەتا دەمەو ئێوارێ کەسم نەهێشت، جۆگەکانی شارم پڕ کرد لە خوێن و، مێشکی سەربازەکان دیوارەکانی نەخشاند.

ئێستا تەواو خۆراوا نەببوو، گەیمە سەرهەنگ سیاوەش نامورادی. لاوێکی چوارشانەی چاو و برۆ ڕەشی لووت باریک. لوولەی گەرمی تیربارم لە پەنا گوێی ڕاگرت و، پێم گوت: کۆتایی ئەو ڕێگایەی ڕووت تێکرد. قۆڵبەستم کرد و، لە گەڕانەوەی داداری هەڵاتوودا لەپێش دەمی لە عەرزم دا.

پیاوێکی باریکەڵە وا دیارە مووسایە... زوو خۆی گەیاندە سەرهەنگ و یەخەی گرت و گوتی: تۆ لە من دەگەڕای؟

شوێنی نووکی خەنجەرێک لاچاوی دادڕیوە، برینێکی قووڵ سەرگۆنای هەڵدڕیوە.

گوللەی ژ٣ گوێی چەپی بردووە و پڕیشکەی مینێکی وردیلانە لاقی بە حاڵ شەل کردووە.

دەستی لە یەخەی سەرهەنگ دەکەمەوە و، پێی دەڵێم:

دیلی منە و دەتوانم ئازادی کەم.

تووڕە پێم دەڵێ: وا باشە هەڵیواسین.

دادار شوێن قسەکەی مووسا دەکەوێ. یەخەی مووسا دەگرم و تیربارەکەم لە شان دێنمە خوارێ. خەڵک وردە وردە خەریکە دێنەوە نێو شار و دەورمان دەگرن و، سەیری باڵای بەرزی سەرهەنگ سیاوەشی نامورادی دەکەن. مووسا تۆزێک دەکشێتەوە.

چاوێک بە نێو خەڵکەکەدا دەگێڕم و دەڵێم: ئەگەر تۆ پیاوی، سەرهەنگ مەنسووری برای لە دار دە.

ڕوو لە سەرهەنگ دەکەم و، بە نەرمی پێی دەڵێم: بڕۆ تۆ ئازادی... لە حەوت دەوڵەت ئازادی...

بە مووسا دەڵێم: دەمبووری باسی داهاتووم کرد.

سەرهەنگ دەڕوا و منداڵەورکە هەتا ئەوسەری بۆکان شوێنی دەکەون.

سەرهەنگ سیاوەش لە تەوریزڕا ڕوو لە تاران دەکا و لەوبەری کۆشکی سەعدئابادەوە دووکانێکی سەلمانی[1] دەکاتەوە.

سەرهەنگ سیاوەش ڕووی لە ئیسفەهان نەکرد. تەنانەت بۆ سەردانی دایک و باوک و خزم و کەسانیشی.

سەرهەنگ سیاوەش جارجار لە کافەیەکی ئەولای کۆشکی سەعدئابادەوە تۆزێک ئارەق دەخواتەوە و، لیوانێک ئابجۆی[2] پێدا دەکا.

هاژە لە سەفەرەکانی خۆی بۆ تاران، دوو جاری باسی سەرهەنگ سیاوەش و مەیخواردنەوەی ئەوی گێڕاوە.

دادار لە باوەشی گرتم و دەستی هەڵێنام بە دەنگی بەرز نەڕاندی:

خەڵاتی پیاوێکی ئاوا بوێر چییە.

چاوم بە وەیسی نەججاڕ کەوت لە نێو خەڵکەکەدا خەریکە دێ بۆ لای من. بە حاڵ لاچاوی بریندارە. دەڵێ: لە هەڵاتندا کەوتم.

لە باوەشم دەکا. ئەویش دەستم هەڵدێنێ.

دادار دەستی کچێکی بە دەستەوەیە و هاوار دەکا: خەڵاتی ساتیار، کوڕی وەیسی نەججاڕ، ئەسمەرە، کچی گەورەم.

ئەسمەر باڵابەرز و چاوخورمایی ڕووی تێکردم. نەمدەزانی لە خۆشییان چۆن دەستی لەنێو دەستم نا.

---

١ . سەلمانی: سەرتاشخانە

٢ . ئابجۆ: بیرە

ڕیشسپی و کوێخا و ئاغا و گزیر و وەزیرێکی زۆر لە حەساریَ خڕ بوونەوە.

دەڵێن: وەزیرێک لەگەڵ هێندێک سەرباز لە ئیسفەهانەوە هاتووە.

ــ بۆچی هاتووە؟

ــ بۆ باس و خواسی ئەو شۆڕشە.

دەڵێن دادار ئاوای وەڵام داوەتەوە:

ــ چەند کرێکار و هەژار بوون.. خۆمان جێبەجێمان کردن.

هەرچەند دادار، خۆی شۆڕشەکەی بەدی هێنابوو. بەڵام نەیدەویست کێشە زۆر گەورە بێتەوە.

وەزیر لە سەرهەنگ سیاوەش و داروەدەستەکەی نەپرسی و گوێشی نەدانیَ.

تەنیا بە داداری گوت: ئاگاداری وڵات بە.

ڕا و ڕاوێژکردنی دادار لەگەڵ مووسایە. ئەو وتووێژە لەلایەن مووساوە چاودێری دەکرا.

ئاگرێکی گەورە کراوە و، دادار خۆی سیَ جار بە دەوریدا سووڕاوە و، ئەوجارە بانگی مووسای کرد و، لاوان هاتنە دەستی مووساوە.

دادار هەر چاوی لە من نەکرد، بەڵکو گوێشی نەدامیَ، تەنیا سووکە بەخێرهاتنێکی کردم.

هەروا چاوم بە نێو خەڵکەکەدا دەگێڕا. سوودابەم دی بە سەر ئەو ئاگرە بەرزەدا باز دەدا و قاقا پێدەکەنیَ.

لە دارگوێزێک نزیک بوومەوە. لە بن دارگوێزەکە پرووشەم دی ئەو سەگە وردیلانەی ئەو ڕۆژە پەرتووکەکەی لیَ فڕاندم. لە پەنا کچێکی مێرمنداڵ لەسەر پاشوو هەڵترووشکاوە، هەر چاوی بە من دەکەویَ دوو جار دەوەڕیَ، جوان زەین دەدەمە کچە، دەیناسمەوە.

کاتووزین سەر و قژکاڵ و چاوخورمایی.

دوور لە خەڵک سەیری بەزم و هەڵپەڕین و بەشکردنی گۆشتی قوربانی دەکا. دەڵێی شار کەسی تێدا نەماوە هەموو لێرە خڕ بوونەوە.

هەژار و نەدار و لات و چەقۆکێش و مەست و پەتیارە و مەلا و فەقێ و دووکاندار و تاجر.

کاتووزین بە چاو بانگی کردم. لێی چوومە پێشێ بە ورتەیەک لە بن گوێمدا گوتی: دەستت خۆش بۆ پەنجەرە تێگرتنت.

گوتی: وەرە لە پەنام دانیشە.

لە پەنایەوە چرپایەکی کۆنی لێیە. بێ یەکودوو لە سەری دانیشتم. نەمزانی چرپا ئەوەندە کۆنە منی بۆ ڕاناگیرێ. چرپا شکا و منیش بەرەو پشت بوومەوە. کەس ئەو ڕووداوەی نەدی. خێرا هەستامەوە. پرووشە تۆزێک پێم وەڕی، کاتووزین بزەیەکی هاتە سەرلێوان.

لەگەڵ کەوتنم دوو سێ دڵۆپ باران کەوتە نێوچاوانم. هەستامەوە. دڵۆپەکان زیاتر بوون. نمنم باران دەستی پێکرد و کاتووزین هەستا و پروشە بە دوایدا. پێش چوونی، لە بن گوێمدا چپاندی: ئەگەر پێت کرا هەتا دیوەکەی من وەرە...

ئەسمەر لەوسەری حەسارەوە لە پەنا پەنجەرە کەسکەکانەوە خۆی کێشا بۆ لام و دەستی گرتم و بە دەم قاقاوە گوتی: وەرە هێندێک هەڵپەڕین بە دەم شمشاڵی مووساوە...

دەنگی شمشاڵی مووسا بە دەم نمنمە بارانی پایزێکی درەنگوەختەوە دەهات.

چاوێکم لە کاتووزین کرد. لە چەشنی سوێسنی دایکی کورتەباڵا و لە وێنەی دادار تیژ و کاڵ.

لە شایی و بەزم و قوربانی نزیک بوومەوە. مووسا شمشاڵ لێدەدا. عەبەدەڕژێ گۆرانی دەڵێ.

ئەسمەر گوتی: بۆ هەڵناپەڕی؟

وەڵامم داوە: لاقم دێشێ.

دادار لەگەڵ وەزیرە باریکەکەی شا لە پەنا دەرگای کۆشک ڕاوەستاون. ئاگام لێیە دادار منی نیشان دەدا و وەزیرەش خێسە لە من دەکا.

لای ئێوارێ شایی و بەزم و ئاگر و لاو و کیژ و قوربانی و خەڵک دەست لێک بەردەدەن و هاژە شمشاڵەکەی مووسای بە دەستەوە، دادار تۆزێک لێی توورە دەبێ. هاژە گوێی ناداتێ و دەڕوا.

نازناوی هاژەیە. شیعر دەڵێ کورتەن شیعر دەڵێ. شیعری نوێ دەڵێ. ناوی سوودابەیە وا دیارە تەنیا من بە نازناوی هاژە بانگی دەکەم.

وردەوردە بۆم دەردەکەوێ دادار زۆر خۆشی لە شیعرەکانی هاژە نایە و زۆری پێ ناخۆشە گوێ بۆ شیعرەکانی هاژە شل کات.

شیعرەکانی هاژە دوور لە ئەدەب و عورفە. شیعرەکانی پڕە لە سێکس و ماچ و لەشڕووتیی پیاو و زۆر شتی دیکە. لە دوو سێ کەس بازە شیعرێکیم بیستووە... هەرچەند شاعیرانی ئەوڕۆ بەسەر وڵات و نەتەوەدا هەڵدەڵێن، ئەو لە سێکس دوور نابێتەوە. بە قسەی بازە کەسێک وا لێرە و لەوێ گوێم لێبووە، یان بۆیان باس کردووم.

لەسەر سفرەی شام دێتە پەنا گوێم و دەڵێ: خەڵاتی تۆ شەوێکی پایزی، لەشێکی گەرم، دەستێکی نەرم.

هاژە (خۆی پێم دەڵێ وای بانگ کەم) زۆر حەزی لە خوارنەوەی شەرابە.

دەڵێم: لە گەڕەکی ئەرمەنییەکانی مەهاباد ناسیاوێکی باشم هەیە.

هاژە ساڵی دوو جار، دەچێ بۆ تاران بۆ دیتنی شاعیرانی هاوچەرخ. بە قسەی خۆی لەگەڵ زۆریان هاودەمە.

بەڵام بە قسەی خەڵک هاژە دەچێ بۆ لای سەرهەنگ سیاوەش نامورادی.

ئەوەی چۆن یەکتریان دیوە و ئەوینداری یەکتر بوون، زۆری گوێ مەدەنێ. خۆتان چۆنتان پێ جوان بوو ئاوای دانێن.

وای دانێن لەو کاتەی قۆڵبەست لە بەردەم دادارم ڕاگرت، چاوی بە هاژە کەوتووە و ئەوینداری بووە.

تەنیا دوو کەس بانگی سوودابە دەکەن هاژە، یەکیان من و یەکیان سەرهەنگ سیاوەش نامورادی. سەرهەنگ ئەوەڵ جار لە زمانی بەکر شەیتانی بیستووە...

دوای شام بانگی کردمە بەرهەیوان و شیعرێکی سەیر ڕووتی بۆ خوێندمەوە. خۆم جارجار بە شەرمەوە، چاوم بە دەوری خۆمدا دەگێڕا نەکا کەسێک گوێی تێوە بێت، وای دانێ من شیعرەکەی ئەوم لا خۆشە، گوێی دەدەمێ.

پێم دەڵێ: تۆ ڕاز و گومانت خوێندۆتەوە؟

بێئەوەی وەڵامی دەمەوە، من زۆر لە شیعر و ئەو جۆرە شتانە حاڵی نابم، زۆرم گوێ نەداونێ، یان پێی بڵێم جارجار خۆم گۆرانی دەڵێم و دەنگم بۆ حەیران خراپ نییە، پێت خۆشە حەیرانێکت بۆ بڵێم؟ پێت خۆشە پایزەت بۆ بڵێم یان گەلۆ؟ ئەرێ گەلۆ باش دەزانم...

پێش ئەوەی من قسەیەک بکەم، لە بن باغەڵی، ڕاز و گومانی ڕەفیق سابیر دەردێنێ و دەیداتە بنباغەڵم...

پێم دەڵێ: مەگەر نازانی کتێبی کوردی قاچاغە...

خێرا هەڵدێ بۆ دیوەکەی خۆی و لێم دوور دەبێتەوە...

کارەکەی بڵێی نەڵێی سەیر بوو. کتێبەکەم لە بنباغەڵ توند کرد و چوومە حەساری. جوان ڕوانیم کەس دیار نییە هەر لێکم کردەوە وێنەیەک کەوتە خوارێ، خێرا هەڵم گرتەوە. وێنەیەکی ڕووت. پیاو و ژنێکی ڕووت. پیاوەکە ئاشنا دێتە بەرچاو. پێم وایە خۆیەتی. وێنەی خۆم. لە من دەچێ، یان خۆمم... لایەکیان هەیە، بەڵام ئەو ژنە ڕووتە کێیە... نەموێرا لەوە زیاتر چاوی لێکەم. خێرا وێنەکەم خستە گیرفان و کتێبەکەم لە باغەڵ خستەوە، نەکا وێنەی دیکەی تێدا بێت. جارێکی دیکە بە ترسەوە: ئابڕووم دەچێ. چاوم لێ کردەوە، پەڕەکانیم جوان لێک دا. نا، وێنەی دیکەی تێدا نییە. خێرا خۆم گەیاندە پشت دیوەکەی هاژە و بە ترسەوە لە دەرگام دا.

دەرگای کردەوە و گوتی: بۆ وا سپی هەڵگەڕاوی. کتێبەکەی لێ وەرگرتمەوە و گوتی: خوێندتەوە؟

ــ باش نا...

پێی دەڵێم: خۆت دەزانی ئەو وەزیرە هاتووە و ژاندارمێکی زۆری خزاندۆتە شارەوە. باوکیشت بە من دەڵێ جارێ دەست ڕاگرە.

هاژە تۆزێک مات.. بەڵام پیاوێکی زۆر بوێری... زۆر بوێرتر لەوەی لە ڕووداوێکی ئاوا سووک و سانا بترسی.

زۆری لێ دوور نابمەوە، هاوار دەکا. بە دەنگی بڵیند هاوار دەکا: ئاگات لە وێنەکەی کاتووزین بێت.

ویشک بووم. ئەژنۆم شل بوو. نەکا کەسێک گوێی تێوە بێت و بێ بزانێ ئەو وێنەیە چییە لە گیرفانمدایە.

هێندێک گوێم ڕاگرت. کەس دیار نییە. بە ئەسپایی و ورد چوومە خوارێ. لە هۆڵی گەورە چوومە دەرێ. ئەسمەر بانگی کردم: بەو نیوەشەوە بۆ کوێ.

گوێم نەدایە. لە حەسارێ چوومە دەرێ.

جۆرێک ڕاکردن بوو، ڕاکردنی ئاوا بوێرییەکی زۆری دەوێ.

نازانم لە کوێ، لە بەر سۆمای مانگ زانیم تەنیام و سەیری سێبەرەکەی خۆم دەکەم، وا دەست لە گیرفانیدا دەگەڕێ. هیچم بەردەست نایە. ئەی وێنەکە...

دەستم دەبەمە خوارێ. وا دیارە گیرفانم کونە. وێنەکە لە گیرفانم کەوتۆتە خوارێ و لە کوێ خوا دەیزانێ بە هەڵاتن بەرەو دواوە دەگەڕێمەوە.

زۆر توند هەڵدێم هیچ بەورێک لەگەڵم دەرناچێ.

چۆن گەیمە ئێرە نازانم. لە پەنا چۆمەکە بە هەناسەبڕکێ ڕاوەستام. لە هاتنمدا تووشی چۆمەکە نەبووم لەوبەر شۆقی چراقەوەیەک یان لەنتەرێک دیارە. شۆقەکە دەلەرێتەوە و دێتە پێشێ. دەوروبەری پیاوێکی ڕوون کردەوە.

پیاو لەبەر شۆقی لەنتەرەکەی لە شتێک دەگەڕێ، دیارە چاو دەگێڕێ. دەست دەگێڕێ، هەست ڕادەگرێ، خۆم توند لە بن شۆڕەبییەک قایم کرد.

به شۆقی لەنتەرەکە چاو لەو بەر دەکا. یانی لای من. لەنتەرەکە زۆر هەڵناهێنێ، مووسا و لاچاوی دادڕاوی دەناسمەوە. خۆزگە دەمانچەیەکم پێ با. لێرە لە عەرزم دەدا و نەمدەهێشت لەوە زیاتر بێتە پێشێ. نامەردە لە چی دەگەڕێ. دادێتەوە و شتێک هەڵدەگرێتەوە. ڕاست دەبێتەوە و لەبەر شۆقی زێڕینی لەنتەرەکە سەیری دەکا. مانگ لە پشت هەورێکە و وڵات تاریک دەبێ. لە نێو تاریکیدا هیچ نابینم وا دیارە لەنتەرەکە کوژاوەتەوە. دەنگی شڵپەیەک لەنێو ئاو دێ، دەڵێی کەسێک لە ئاو دەدا. ناترسم. ڕاوەدەستم هەر بگاتە ئەوبەر دەیگرم و لە عەرزی دەدەم و چۆک لەسەر سینگی دادەنێم و وێنەکەی لێ دەستێنم.

هەور لەبەر مانگا لادەچێ و مانگەشەو ئەوبەری چۆم هەر بە ئانقەست تۆزێک زیاتر ڕووناک دەکا. کەس دیار نییە. مووسا لەو تاریکییەدا ڕای کردووە. بە غەنیمەتی خۆی گەڕاوەتەوە وێنەی ڕووتی منی سەگباب لەگەڵ کچە چکۆلەی دادار... کەی شتی وا ڕووی داوە. بیر لە ڕسوایی دەکەمەوە. ڕسوایی پەتایەکە کەس ناتوانێ شانی لەبەر ڕاگرێ. گوێ ناداتە بوێری و ئازایەتی و بەزەبربوون. وا باشە تیژ خۆم بگەیەنمەوە کۆشکی داداری پاک و دوور لە هەر تاوان و گوناهێک. لەسەر دیواری کۆشکرا بانگی بەیانی خۆم خستە حەساری و پەنا دارگوێزەکان. سەیری حەسارم کرد. دادار لەسەر حەوزە دوور و درێژەکەی بەرکۆشک خەریکە دەستنوێژ دەگرێ. چرای دیوەکەی مووسا ڕوونە و سێبەرێک لە پەنجەرە باریکەکەیرا دیارە.

خۆیەتی... مووسایە...

بە ماتە ماتە لە هۆڵی باریکی پشت کۆشکەوە دەچمە ژووری. کەس دیار نییە. بە پلیکانە وردەکاندا دەچمە سەرێ. تووشی شەمێ دەبم. ئەو پشیلە وردیلانەی شەوگەڕی دەکا و لە ڕاستی من ڕادەوەستێ، دەڵێ: ئەوشۆ کاتووزین چاوەڕێت بوو... هەتا بەری بەیانی نەخەوت.. گوناهە کچێکی وا منداڵ چاوڕێ کەی.

لە وشەی گوناه ترسام و ڕاوەستام. نەمزانی چی وەڵام دەمەوە.

ئەو بێدەنگی شکاند و گوتی: شوێن مووسا کەوە.

یەکتر جێ دێڵین و من سەر دەکەوم، ئەویش دادەکشێ.

لە کەلێنی دەرگاکەوە سەیری ژوورێم کرد.

مووسا لەسەر چرپایەک دانیشتووە، پێم وایە دەستسازی باوکمە. سەیری شتێک دەکا. پێم وایە هەست دەکا لە پشت دەرگام.

بە دەنگێکی نزم بانگ دەکا: ساتیار وەرە ژوورێ.

دەچمە ژوورێ و ڕاست لە ئەو شتەی دەستی دەپرسم. مووسا لای نابا و نایشارێتەوە، پێم دەڵێ: ڕاز و گومانە...

کتێبەکە.. کتێبێکی قوڕاوی..

دەڵێ: ئێوارێ لەگەڵ دادار هەتا گوێ چۆمی جەغەتوو چووین. هێندێکمان ماسی گرت و هێندێک شیعرم بۆ خوێندەوە، لە هاتنەوەدا لە بیرم چوو..

ــ بۆیە بەو نیوەشەوە..

لێم دەپرسێ: تۆ بۆ لەوێ بووی؟

وەڵامی نادەمەوە. گوێی نادەمێ. هێور دێمە دەرێ.

ئەگەر ئەو وێنەیە دەست ئەو کەوتبا، ئەلان دنیای لێ دەنگ دەدام. ئاوا بێدەنگ دانەدەنیشت. لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ، دەنگی هاژە گێڕامیەوە. ئەوەندە خەواڵوو بووم، هێزم نەبوو گوێ بە قسەکانی بدەم.

کتێبێکی بە دەستەوە... کتێبی شیعرە...

دەڵێ: شیعری 'مەحوی'یە.

دەڵێم: ڕەفیق سابیر نییە.

بە بزەوە دەڵێ: مەحوی'یە... بڕۆ سەیری کە: بە لەشێکی ماندوو و خەواڵوو کتێبەکەم دا بن‌هەنگڵ و لە پلیکانەکان چوومە خوارێ. خۆزگە پێم گوتبا قسەیەک لەگەڵ مووسا بکات.

کات دەی بەیانی دادار لە شوێنی ناردم. پیاوێکی باریکەی یەک چاوەی، دەم پەلە کە لە دووی ناردبووم، هەتا بەردەم دیوێک لە نهۆمی سێ پێشم کەوت، لە بەردەم دیوەکەی دادار جێی هێشتم.

پاڵم بە دەرگاوە نا. دەرگا سووک کراوە.

دادار لای پەنجەرەی دیوەکە لەسەر چرپایەکی پان پاڵی داوەتەوە. مووسا دەستی چەپی لە بنهەنگڵی توند کردووە. دەڵێی شتێکی شاردۆتەوە. ڕووناکی پەنجەرەکە وا لە چاوم دەدا، مووسام باش لێ دیار نییە.

دادار پێم دەڵێ: ئەوە دەمانچە!

دەمانچەیەکی ڕووسی ئەستێرەنیشانم دەداتێ و پێم دەڵێ: بەکر شەیتان دەکوژی...

زۆر سارد پێم گوت: گەورەم دەمبووری من پیاوکوژ نیم... بەڵکو نەججارم و پەیکەرەی باش ساز دەکەم. بۆ وڵات و خەڵکەکەم تێدام..

دادار تووڕە لە جێی خۆی هەستا و گوتی:

ــ بەڵام خەریکە خۆی تەیار دەکا بۆ تۆڵەسەندنەوە.

زۆر ساردتر پێی دەڵێم: من لێرەم... خەمت نەبێ.

دەمانچەکە دەست دەدەمێ و لەبەر پشتێنی دەخەم و دەڵێم: هەرکات ئەو هێرشی کرد، خۆم دەزانم چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم.

مووسا هەتا ئەلان خۆی دەخواردەوە، بە دەنگ هات: ئەو وەکو سیاوەش بە سێ چوار سەرباز و خۆمپارەی کۆن و تانگی شکاوەوە نایە.

دادار قسەی لێ دەستێنێ: بە تەیارە و فڕوکەی تیژفڕ و تانگی سەردەم و هەزاران سەربازی بە پۆتینی توند و قایم.

بە وردی وەڵامی دەدەمەوە: لەو کاتەدا دۆشکایەکی باشم دەنە دەست وەک گەڵای پایز دەیان وەرێنم.

مووسا پێم پێکەنی، بەڵام دادار لەبەر تووڕەیی نەیتوانی پێبکەنێ.

بە هێواشی چوومە دەرێ و قسەکانی ئەوانم لە چەشنی بایەک دانا.

ئەگەر مووسا بەڵگەیەکی پێ با، یان وێنەکەی بە دەستەوە با، دەیهێنایەوە...

لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارێ. تووشی پرووشە دەبم. سڵاو دەکا و زۆر بە نەرمی دەڵێ: کاتوززین داوای لێتە سەیری دیوانی مەحوی کەی.

لە حەسارێ تووشی شەمێ دەبم، پێم دەڵێ:

ــ کاتوزین بێقەرارتە... ماڵوێرانتە.

بە تانە پێی دەڵێم: وەختە ببیە شاعیر.

لە یەک ڕەت دەبین، تووشی هاژە دەبم. پێم دەڵێ: لە زاری تۆ هاژە چەند خۆشە...

کتێبێکی بە دەستەوە.. هەمان دیوانی مەحوی. دەیداتە دەستم و دەڵێ: لە بن دارگوێزەکان لە بیرت چووبوو.

لێی وەرناگرم: خۆت دەزانی من کوردی باش نازانم بخوێنمەوە.

ــ ئەوە بخوێنەوە، باشتر فێر دەبی.

کتێبەکەی لە بن باغەڵم دەخا.

ــ مەگەر نازانی کتێبی کوردی قاچاغە.

لە باغەڵمی توند دەکا و دەڵێ: یانی تۆ لەو سێ چوار ژاندارمە تڕکنە دەترسی، ئەو وەزیرە ڕیوەڵەیە هێناونی؟

دەستی دەکێشێتەوە، دەستی لە دەمانچەکە دەدرێ و خێرا دەستی دەکێشێتەوە، چاوێکم لێ دەکا و بەشەرمەوە سەری دادەخا.

زۆری لێ دوور نابمەوە، تووشی ئەسمەر دەبم. بێئەوەی وەڵامی سڵاوەکەم بداتەوە، دەست بۆ بن باغەڵم دێنێ و کتێبەکەی دەکەوێتە بەردەست. وەبیر وێنەکەی کاتووزین دەکەوم. نەکا ئەوەش تێیدا بێت. خێرا لە دەستی دەستێنمەوە و لێی توورە دەبم.

لەوسەری کۆڵان هەمان کابرا ڕیوەڵەی لێوکەتەی لاڵەپەتەیان لە دوو ناردمەوە بە شڵپەشڵپی کەوشە زلەکانیەوە گەییە سەرم.

ــ دادار کاری چییە بە من؟

بە شوێنیدا گەڕامەوە.

دادار دەستی لەسەر شانم دانا و باسی ئازایەتی و نیشانەی ڕاستی منی کرد.

ــ تۆ لە چاوترووکانێکدا سەد کەس لە عەرزی دەدەی، وا باشە.

مووسا هاتە پێشێ: بۆ ئێوارێ لەشکری مەنسوور نامورادی وەک مار و مێروو دەڕژێنە نێو شار، تۆ لەوسەری شار ڕادەوەستی و ناهێڵی کەس بێتە نێو شار.

دۆشکایەکی تازەیان هێنا. لە بەردەم من لە سەندووقێک دەریانهێنا.

ــ هێشتا گوللەی نەچۆتە سەر.

مووسا هەزاران سندووقە فیشەکی لە بەردەم هەڵڕشتم، خۆشی لە پەنام دانیشت و گوتی: بە حیسابی من لای ئێوارێ دەگەنێ، ئەوەڵ جارە لەگەڵ مووسا پێکەوە دەبین. وا هەست دەکەم مووسا پیاوێکی پڕ فڕوفێڵە و بۆ من شتێکی لە بن سەردایە.

مووسا لە چەشنی سوارێک لە مایدەشتەوە ڕووی کردە بۆکان و لای دادار مایەوە.

ئێوارێ هات و لەشکری سەرهەنگ مەنسووری نامورادی بە خۆی و دەبدەبە و کەبکەبەیەوە نەهاتن.

نیوەشەو خەو دەمباتەوە و مووسا تێم دەکوتێ و دەڵێ: ئەگەر هەتا ئیسفەهان چووبای، ئەلان بێترس خەڵک دەخەوتن.

بۆ دەستبەئاو کەمێک دوور دەبمەوە، لە بن بەردێک دادەنیشم. هەست بە پشیلەکە دەکەم. تۆزێک هەڵدەبەزمەوە. شەمێیە.

ــ لێرە چی دەکەی؟

ــ کاتووزین بێقەرارتە، ماڵوێرانتە، لێرە چی دەکەی. لە پشت سەری شەمێوە پرووشە ڕاست دەبێتەوە.

ــ تۆ بۆ شوێن کاری بێهوودە کەوتووی؟

مووسا بڵێند بانگم دەکا.

بەیان دادێ و کەس نایە. نیوەڕۆ دێ، کەس دیار نییە. دەستێک بە دۆشکاکەدا دێنم، نێوشار تەنیا سێ چوار ژاندارمی خوێڕی و بەرەڵڵای لێیە. ڕۆژ هەتا ئێواریێ مەستی دەکەن و ئارەق دەخۆنەوە.

مووسا دەڵێ: بۆ پێت خراپە ئەوانە دایمە مەستن؟ گوێی نادەمێ.

لەبەر فێنکی ئێواریێ پێم دەڵێ: دیار نین.

دادار تۆزێک لێمان نزیک دەبێتەوە.

ــ نەکا ئەو ئێوارێیە بێن؟

مووسا سەیری دوور دەکا و ئاوای وەڵام دەداتەوە:

ئەوان لە جادەمیاندواوەوە دێن... هەر ئەو جادەیەی سیاوەش پێیدا هەڵات.

دادار لە پەنامان ماوە و شەربەت و نان و پێخۆری بۆ هێناین و لەگەڵ مووسا هەتا بەری بەیانی باسی کمونیست و سۆسیالیزمیان کرد.

بەری بەیانی بێئەوەی خەو لە چاومان بزڕێ، هەروا چاوەڕێ و دەست بە دۆشکاوە، مووسا گوتی: پێم وایە ئەوان ناوێرن بێنە پێشێ، چاوەڕێی شەکەتبوونی تۆن.

دۆشکام نا سەرشان و ماشێنێکیان بۆ هێنام، ماشێنەکەی حاجی حەسەنی ساحەب کاروانسەرایان بۆ هێنام، تەنیا ماشێنی شار... فۆردێکی ئامریکایی تازە...

مووسا باش دەزانێ لێخوڕێ.

لاق لەسەر گاز دادەنێ و ڕێ دەکەوین هەتا میاندواو، بناو، مەڵکەندی... دەگەینە تەورێزیش تووشیان نابین.

تانەیەک لە مووسا دەدەم. ئەویش سەری دادەخا و دەڵێ: وا باشە بگەڕێینەوە...

لە ڕێگای گەڕانەوە لێم پرسی: تۆ لە چی دەگەڕێی؟

تورمیزێکی گرت و جگەرەیەکی ئاگر دا و گوتی:

ــ تکات لێدەکەم، پرسیارم لێ مەکە.. من زۆر لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیار نێوانم نییە.

لاقی لەسەر تورمیز دانا و ڕێ کەوتین.

زۆر دوور نەبوومەوە گوتم: بۆ پێت وایە دادار پیاوێکی مەزنە..

تورمیزێکی لێدا و دایە کەناری جادەکە و گوتی: ئێمە ماوەی کاتژمێرێک زیاترە، نە ماشێنێک نە کەسێک... نە ڕێبوارێکمان تووش دەبێ، تۆ بۆ بیر لەوە ناکەیەوە بۆ کەس لە لای بۆکانەوە نایە بۆ ئێرە...

نەمزانی چی وەڵام دەمەوە. تەنیا پێم گوت: من ئاوام.

دەستم لە دۆشکاکە توند کرد و پێم دەڵێ: پێم وا نییە ئەو چەکە قورسەی تۆ کارێک بکات.. چاو لێکە لە بوولێڵی ئێوارێدا کێ چاوەڕێمانە.. جوان چاو لێکە...

حەیف ئێوارێیە و من باش ئەو تاپۆ دوورانە لێک ناکەمە. هەتا دەگەینە بەر سەرهەنگ مەنسووری نامورادی، دەست بۆ دۆشکا دەبەم. دەنگ هەڵدێنێ: ئاگاتان لە خۆتان بێت. خەتایەکی چکۆلەی ئێوە دەتوانێ کارەسات بەدی بێنێ، مەگەر ئێوە دایک و باب و خێزانی خۆتان خۆش ناوێ.

چاوێکم لە مووسا کرد. کێی لەو شارەیە.. بە کام دڵخۆشی تەسلیم دەبێ؛ نە دایک، نە باوک، نە کەس و ناسیاوێکی لە بۆکان هەیە، بێجگە لە دادار...

حەتمەن بە تەمای کچێکی داداره هەتا مڵک و باغ و دووکانێکی زۆری پێ ببڕێ.

سەرهەنگ مەنسوور، پیاوێکی باڵابەرز و بەخۆوە و چاو و برۆ ڕەشە. زۆر لە سیاوەش دەچێ.

دۆشکاکەم لێ وەردەگرێ و پێم دەڵێ:

: تۆ براکەی منت تێک شکاند و زۆرت هێنا خوارێ. من هاتووم بۆ تۆڵەی براکەم.

لە باغەڵی مووسا کتێبێکی دەرهێنا و پێی گوت: تۆ ئازادی بۆ هەر کوێ دەچی بچۆ.

سەرهەنگ کتێبەکە لە باغەڵی خۆی دەخا...

بە منیش دەڵێ: تۆ بێجگە لە تەسلیمبوون، ڕێگای دیکەت نییە.

تەنیا لەبەر کاتووزین ڕێم داگرت و دەستم بۆ چەک نەبرد...

سەرهەنگ بە جووڵەیەک، یان تەقەیەکی چکۆلەی من فەرمانی کوشتنی گشت خەڵکی شاری دەدا...

لە بەردەرگای هەر ماڵێک سەربازێک بە سندووقێک نارنجەکەوە ڕاوەستاوە، لەسەر هەرکۆڵانێک تیربارێک داندراوە، لەنێو هەر شەقامێکدا چەند تانگ و سەدان خۆمپارە داندراوە.

مووسا بە ترسەوە سەیری سەربازەکان دەکا.

بە تانەوە پێم گوت: ئەلانیش کاتی پرسیار نییە، ئەوانە چۆن هاتنە ژووریٰ؟

ڕووم کردە ماڵی خۆمان. هەر گەیمە ماڵی خۆمان، لەبەر قەدی ناڵەشکێنە، دایکم لە دوورڕا بەخێرهاتنی کردم، بە کوێرەکوێر هات و دەرگای لێ کردمەوە. باوکم لە خۆشی ئەوەی زیندووم لە باوەشی گرتم.

ئەسمەر بە عیشوە و نازەوە ڕووی تێ کردم.

باوکم باسی دۆشکا دەکا. سەرهەنگ هات و دەستی دایە، باوکم گوتی: سەرهەنگ لەبەر دایکت تۆی بەخشی، سەرهەنگ دایکێکی کوێر و کەڕی هەیە. سەرهەنگ کوڕی بەکرشەیتانە.

بەکرشەیتان ساڵەها لەمەوبەر لە بۆکان چووە دەرێ، ئەوکات بۆکان سی ماڵ زیاتر نەبوو، حەوزەگەورەش ئاوا دەوری نەگیرابوو.

بەکر شەیتان لە تەمەنی لاویدا هات و باسی بەشێکی شەیتانیی ڕۆحی خۆی لای دادار درکاند و گوتی: ڕۆژگارێک دادێ، من لەگەڵ کچێکی غەوارە زەماوەند دەکەم و کوڕێکم دەبێ، ناوی دەنێم مەنسوور...

بەکرشەیتانی کورتەباڵا لای دادار درکاندی:

تۆزێک سیخوڕیم دەکرد...

ـــ دەمهەوێ دەست بکێشمەوە

بەکرشەیتان باسی وەزیرێکی لە ئیسفەهان کرد:

هەرچی لێرە و مەهاباد و سەقز لەسەر وشەی وڵات بنووسیٚ، شیعر بڵێ، گۆرانی بڵێ، یان ئاواز دانێ، یان بە جۆرێک بیر بکاتەوە لەمەڕ وڵات و سەربەخۆبوون و کورد و زۆر شتی دیکە، یان کەسێک کتێبی مەحوی یان ڕەفیق سابیر یان شاعیرێکی دیکەی هەبێ، ناویم لە تویێ کاغەزێکی زەردا دەنووسی و دەمنارد بۆ ئیسفەهان بۆ ماڵی وەزیر لە پشت عالیقاپۆوە، تەنانەت ڕۆژێک بۆ دیدەنی چووم بۆ ئیسفەهان بۆ شام داوەتی وەزیر بووم. وەزیر لای خۆیەوە داینام و منیش بۆ جەماعەتی میوانی وەزیر کە هەموو پیاوماقووڵ و دەرباری بوون حەیرانێکی خۆشی کوردی و گەلۆیەک و پایزەیەکم بۆ گوتن. زۆری پێ خۆشدەماخ بوون، بازە وشەیەکی لێ حاڵی دەبوون و پێی هەستیان بە غوربەت دەکرد و مات دەبوون.

وەزیر کچەکەی خۆیم دەداتێ و هەر لەوێ ماڵم دەداتێ. من ساڵی شەش مانگ لە ئیسفەهان دەبم و ساڵی شەش مانگ لە بۆکان.

ئێوارێیەکی جێژنی قوربان بەکرشەیتان (ئەڵبەت خۆی ئەو ناوەی بە خۆی داوە) لەبەر ئەوەی خۆی وا هەست دەکا شەیتان بەشێک لە ڕۆحیەتی.)

دادار لە چوونی بەکرشەیتان بۆ ئیسفەهاندا هاتوچۆی ماڵی بەکرشەیتان دەکا و وردەوردە بە ژنەکەی بەکرشەیتان فێر دەبێ، کاتێک بەکرشەیتان دەزانێ ژنەکەی شاری پڕ کردووە لە ڕسوایی... بەکرشەیتان ناگەڕێتەوە بۆکان. هەر لە ماڵی ئەوەڵەوە دەگەڕێتەوە. هەر کە ئەو جووتیارەی دووڕادووری بۆکان چیرۆکی ڕسوایی ژنەکەی بەکرشەیتانی بە سەر زاردا هێنا، بەکرشەیتان نەگەڕاوە بۆکان. ژنە بۆکانییەکەی بە مارە و تەڵاقەوە بەجێ دێڵێ.

لە ئیسفەهان نەهاتە دەرێ. هەتا سیاوەش و مەنسووری لە فەڕوخلیقای ئیسفەهانی بوو، بە دیار گەورەکردنیانەوە دانیشت.

هەر لە هەوەڵەوە سیاوەش زۆری حەز لە نیزام و ئەرتەش نەبوو. بەڵام دەتگوت، ئەو قوبانەی سەرشانی سەرهەنگەکان ڕاست لەسەر شانی مەنسوور هەڵکەندراوە.

بەیانی زوو سەرهەنگ خۆی گەیاندە کۆڵان و حەساری ئێمە.

هەرچی دایکم فەرمووی کرد، سەرهەنگ نەهاتە ژووریّ، پیّی گوتم: موتمانەت هەبیّ، کەسم لەگەلّ نییە. موتمانەت هەبیّ لە تۆ ناترسم.

پیّی گوتم: لەبەر خاتری دایکت نەمبەخشیوی.

پیّی گوتم: فەرِوخلیقای دایکی من ژنیّکی رِیّکوپیّک و جوان بوو...

لەسەر پلیکانی بەردەم هەیوانەکە دادەنیشین و باوکم چایەک دیّنیّ و دەچیّ دووکانی نەججارِییەکە بکاتەوە.

پیّم دەلّیّ: لەوە بەولاوە لەگەلّ خۆم کار دەکەی.

سەرهەنگ رِای وایە بچمە گەلّ ئەوان. وا دیارە سەرهەنگ و پیاویّکی دیکە بە ناوی موحەمەدرِەزا بە هیوای کۆدتایەکی زۆر گەورەن. ئەو هیّز و تانگ و تۆپەشی هیّناوە لەگەلّ خۆی بۆ سەرکوتی هیّندیّک ئاژاوەچی، لە رِاستیدا رِایان دیّنیّ بۆ کۆدتایەکی خیّرا و کوتوپرِ...

بە من دەلّیّ: تۆ دەتوانی سەرداریّکی زۆر گەورە بی، بەو دەست و مەچەک و نیشانەگرتنەتەوە. لیّرە چیت دەست دەکەویّ؟

چایەکەی نەخوارد. دەستی نەرم و شلی لەسەر شانم دانا و گوتی: لیّرە لەو شارە دوور و چکۆلەیە ناحەسییەوە... وا باشە لە گرتنەوەی ئیسفەهان و تاج و تەختی زیّرِیندا لەگەلّمان بیت. حەتمەن موحەمەدرِەزا پلەیەکی زۆر باشت دەداتیّ. : وا باشە بیّیە گەلّ خۆمان.

لە کاتی چوونە دەرییدا، زانیم لەسەر سەربانی مزگەوتەکەی رِووبەرِوومان سیّ تیرهاویّژی باشی داناوە.

لە مالّی ئیّمە چووە دەریّ. بە سواری جیبیّک خۆی گەیاندە میراوا، کۆلاّنی مەحوی کۆشکی دادار.

پیّی گوت: من کورِی بەکرشەیتانم و هاتووم بە داوایەکی باوکم...

سەرهەنگ لە تالاری سەریّ دەست دەبا و جگەرەیەک هەلّدەکا و پالّ بە چرپایەکی بلّیندەوە دەدا و بە دادار دەلّیّ: من یەکیّک لە کچەکانی تۆم دەویّ.

کاتێ من گەیمە ئەوێ وڵات شێوا و کاتووزین لە دووررِا بۆ لای من هەڵات، شەمێ لە پێش ئەودا گەیشتێ.

پرووشە پێم دەڵێ: ئەگەر مەنسوور ناموراردی بکوژی، خەڵاتی تۆ شەوێک هەتا بەیانی کاتووزینە...

کاتێک دەچمە ژوورێ، سەرهەنگ لە تالاریکی باریک لە بەردەم لۆستێرێک دانیشتووە و سەیری هاژە دەکا. پێی دەڵێ: تۆ سوودابەی و تەنیا ساتیار پێت دەڵێ هاژە...

کە من دەچمە ژوورێ سەرهەنگ لە بەرم هەڵدەستێ. دەست درێژ دەکاتەوە بۆ لێدانەوە من تیژ دەست بۆ دەمانچەکەی بەر پشتێنی دەبەم و لە چاوترووکانێکدا دەمانچەکەی لێ دەستێنم و ناهێڵم پێلووی چاوی لێک بنێتەوە. دەمانچەی حەوت ئەستێرەی ڕووسی لە بن گوێچگەی توند دەکەم. پێدەکەنێ: حەیف بۆشە!

پێی پێدەکەنم. تۆزێک لێی دوور دەبمەوە، لوولەی دەمانچەکە ڕوو لە بنمیچ و لۆستێرەکە دەکەم. قامک لەسەر پەلەپیتکە دادەنێم و دەیتەقێنم. بزە لەسەر لێوی سەرهەنگ لادەبەم و دەیخەمە سەر لێوی خەڵک.

لوستێرەکە دەپسێ و لە جێی خۆی دەبێتەوە و بە سەر سەرهەنگ مەنسوور ناموراردیدا دەکەوێ.

هەموو حازرانی نێو هۆڵەکە قاقا پێی پێدەکەنن، هاژە بە تووڕەیییەوە دەڕواتە دەرێ.

پێم دەڵێ: ئێمە خەریک بوو پێک دەهاتین. مەگەر نازانی هەستی شیعری سەرهەنگ چەندە ناسکە... تۆ بۆ دڵت شکاند..

سێ چوار سەروان و ئەفسەر دێن، سەرهەنگ لە ژێر تەپوتۆز و چلچرا دێننە دەرێ و دەیبەنەوە پایەگاکەی خۆیان و بەشی ستادی فەرماندەیی.

مووسا زۆر تووڕە ڕووبەڕووم دەبێتەوە.

: یانی چی؟ بۆوا دەکەی؟ مەگەر تۆ لە کەللەی داوی؟!

دادار دێت و دەچێ و خۆی دەخواتەوە و هەرچی دەکا ناتوانێ قسەیەک بکات.

هاژە سەر بە فرمێسکان دێت و دەچێ.

پرسیم:

ــ لەبەر چی وا دەکەن... لەبەر چی وا دەڵێن؟

مووسا بە تووڕەیییەوە لە بەردەمم وەستا: پێم گوتی، پرسیار لە من مەکە...

یەخەی هاژەم گرت: لەبەر چی؟

دادار تووڕەتر لە هەمووان ڕووی وەرسووڕاند و زۆر تاڵ گوتی: ئێمە لەگەڵ سەرهەنگ مەنسوور نامورادی پێک هاتبووین لەسەر ئەوەی چەکوچۆڵ و سەربازەکانی ڕادەستی ئێمە بکات، هەتا ئێمە بچین و لەو کۆدتایە سەرکەوین، ئەوکات دەزانی چیمان دەکرد بۆ وڵاتی خۆمان قوتابخانە و زانکۆمان بۆ خۆمان دادەنا ئەوکات نازانی چەندە دەستمان دەڕۆیی؟

مووسا چاوی لێ زیت کردمەوە: بەوە ناڵێن بوێری!

ئەسمەر دەگاتێ و ڕوو لە من دەکا: خۆ شکور هیچت لێ نەهاتووە؟

لە پشت ئەسمەرەوە، کاتووزینی کورتەباڵا دەگاتێ هەروا کورتەباڵا، بەڵام وا دیارە شەش حەوت ساڵ گەورەتر بووە، لەو ساتەی من دیومە...

لە بنگوێم دەڵێ:

گوێیان مەدەیە. دڵت باش بێت.

دوایەش بە ورتە پێم دەڵێ: چەند جارم کەس لە دوو ناردی و نەهاتی!

دادار یەخەم دەگرێ: مووسا پێش دەکەوێ و دەڵێ: دەبێ لە بۆکان بڕۆیە دەرێ، نابێ دوژمنایەتی لەگەڵ سەرهەنگ بکەین...

دادار فەرمانم پێ دەدا لەگەڵ کاتووزین هەتا تاران بچم و لەوێ ئاگاداری کاتووزین بم. لەنێو ئەو هەموو عەجەمە پیاونەناسانە ون نەبێت.

کاتووزین سەیر جوان بووە. جوانیی ئاوا لەبار، حەیف توزێک کورتەباڵایە و تۆزێک ڕەنگی گەنمی لێ جوانە. دەسماڵی شینی بە سەردا داوە و حەیف لە من پاییزە. حەیف بەهار دێت و ...

مـن لە پـێش و کـاتووزینی وردیـلانە بە دوامـدا. پرووشـە و شـەمێ و هێنـدێک چەمەدان. کاتووزین بە بزەیەکی شیرین بە منی گوت: تۆ شـاربەدەری منـی. لە دەوری مەیـدانی ئـازادی تاران سواری پژۆیەکی تازە و تازەباو دەبین و هەتـا شـەمیرانات بە نێو ماشـێن و ترافیـک و ئەو خانووانەی وا دەیان بینی، تەنیا لەبەر چاوی من سەیروسەمەرە و بڵیندن.

نهۆمی سێیەمی ئاپارتمانێکی هەشت نهۆمی.

دیوێک... تەنیا دیوێک... دیوێکی تۆزێک گەورە. کاتووزین بە منی گوت:

ــ لای پەنجەرە بۆ پیاوی شاربەدەر فێنکە.

بەیانی زوو دوور لە یەک لە خەو هەڵدەستین و نان و پەنیرێک دەخۆین و دەردەکەوین بـۆ شـوێنی زانکـۆ. لە مەیـدانی فیردەوسـی دادەبەزیـن و بـۆ چرکەسـاتێک بیـر لە سـەرهەنگ مەنسوور نامورادی دەکەمەوە.

باسـی سیاوەشـی بـرا چکۆلەی سـەرهەنگی بـۆ دەکەم. پـێم دەڵـێ: سـەرهەنگ بـرای وای نەبووە...

ــ بەڵام هاژە هاتوچۆی لەگەڵی بوو.

ـ هاژە کێیە؟ نەکا سوودابە بڵێی! بەڵام ئەو خەڵاتی سەرهەنگ مەنسوورە.

پـێش ئەوەی ڕوو لە زانکـۆ کەیـن، سـەرێکمان لە کۆشـکی سـەعداباد دا. دەوروبەری گەڕاین. زۆر گەڕاین هەتا گەرمای نیوەڕۆ ماندوو و شەکەت لامان دا کافەیەک.

ــ بەڵام سەرهەنگ سیاوەش لەو دەوروبەرە سەلمانی هەیە...

ــ لەبەر چی؟

ــ لەبەر ئەوەی من لەشکرەکەیم تێک شکاند.

ــ کەی؟ لە کـوێ؟ کـام لەشـکر؟ کەی لەشـکرێکی ئـاوا گەورە ڕووی لە بۆکـان کـردووە؟ مەگەر دادار خەوتبوو!

بە من دەڵێ: تۆ شۆخی دەکەی... کوانێ ئەو سیاوەشەی باسی دەکەی...

پێم دەڵێ: گوێی مەدەیە.. برۆ با بڕۆین. لاوی و خەیاڵاتی پووچ هاوڕێی هەموو کەسێکە. وەرە با بڕۆین.. هێندێک قەدری خۆمان بگرین... پرووشە و شەمێ بێقەرار چاوەڕێمانن.

دەست لەسەر شانم دادەنێ: دەبێ سبەی زوو لە خەو هەستین هەتا فریا کەوم لە زانکۆی فرووغی فەرۆخزاد، خۆم ناونووسی بکەم. لەو لای شەقامی فەرۆخلەقا تێکەڵ گوناهێکی خەستوخۆڵ لەچکەکەی لە چەشنی کچە باڵابەرزەکانی تاران لەسەر فڕێ دەدا و تێکەڵ دووکەڵ و ماشێن و شەقامەکانی دەبین. لە کافەیەک نزیک خاوەران ویسکیمان خوارد و مەست بە ماشێنی ئاژانسێک ڕوو دەکەینەوە ماڵێ. نهۆمی سێ. خوایە چەند سەیرە، هەستی مەستی لەگەڵ سنووریکی دەست لێ نەدراو!

کاتووزین باسی سنووری کرد. سنووری کوردستان... دێهاتە دوورەکانی بانە... قەلەڕەشە... ماڵێکی کپ و کڕ و نەوی...

ــ من لەو ماڵەدا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خەونم بە تۆوە دی.

پێش ئەوەی دەست بۆ دوگمەی کراسەکەم بەرێ، یان من دەست بەرم بۆ پیاڵە و کەوچک و چای و لەتێک نانی ویشک، باسی سەرهەنگ مەنسوور نامورادیم کرد.

ــ ئەلان زاوای دادارە...

ــ ئەوان دەیانهەوێ بە تانگ و تۆپ و زۆر شتی دیکە....

ــ لە چەشنی فڕۆکە و هەلیکۆپتێر و زۆر شتی دیکەی دا بە دادار.

ــ لە بەرچی ؟

ــ لەبەر ئەوەی من و تۆ جۆرێک تووشی گوناهێکی قورس بین. گوناهێک هیچ ئاوێک نەتوانێ بیشواتەوە.

شەمێ هەتا ئەلان دوور لە ئێمە ڕاوەستاوە، هاتە پێشێ. ڕای وایە زۆر خۆ لە کارمان وەرنەدات، بەڵام وای پێ باشە ڕابردوو لە بیر کەین. پرووشە جوانتر دەڵێ: پێمان خۆشە سەیری ڕووداوی گوناە بکەین.

ـــ بەو شـەرتەی بەکرشـەیتانم نیشـان دەن. شـەمیٚ باسـی سـبەینێی کـرد... لە زانکـۆی فەڕوخزاد تووشی دەبین.

شەمیٚ بە دەم گۆرانییەکی فۆلکلۆرییەوە کوردی هانمان دەدا دەست بۆ بەرۆکی یەکتر بەرین. ئای شاربەدەری، چی بەسەر موسافیرەکانی خۆت دێنی!

خۆمان ساز دا بۆ دیتنی کۆشکی سەعداباد. بۆ دیتنی پیاوێک وا لەسەر کتێبێکی کوردی توێژینەوە دەکا.

کاتووزین گوتی: مامۆستای وانەی کۆمەڵناسییە.

لە بەردەرکی حەسـار دەسـتەیەک خەریکـی سـازکردنی فیلمـێکن. خەریکـن کەسـێک لە سـێدارە دەدەن. دووربـین و سـیٚ چـوار کەس لە بەردەرگـای چـوونە ژوورێـی کۆشـک ڕاوەستاون.

شەمیٚ و پرووشەمان لەگەڵ خۆمان هێنا. هەروا سەیری کەسەکان دەکەین. شەمیٚ دەڵیٚ: ئەو پیاوەی خەریکە هەڵی واسن سیاوەشە... خۆیەتی... ڕاست وایە...

پەتیان لە مل کردووە، سیٚ چوار پیاوی نیزامییش خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکێکن.

لە لای ڕاسـتی کامێراکەوە کوڕێکی لاو ڕاوەسـتاوە و چاو بە وڵاتدا دەگێڕیٚ. چاوی بە مـن دەکەویٚ و دیٚ بـۆ لام. بەر لەوەی قسـەیەک بکـات، دەڵـێم: ئەو پیـاوە نـاوی سیاوەشـە... سەرهەنگێکی تێکشکاو... کیٚ لە داری داوە؟

کوڕەلاو بە نەرمی پێم دەڵیٚ: نـازانم سـیاوەش کێیە، بەڵام لە ڕووداوی چیرۆکـی ئێمەدا... ئەوە پیاوێکی نیزامییە و لێرە خۆی هەڵواسیوە.

پرووشە لێم نزیک دەبێتەوە...

ـ خۆیەتی، سیاوەشە.

شەمیٚ لێی نزیک دەبێتەوە.

کوڕە لاوەکە دەست هەڵدێنیٚ و دەڵیٚ:

ـ ماوەیەک پشوو...

ئەو پیاوەی وا بڕیارە خۆی هەڵواسێ، دێتە خوارێ و دەستێک بە پشتی پشیلەکەدا دێنێ و ڕوو لە کاتووزین دەکا و دەڵێ: تۆش لە زانکۆی فرووغ وانە دەخوێنی. دوێنێ لە کاتی نووسین دیومی.

کاتووزین: من کۆمەڵناسی دەخوێنم.

کاتووزین بە حاڵەحاڵ دەگاتە سەرشانم! کوڕە ناوی مووسایە، مووسا داوەری. کوڕێکی باریکەلەی ڕۆحسووکی سنەیی. لەگەڵ کاتووزین دەست لێ دەداتەوە و سڵاوێکی گەرم لە من دەکا.

کاتووزین پێی دەڵێ: مێردی خوشکمە. لێرە شاربەدەرە.

لێم دەپرسێ: لەبەر چی؟

دەمهەوێ دەمانچەکەمی بۆ دەربێنم و بڵێم... کاتووزین پێشم کەوت:

ـ لەبەر حەیران... حەیرانەکەی تۆزێک خراپ باسی ڕەزاشای کردووە...

مووسا لێم دەپرسێ: کام حەیران؟ من باشیان دەناسم. لەسەر کۆمەڵناسی لەسەر حەیرانی کوردی توێژینەوە دەکەم.

دیسان کاتووزین فریام دەکەوێ.

ـ خۆی حەیران دەسازێنێ.

ـ مەگەر دەستی چیرۆکنووسینی هەیە؟

کاتووزین ئەوجارەش بە هانامەوە دێ..

ـ نا، چیرۆک نانووسێ، بەڵکو حەیران دادەنێ.

لەو کاتەدا، لەو قسەیدا پێم خۆشە لە شەمێ بپرسم: ئەرێ بۆ وا خێرا هەڵی دا و هاتە سەرێ؟ سێ مانگ لەمەوبەر تەنیا چواردە ساڵی بوو، چەتیوە...

کوڕە پێم دەڵێ: ئێمە ناهێڵین لێرە غەریبی بکەی...

لە دڵی خۆمدا دەڵێم: ئەگەر بە دەوری کاتووزیندا نەیەی...

دەست بۆ سەگە وردیلانەکەی کاتووزین دەبا و بە من دەڵێ: خەمت نەبێ.

کوڕە لاوە بە فارسییەکی زۆر خراپ وەڵامم دەداوە، هات بۆ لامان و گوتی:

وا باشە ئێوەش لەو بەشەدا بەشداری بکەن.

ڕووبەڕووی مووسا قادری وا سەیر لە سیاوەش دەچێ، پاڵمان بە دیواری کۆشکی سەعدابادەوە دا.

دوو سێ جار پێم گوت: زۆر لە سەرهەنگ سیاوەش دەچی.

لە وەڵاممدا تەنیا پێکەنی.

من دەبوو گریابام و کاتووزینیش دابێتەوە فرمێسکی چاوم بسڕێ و شەمێ لای ڕاستمان هەڵتووتەکابێت و پرووشە لای چەپمان لەسەر کلکی سووری ڕاکشابێت.

– بۆ پیاوێکی بوێری وەکو من حەیفە گریان....

کوڕە لاوە ناوی ئەبوموسلیمە، فیلمەکە ئەو سازی دەکات، هات و جێگای گۆڕین. کاتووزین بگری و من فرمێسکەکانی بۆ بسڕم. شەمێ لەسەر شانی من و ئەو سەگە وردیلانەیەش لەسەر شانی کاتووزین.

دوو پیاوی نیزامی هاتن و پەڕەکانیان بە دەستەوە گرت و گوتیان: ئەو پیاوە لە چەشنی سیخوڕێک... لێرە ئاور تێبەر دەدەین...

هێندێک سەرباز هاتن و دار و چیلکەیەکی زۆریان هەڵڕشت و چۆڕێک نەوتیان پێدا کرد و ئەبوموسلیمی لاو هات و شەمچەی پێوە نا، هەتا گڕی نەگرت و هەستم بە هاڵاوی گەرما نەکرد، نەمزانی ڕاستە. نەمزانی بەڕاستی مووسا داوەری دەسووتێنن. بەڕاستی ئاگر بە جەستەیدا ڕۆیشتە سەرێ. ویستم هەڵێم بۆ لای، پرووشە دەمگێڕێتەوە: نەکەی! لە ئاگر نزیک نەبیەوە! هەموو ئەو فرمێسکانەی کاتووزین بێنزینە و هەموو گیانی گرتووی.

شەمێ هەرای کردم: نەهێڵی دڵۆپێک فرمێسکی بکەوێتە عەرزی! هەر هەمووومان دەسووتێین.

چاوم گێڕا بۆ ڕووناکیدەر و فیلمهەڵگر و ئەبوموسلیمی لاو، کەسی لێ نەماوە.

لە کۆشکی سەعدابادەوە پیاوی بریندار و سەروچاو خوێناوی دێنە دەرێ.

کاتووزین دەپرسێ: چییان لێ هات؟

هاواری مووسا دەکا...

دەنگی ماشێنێک دێت وا لە پشت سەری مووسای بە دەم ئاگرەوە دێ. ماشێنە تیژ دێت و بە ستاپێکی زۆر باش لە جۆری دیسکی یان EBS. لەبەردەم ئێمە ڕایگرت و هەر چوارمان زۆر تیژ خۆمان تێ هاویشت.

وڵات یەکسەر بوو بە ئاگر. شۆفیر لاقی لەسەر گاز دانا و بەنێو ئاگردا ڕای کرد. پیاوێکی گەڕاوەی دەموچاو باریک. کاتووزین دەیناسێتەوە. پرووشە هاوار دەکا:

ـ خۆیەتی، مامۆستا بەکر!

بەنێو ئاگردا دەمان پەڕێنێتەوە بەری شەمیرانات و نهۆمی سێی ماڵێکی هەشت نهۆمی.

بەکرشەیتان چایەکمان لەگەڵ دەخواتەوە و دەڵێ: مەترسن. شۆڕش و هەستان ئەوانەی زۆر تێدایە. مەگەر نازانن ڕەزاشا زوڵمی زۆرە.

بەکرشەیتان لە زانکۆی فرووغی فەڕوخزاد وانەی کۆمەڵناسی دەڵێتەوە. لەسەر کتێبی خۆرنامە وا نووسەرەکەی ئەو مووسا چاو داقڵیشاوەیە کەوا چەپ و ڕاستی دادار بەرنادات، بەکر نامورادی پێ دەڵێن و لەنێو مامۆستاکانی دیکەدا ڕێزی زۆرە. هەتا ئێستا سێ چوار کێتبی بە فارسی لەسەر کۆمەڵناسیی میللەتی کورد نووسیوە.

بەکر لەگەڵ مەشەدی ڕەزای پەیکەرتاش، کە خزمی وەزیری خەزووریەتی، پەیکەرە دروست دەکا، بەکر پەیکەرەی پیاوێکی کورد دروست دەکا. خەڵک زۆریان پێ جوان دەبێ. بە مەشەدی ڕەزا دەڵێن: لەو پەیکەرەمان دەوێ... لە ماڵێ لەسەر تاقەی دادەنێین، یان لە پەنا فوارەی حەوزە درێژەکان.

بەکر هاتوچۆی زانکۆ دەکا. پەیکەرە بۆ خەڵک دروست دەکا. داوێنی مەشەدی ڕەزا پڕ دەکا لە دراو. مامۆستایەکی هەندەرانییان دەبێ. ڕۆژێک مامۆستا پێی دەڵێ: پێم خۆشە سەردانێکی کوردستان بکەم.

بەکر ئەو زەمانە تازە فەڕەنسە فێر دەبوو، بۆیە مامۆستا مارسێل باسی کۆمەڵە هەژارەکان بۆ بەکر دەکا و بۆی لێک دەداتەوە. ژێردەستبوونی سەرمایەدارەکان زۆر ناخۆشە...

بەکرشەیتان بۆ یەکەم جار لە ژینیدا هەست دەکا باسی کۆمۆنیستی بۆ دەکەن، باسی ڕزگاربوون لە هەژاری.

مامۆستا مارسێل پێی دەڵێ: تا کەی دەتانهەوێ هەژار بن؟ بۆ ناتانهەوێ هەنگاوێک زیاتر بەرەو جیهانێکی ئەوڕۆیی هەڵێننەوە؟

بەکر زۆر بە باشی لە قسەکانی مامۆستا مارسێل حاڵی دەبوو.

مامۆستا مارسێل بە فەڕەنسەیەکی تێکەڵ بە فارسی قسەی بۆ دەکا. ئەو جێگایانەی بەکر حاڵی نابێ، مامۆستا مارسێل بە فارسییەکی دەست و پێ شکاو بۆی شی دەکاتەوە.

بەکرشەیتان کاتێک مامۆستا مارسێل دێنێ بۆ بۆکان، دەیباتە کۆشکی دادار. مامۆستا زۆری پێ سەیر دەبن. لە شارێکی ئاوا چکۆلەی دوور، لۆستێری فەڕەنسی، ئەویش باشترین لۆستێری وڵاتەکەی خۆی و مۆبلی دەسکاری باشترین وەستاکانی ئیتالیای لێیە.

کاتێک لەنێو کتێبخانەی داداردا، چاوی بە کتێبە فەلسەفی و کۆمەڵناسییە باشەکان کەوت، زیاتر گەش بۆوە.

دادار گرامە کۆنەکەی خۆی هێنا و مۆسیقی بێتهۆڤن و چایکۆڤسکی سەرخست.

مامۆستا مارسێل چاوی بە مووسا کەوت، مووسا بێجگە لە فەڕەنسی و ئینگلیزی، ئاڵمانی و ئیسپانیاییشی دەزانی، فیلمەکانی بۆ نۆئێلی دیتووە و سەردانی مووزەی لۆڤری فەڕەنسای کردووە، لەگەڵ نووسەرە فەڕەنسییەکانی سەردەم ئاشنایە و دۆستە.

مامۆستا مارسێل لە گەڕانەوەدا لە بۆکان هەتا تاران بێ دەنگ دەبێ، کاتێک زانی مووسا خۆرنامەی بە دەستەوەیە.

بەکر شەیتان لە تاران بێ‌مەودا بەشێک لە خۆرنامە بە زمانی فەڕەنسی بۆ مارسێل دەخوێنێتەوە.

بەکر شەیتان ـ ئەو ناوە لە زاری دادار و مووساوە فێر بووین.

هاوچۆییم زۆر پێ خۆش نییە. بە کاتووزینیش دەڵێم: زۆری گوێ مەدەیە. ئەوە پیاوێکی لە خودا بەدوورە. وا باشە ئێمەش لێی دوور کەوینەوە.

کاتووزین ڕای منی پێ باشە، نەکا ببێتە دڕکێک لە مابەینی من و کاتووزیندا.

ڕۆژی جێژنی قوربان لە بەر شەقامی ناسرخوسرەو تووشم دەبێ. پێم دڵێ: شاربەدەربوونی تۆ تەنیا شەش مانگ بوو... ئێستا دوو ساڵە هەر لێرەی...

وام بیر کردەوە: دەتهەوێ دوور بم لە کاتووزین یان دوور ببمەوە...

توند یەخەییم گرت و پێم گوت: زۆرگوتن باش نییە... سنووری خۆشت مەپەڕێنە... وا مەزانە زۆر شت دەزانی.

قسەکەم لێ دەبڕێ و پێم دەڵێ: من تۆم بە پیاوێکی دلێر و بوێر زانی، بۆیە ویستم پێت بڵێم هەتا بۆکان لەگەڵم وەرەوە.

یەخەییم توند گرت و گوتم: پێت وایە نازانم باوکی مەنسوور و سیاوەشی ناموڕادیت!

لە دیوارم توند کرد و پێم گوت: بۆ لە ئیسفەهان هەڵاتی؟ بۆ مەنسوور و سیاوەشت لە سەردەمی منداڵیدا بەجێ هێشت؟ مەگەر زاوای وەزیرێک بیت، کەمە!

شەمێ و پرووشە وا لە دەستی هاتوچۆی بێئەمانی بەکرشەیتان ماندوو ببوون، هەناسەیەکی سووکیان هەڵکێشا و گوتیان: دەستت خۆش بێت...

شەمێ گوتی: بەکر وەک زەردەقۆرە وایە، هەردەمەی بە ڕەنگێک خۆی دەگۆڕێ و دەزانێ چۆن لەنێو کۆمەڵگا و خەڵکدا خۆی بشارێتەوە.

باسی ئەوەی کرد، مامۆستا مارسێلی بردووە بۆ موناره جونبانی ئیسفەهان و لەوێڕا لە حەساری ماڵی وەزیر (سوڵتانپاشا) مەنسوور و سیاوەشی نیشان داوە، وا خەریکە هەڵدەدەن و فەڕوخلەقای نیشان داوە وا خەریکە پیر دەبێ.

بەکر، مامۆستا مارسێل دەباتە نێو ئاوارە بارزانییەکانی وا لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی ئاوارەی ئیسفەهان بوون.

ئەوە پرووشە گێڕایەوە.

کاتووزین ئەو کوڕە لاوە سنەییەی هەر نەدیتەوە. هەرچی پرسی، کەس نەیدەناسی.

بەیانییەکەی جێژنی قوربان بوو. شەمێ و پرووشە پێکەوە دەستبازییان دەکرد. کاتووزین سەری لەسەر کتێبی کۆمەڵناسی لابرد و گوتی: بۆ حەسانەوەش بێت، حەیرانێکم بۆ بڵێ.

تۆزێکم بیر کردەوە و بە دەنگێکی پڕ لە غوربەت باس و بەسەرهاتی شۆڕەلاوێکم بۆ گێڕاوە بە ناوی برایمۆکیی قادری.

برایمۆکیی قادری گۆرانیبێژێکی بەزم و زەماوەندە، هەر لە بەزم و زەماوەند ئەویندارى خاتووزین کچی قەرەتاژدینی ئاغا و بەگلەری دێیەکی دووری گەورکایەتی دەبێ. برایمۆکیی قادری لە بۆکان دۆستێکی زۆر بەڕێزی دەبێ و جارجار دەچێ بۆ لای...

دەستم لەسەر شانی کاتووزین دانا و گوتم: حەیف برایمۆکی نەگەیشتێ ماڵە دۆستەکەی خۆی، وەستاوەیسی نەججاڕ... حەیف نەگەیشتێ هەواڵی شووکردنی کچی قەرەتاژدین دەگاتە گوێی. برایمۆکیی قادری دێتە ماڵی ئێمە و شەو هەتا بەیانی حەیرانی دەشتی موکریانی بۆ گوتین.

ـ برایمۆکیی قادری چی لێ هات؟

دەنگی زەنگی دەرگای دەرێ هات. کاتووزین هەستا و بیستۆکی ئایفۆنەکەی هەڵگرت..

ـ بەڵێ کێیە؟

دەستی لەسەر دوگمەیەک دانا وبە وەڕەزییەوە گوتی، مامۆستا بەکر نامورادی.

ـ ئەوجارە هاتە ئێرە دەرگای لێ مەکەوە.

کاتووزین وەڕەز: گوێی مەدەیە... پیاوێکی پیری تەنیایە و بۆ بێتاقەتی دێتە ئێرە. لەو تارانە گەورەیەدا ئێمە هاوزمانی ئەوین.

دەنگی دەرگای هاڵەکە هات. بە وەڕەزییەوە هەستام و چووم بۆ کردنەوەی.

بە بۆڵەوە گوتم: فەرموو مامۆستا.

ناوەکەیم نەهێنا. هەستم کرد ئەو نییە... کەسێکی دیکەیە. پیاوێکی گەڕاوەی چوارشانەی باڵابەرزی ئاغابانوو لەسەری چاویلکە لە چاو

ـ برایمۆکی

یەکتر لە باوەش دەگرین.

ـ برایمۆکی تۆ زۆر نەگۆڕاوی!

فەرمووی سەرێی دەکەم. بە کاتووزینی دەناسێنم. هەروا ڕێکوپێک و جوانچاک. بۆنی عەتری ڕۆژەڕێیەک دەڕوا. کڵاشی هەورامی لە پێدا و لە تارانیش سۆرانییەکانی جوان بەستووە.

کاتووزین چای گەرمی بۆ دادەنێ.

دەڵێ: ماڵەکەم چوار کۆڵان سەرووترە، کۆڵانی شەهید حوسێن لاوانی.

دەڵێ: سێ چوار جار دیتوومی... دەم گوت بڵێی هەو بێت... یان هەو نەبێت...

کاتووزین لە خۆشیی جلەکانی برایمۆکی قادری خێرا هەڵات و جلی سنەیی لەبەر کرد. کراسێکی قەسریی حەریری لەبەردا، هاتەوە لامان.

باسی ئەوە دەکا لە سنە ژنم هێناوە و کوڕێک و دوو کچم هەیە و هەروا لە شایی و هەڵپەڕکێدا گۆرانی دەڵێم...

ئای بە هەرمێ بە سەر زاریدا دێ و دەڵێ: دوای ئەوەی داداری گەورە، خاتووزینی هێنا، ئیتر من بە ناکامی لە بۆکان هاتمە دەرێ و هەتا ئێستاش نەگەڕاومەتەوە.

هەر ناوی دادار دێت، کاتووزین هەڵدەبەزێتەوە، چاوێکی لێ دەترووکێنم. ئاماژەی بۆ دەکەم بێدەنگ بێت، بەڵام کاتووزین دەڵێ: ژنەکەی دادار ناوی سوێسنە.

برایمۆکی قادری بە داخەوە وەڵام دەداتەوە: دادار ناوەکەی گۆڕی.

گوتم: هێندێکمان گۆرانی بۆ بڵێ.

بە ئاخێکی قووڵترەوە گوتی: مووسای کوڕم لێرە لە زانکۆیەک بوو. ماوەیەکە دیار نییە، هاوڵەکانی پێیان گوتم: لەبەردەم کۆشکی سەعداباد هێندێک ساواک گرتوویانە...

ـ ماوەیەکی زۆرە لێی دەگەڕێم.

کات یازدەی شەو هەستا و چاوی لە کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: دەبێ بڕۆم... ئیشەڵڵا بەیانی وەرن بۆ ماڵەکەی من... دەمهەوێ جوانەگایەکی گەورە بکەمە قوربانی، بۆ دیتنەوەی مووسا قادری، تاقە کوڕەکەی برایمۆکی قادری.

هەتا بەردەرگای دەریَ لە گەڵی هاتین.

کاتووزین دانی بەوەدا نەهێنا، کورەکەی لە زانکۆی ئەوان بووە یان ئەو ڕۆژە لەبەردەرکی کۆشکی سەعداباد دیتوومانە، بەڵام لە ماڵئاوایی و گەڕانەوە بۆ ژووریدا، بەوە پێکەنی ئەو پیاوە جوانچاکە ئەویندارى دایکی بووە… قاقایەکی کێشا بەوەی دایکی ناوی خاتووزین بووە.

بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوتین، تووشی شەمێ و پرووشە بووین.

کاتووزین لێی پرسین: ئێوە لە کوێ بوون؟ مەگەر نەتان زانی میوانمان هەیە؟

منیش بە سەریاندا دەگوڕێنم:

ـ بەو نیوەشەوە بۆ کوێ دەچن؟

شەمێ هەمیشە فێڵەبازترە، باسی مامۆستا بەکر دەکا لە ژووریَ چاوەڕێمانە.

ئێمە ئاوا بە سەر بەکرشەیتاندا چووین، کتێب و دەمانچەیەکی بە دەستەوە. پێمان دەڵێ: مەترسن گوللەی تێدا نییە.

کاتووزین پێی دەڵێ: بەو نیوەشەوە!

بەکر چاوێک لە کاتژمێرەکەی دەکا و بە بزەوە دەڵێ: ئێستا ماویەتی بۆ دوازدە.

ـ بەڵام بەیانی جێژنی قوربانە، دەبێ زوو لە خەو هەستین.

دەمانچەکە دەدا بە من و دەڵێ: لە کۆڵان دیتمەوە.

کتێبەکەش دەدا بە کاتووزین و دەڵێ: خۆرنامەیە، بیخوێنەوە.

کاتووزین لێی وەردەگرێ و دەڵێ: خۆرنامە کتێبێکی ئاینیی کۆنی کوردە… لە بنەماڵەی ئێمەدا زۆری ڕێز هەیە.

چاوێکمان لێ دەکا و دەزانێ فەرمووی ناکەین و ساردوسڕ لە بەردەمی ڕاوەستاوین، بۆخۆی وردە وردە دەڕواتە دەریَ و دەڵێ: وا باشە بەو شەوی جێژنە وەڕەزتان نەکەم… ڕەنگە ئێوە بۆ شەوی جێژنی قوربان بۆنەیەکی تایبەتیتان هەبێ…

لەبەردەرگای دەریَ ئاوڕێک دەداتەوە، دەزانێ گوێمان نەداوەتێ، دەستێک لەنێو تاریکیدا هەڵدێنێ و بە کۆڵاندا دەڕواتە خواریَ.

## ٢

لەوبەری چۆمەکەوە بانگی کردم: مووسا، تۆ رۆژێک من دەکووژی!

لەگەڵ هێندێک لاو خەریکی تۆپێنە. سەرەتا نەمزانی کێیە. پەڕیمەوە ئەوبەری چۆمێکی بەهاری سەر بەسێڵاو.

لە یەک دوو هاواڵی وا سەیری تۆپێنیان دەکرد، پرسیارم کرد: ناوی ساتیارە... تۆپێن زۆر باش دەزانێ. وا دیارە خەریکە گۆڵ دەکا. گۆڵی کرد و تێکڕا هاواڵەکانی لە باوەشیان کرد. دەستی بۆ من هەڵێنا.

کاتێک تۆپێن تەواو دەبێ، دێ بۆلام و لەگەڵم لێدەداتەوە، پێم دەڵێ: تۆ پیاوێکی خوێندەواری، مامۆستای قوتابخانەی، وا باشە ئاگات لە خۆت بێت.

هەروا لە سەردەمی لاوییەوە منی دەنگ دا. زۆر ئازا و دلێر پێی گوتم: لەوە بەولاوە دوام مەکەوە، بکشێوە....

پێی گوتم: لە چاوترووکانێکدا خوێنت دەڕێژم.

هاواڵەکانی پێیان گوتم: کوڕی وەستا وەیسە...

گوتیان باوکی لە ئیسفەهان لە زیندانەکانی ڕەزاشادایە. خۆی بە تەنیا نەجاڕییەکە هەڵدەسووڕێنێ.

هەر ئێوارێ گەیمە سەر دووکانەکەی. بەتەنیا لە گۆشەیەک خەریکی ڕەندە لێدانی دارێکی گوێزە. پێم دەڵێ: دارەکان باش دەناسی.

باسی ماوەیەک ژیانمی بۆ دەکەم کە باغەوان بووم و باغەوانی باغەکانی داداری بێهاوتا.

پێم گوت: دەتوانم باوکت لە بەندیخانە بێنمە دەرێ… دەزانم باوکت لەسەر دروستکردنی پەیکەرەی داری قارەمانێکی کورد لە بەندیخانەدایە… بۆ پێت وایە ئەو قارەمانە مابایە لەو ڕۆژگارە چی دەکرد. لە چەشنی باوکی تۆ دەچووە بەندیخانە و دەڕزێ.

پێم گوت: حەیفە وەستای ئاوا لێزان لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە.

بڕیارمان دا. من یاریدەی بدەم باوکی لە بەندیخانە بێنێتە دەرێ و ئەویش دەست لەو قسەیە هەڵگرێ. پێم گوت: پەنجەرەیەکی چکۆلە لەو جۆرەی بۆ دیوەکەی کاتووزینت دروست کردووە… بۆ دیوەکەی منیش دروست بکە…

وەڵامێکی باشی داوە: دەستکاری باوکمە…

گوناهی یەکەمی ساتیار ئەوەیە لە ئیسفەهان تووشی سوودابە دەبێ.

لە پەنا شەربەتفرۆشێک لە قرچەقرچی گەرمای نیوەڕۆدا پێچوکڵاوی لە سەردایە و فارسی باش نازانێ. کاتێک سوودابە پێی دەڵێ: چاوەکانت..

چاوەکانی زۆر ڕەش و جوانن و برۆی تێکەڵ بۆتەوە. باش لێی حاڵی نابێ. بۆیە سوودابە دووپاتی دەکاتەوە.

ئەوجارە ساتیار حاڵی دەبێ و دەزانێ کوردە.

دەڵێ: چاوی من…

پێدەکەنێ و بەو پێکەنینەوە لە سوودابە نزیک دەبێتەوە. بە دوای دەکەوێ بۆ سیوسێ پۆل و عالیقاپوو. هەتا دەچنە مونارەجونبان و بە منارەکەیدا سەردەکەون.

لەوێ سەیری وڵاتیان دەکرد. سوودابە شیعری بۆ دەڵێ. ساتیاریش دەستی لەسەر شانی داناوە.

ساتیار باوکی بە یەکجاری لە بیر دەچێتەوە.

سوودابە ئاماژە بەو بەری منارەکەی دیکە دەکا…

ـ وایە، دەلەرێتەوە

سوودابە ئاماژە بە پیاوەکە دەکا: تەنیا دەستی ناوەتە بەرچەنەی و چاو لە جێیەک دەکا و جووڵە ناکات.

ـ کێیە؟

ـ سەرهەنگێکی کوردە... لە لەشکری ڕەزاشادا.

لەو کاتەدا باوکی بیر دێتەوە.

ـ ئەری، دەتوانێ ڕزگاری کات.

ـ حەتمەن دەتوانێ، زۆر دەستی دەڕوا.

سوودابە پێی دەڵێ: سەرهەنگ سیاوەش نامورادی زۆری ئاگا لە کوردە.

شەوێ میوانی سوودابە دەبێ. شانسی ساتیار ئەو شەوە ڕێیەکی تۆزێک خوار ڕێی بۆ دەکاتەوە. هاواڵە زانکۆییەکانی سوودابە بۆ پشوودان چووبوونەوە شارەکانی خۆیان. سوودابە زۆری میوانداری لێ دەکا. شیعری مەحوی بۆ دەخوێنێتەوە، شیعری شێرکۆ، پەشێو، سوارە، ڕەفیق سابیر.

سوودابە ناهێڵێ میوانەکەی تاڵی بچێژێ. ویسکی بۆ دادەنێ. سەمای بۆ دەکا. ساتیار دەپرسێ، نازناوی تۆ چییە؟

سوودابە زۆر بیر ناکاتەوە، دەڵێ: هاژەت پێ چۆنە؟

لەوپەڕی مەستیدا زۆری پێ باش دەبێ و تەنانەت سوودابە دەڵێ: هەست دەکەم زۆرم دیوی... یان هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە باوەشی تۆدا بووم، ئاوا بۆم ئاشنای.

سوودابە فێری دەکا: لەوە بەولاوە پێم بڵێ هاژە.

لەوپەڕی مەستیدا، ساتیار پاڵ دەداتەوە و لێی دەپرسێ: تۆ کچی کێی؟

ـ کچی داداری بێهاوتا.

سبەی ئەوان دوای سەرهەنگ سیاوەش دەکەون. زوو دەزانێ کوژراوە. لە بۆکان لە نزیک بۆکان لە داریان داوە.

ئەوانــیش زۆر دوای نــاکەون. ســوودابە تۆزێــک مــات دەبــێ... لەوێــڕا بە تەیــارە هێناویانەتەوە.

لە مەیدانی نەقشیجیهان ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ مەرگی سیاوەش.

ـ هەی دەستی شکێ هەرکەس...

سوودابە لا دەداتە کافەیەک و ساتیاریش بە دوایدا.

مەست مەست لە کافە دێنە دەرێ. هەروا مەست ڕوو لە منارە جونبان دەکەن. ساتیار دەستی بە هیچ کوێ ڕاناگات. ئاخری مەجبوور بوو دەست بۆ گیرفانی بەرێ، کاغەزی مۆرومۆمی من دەربێنێ و بیباتە لای ئەو وەزیرەی من دەستنیشانم کردبوو.

ـ بەڕێز سوڵتانپاشا

پیاوێکی ماقووڵ و گەرموگوڕ.

ـ بۆ، باوکی تۆ پەیکەرەی دروست کردووە.

مەگەر نازانی پەیکەرەی ئینسان وەبیر بوتپەرەستی و لات و عوزامان دەخاتەوە.

قسەکەی منی کرد: ئینسان خەتاکارە... بەڵام دەرگای تۆبە ئاوەڵایە...

پێش ڕزگارکردنی باوکی بانگیان کرد بۆ حەسارێکی گەورە، چەند ئەسپی بەرز و جوانی لێ بوو..

وەزیر پێی گوت: لەگەڵم دێی بۆ ڕاو؟

سێ چوار کەسی دیکەی ماقووڵیش لەگەڵیان ڕێ کەوتن.

وەزیر دەڵێ: قەومی کورد لە ڕاو ئازان...

بڕنوویەکی باشی دەداتێ و دەڵێ: بزانم دەست و تفەنگت چۆنە؟

وەزیر گوێ ناداتە ئەوەی ساتیار فارسی باش نازانێ، بە وردی لەگەڵی دەجووڵێتەوە.

ڕوویان کردە دەشتێک لەو لای ئیسفەهانەوە. هەرچی گەڕان هیچیان تووش نەهات. لە پڕ سەگەکان بۆنی شتێکیان کرد. لەوبەری دەشتەوە ئاسکێک دیارە، سەگەکان شوێنی کەوتن.

وەزیر گوتی: گوێیان مەدەیە، ئێستا ماندوو دەگەڕێنەوە... ئەو ئاسکە تەنیا تراویلکەیە...

ساتیار بڕنووەکە لە شان دەکاتەوە و لوولەی تفەنگ ڕوو لە ئاسکە دەکا و دەیتەقێنێ.

وەزیر قاقا پێدەکەنێ: یانی کوشتت...

ــ دوو کەس بنێرە!

ئەو دوو کەسە بە ئەسپ غاریان دا و بە ئاسکەوە هاتنەوە.

وەزیر سەیرێکی ساتیار دەکا و دەڵێ: تۆ بە کاری من دێی.

ساتیار سێ کوڕی باڵابەرز و جوانچاکی دەبێ. لە دوو گوناە بە دەستی هێنا. لە دوو ڕێگادا، لە دوو بۆن و دوو مەرامی جیاواز.

چەند ساڵ لە تاران بە شوێن کاتووزینەوە، هەتا دەگاتە سەردار و سالم لە بەرەی کاتووزین.

یەکەم جار وا شوێنی گوناهی یەکەمی گرت، لە مەیدانی نەقشی‌جیهان ڕێگام پێ گرت و پێم گوت: ئەو ڕێگایە هەڵەیە.

لێم گەڕاوە، بە خەنجەرێک بە نێوچاوانیدا هێنام، گوتی: ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ. ساتیار بە سواری تاکسییەک هەتا مزگەوتی شێخ سەفیەدین و لەوێشڕا لە چەشنی گەڕۆکێک بە پلیکانی ژووریی منارەکەدا هەڵگەڕا. ساتیار لەو سەرەڕا برایمۆکیی نیشان دەدا لە ماڵێکی زۆر خۆش لە حەساری کوشکی وەزیرێک.

برایمۆکی لەگەڵ ئافرەتێک ڕاوەستاوە. لەولاوەتریش وەزیری نەخوشی دەغەڵی نیشان دەدا و دەڵێ: برایمۆکی سیخوڕی دەکا... ئاگادارییەکانی خۆی لە بۆکان و مەهاباد و سەقز خڕ دەکاتەوە و دەیان باتەوە بۆ وەزیر. وا دیارە وەزیر دەزانێ ئەو ئاگرە لەبن سەری مووسادایە. ئەو کەسەی وا شەوانە پەیکەرە سیمانییەکەی ڕەزاشای لە مەیدانی کولتەپە ون دەکرد، مووسا بوو.

لەسەر بڵیندایی ئەو منارە بەرزە لە چاوترووکانێکدا سێ جار سوودابەی هەڵێنا. بۆ باش دیتنی کچی وەزیری ئەعزەم سوودابە جلوبەرگی کچی سەردەمی لەبەردایە و بێ‌لەچکە و بە شەڵوارێکی کورتەوە وەک کچە ئیسفەهانییەکان دەسووڕێتەوە.

بۆ چوونە ژووریَ لە مزگەوتێکی ئاوا گەورە و پڕهاتوچۆ، چارشێوێکی سپی گوڵڕەشی بە خۆیدا دا و چووە ژووریَ. ساتیاریش هەر لەسەر چارشێوەکەوە، ڕووت ڕایکێشا و خۆی تووشی گوناهێکی گەورە کرد. خۆی تووشی شەڕێکی گەورە کرد. پێم وایە، تۆوی سەرکەوتی هەر لێرە چاند. بۆیە ئەو زۆڵە سەگە ئاوا بالآبەرزە.

بەدەستی بەتاڵ گەیمەوە بۆکان. دادار لێی پرسیم: خەریکی چی بووی؟

ـ خەریکی ئازادکردنی باوکی...

ـ ئەو بوتپەرەستە دەڵێی! دەبوو لە داریان دابا...

ـ پەیکەرەیەکی لە ڕەزاشا دروست کرد، ڕەزاشا لە نامیلکەیەکدا فەرمانی ئازادکردنی وەیسی دا.

دادار وەیسی نەجاڕی خۆش ناویَ، بەڵام لای سەیر بوو ئەو ئاوا جوان پەنجەرە ساز دەکا. بۆ ڕوو لە سازکردنی بوت و پەیکەرە بنیَ. وەیسی باریک و سەرسپی و کز و مات ڕووی کردەوە بۆکان. زۆر سەیری وڵاتی نەکرد. زۆری گویَ نەدا بە خەڵک.

وەیس لەگەڵ خۆی پیاوێکی باریکەی هێنا. پیاوێک کە دەیگوت: ڕۆژگارێک خەڵکی بۆکان بووە. پیاوێک وا لە زانکۆیەکی تاران مامۆستایە ناوی بەکرە و دوو جار چووە بۆ ئاڵمان و ڕووسیە کۆمەڵناسی دەڵێتەوە و لە بواری سۆسیالیزم باس و وتوویژ دەکا.

بەکر کاتێک خەڵکی هەژار و نەداری بۆکان و موڵک و دارایی و دووکان و بازاڕ و باغەکانی دادار دەبینیَ، خەڵک هان دەدا بۆ وەی لێی داگیرکەن. باسی هێزی کۆمەڵ و توانای کۆمەڵ دەکا، باسی زانکۆ و کتێبە کوردییەکانیان بۆ دەکا.

دوو سیَ ژاندارمی خوێڕی مەستی لیَ بوو، هەر گوێیان بە هیچ نەدەدا. بۆیە بەکر هات و ماڵ بە ماڵ گەڕا و سەری دان و دەستی بە سەردا هێنان. کرێکار و قەرەواش و نۆکەرەکانی ماڵی داداری هان دا بۆ کشانەوە.

لەو هاتوچۆ و گەڕانەی بەکر بە ماڵاندا، لە میراوای کۆن چاومان بە یەکتر کەوت.

ـ لە چی دەگەڕێی؟

ـ لە بەشی ئەو خەڵکە.

ــ بەڵام دادار ئاغاوات نییە، خەڵک بتوانن ملک و ماڵی لێ داگیر بکەن یان ملک و ماڵی خەڵکی خواردبێ. هەر دەبینی لە سازمانی سەبتی ئەسنادی ڕەسمی ئێراندا سەبت کراوە و کەس ناتوانێ نە بە قانوون، نە بە شەرع، نە بە زۆر لە دەستی دەربێنێ.

بەنێو خەڵکدا بڵاوم کردەوە: ئەوانە کۆمۆنیستی کافرن و خوایان قەبووڵ نییە و گوێ نادەنە ئایەکانی قورئان...

بەکرمان بە ناوی بەکرشەیتان لە شار ڕاونا و حەوت دانە خڕکە بەردیشمان لە پشت سەری فڕێ دا.

بەکرشەیتان کێ هێنای؟ وەستاوەیسی نەجار! بەکرشەیتان بڕیاری دروستکردنی حیزبێکی پێدا بوو. خەڵکی هەژار لە دەوری خۆمان خڕ دەکەینەوە.

دروستە دادار، وەیسی ناخۆش ناوێ، بەڵام وەیس زۆر لە سەروەت و سامانی دادار دووشکە... نابێ کەسێک بە تەنیا ئەوەندەی ماڵ و دارایی هەبێت! دەتوانی هەستی کوردایەتی بەو ماڵ و ناڵەی فریو دات، بە لاڕێیدا ببات.

دادار بۆ ئارامکردنەوەی وەیس بانگێشتنی میوانداریییەکی خۆی دەکا. بردیە نێو باغەکانی خۆی سووڕاندیەوە. دادار هەموو دووکانەکانی خۆی دەدا بە وەیس بەو شەرتەی ئەو بە پیاوێکی خراپ نەزانێ.

ئەو کاتەی وەیس لەگەڵ گوڵێ کوێر زەماوەند دەکا، دادار چەندەی پێ گوت: کام کچ جوانە، کام ئافرەت ڕێکوپێکە، تۆ دەستی لەسەر دانێ، بۆت دێنم.

گوڵێ کوێر، خوشکی گەورەی بەکرشەیتانە. ئەو پیاوەی لە مەم و زینی خانییەوە هەڵقوڵیوە.

هەر ئەو بەکرشەیتانەی لە ڕۆژگاری لاویی خۆیدا هات و لە مەیدانی کولتەپە خەڵکی لە دەوری خۆی خڕ کردەوە و پیاوێکی ماڵداری وەک داداری بێهاوتای تۆمەتبار کرد بە زوڵمکردن لە هەژاران و کرێکاران و وەرزێڕەکان.

هەر ئەو بەکرشەیتانە، داداری بە شەیتان شوبهاند و ڕەجمکردنی شەیتانی بە مافی هەژاران و نەداران دانا... مافی هەر ئینسانێکە شەیتان ڕەجم کات. ساتیار بەردێکی بە دەستەوە بە دوای بەکردا.

دادار ئەو داهاتوویەی دیت. ئەو ساتیارەی ناسی، هەرچی لێیان نزیک بۆوە و کەوتە هاتوچۆ لەگەڵیان بۆ لەبەینبردنی ساتیار.

هەرچیمان دەکرد نەمانتوانی ئاوا بە منداڵییش زەفەری پێ بەرین.

هەر بە ساوایی لە لانکەمان دەرهێنا و بردمان لەنێو چۆمی سەرلێشێواوی جەغەتوومان خست، نازانم چۆن خوا یاریدەی دەدا و بە دەم سەرلێشێواویی ئاوەکەوە هەتا قەراغ دێیەکی چکۆلە دەچێ و لەوێ کچێکی عەزەب هەڵی دەگێرێتەوە و دەیباتەوە ماڵێ و ویشکی دەکاتەوە و لە پەنا کوورەی دادەنێ و ژنێکی بۆ بانگ دەکا و چۆڕێکی شیر پێ دەدا. خۆی شیری ناداتێ.

ڕۆژی جێژنی قوربان، وەیسی نەجاڕ لە دەرگای ماڵی کچە عەزەبە دەدا و ساتیار وەردەگرنەوە.

وەیس دەڵێ: سێڵاوێکی زۆر گەورە هات و لەگەڵ خۆی بردی...

کچە ساتیاری ساوا ماچ دەکا و دەیان داتە دەستی. لێیان دەپاڕێتەوە شوێنی ماڵەکەیان لە کوێیە؟

وەیس: تەنیا ماڵە، لەوسەری گەڕەکەکانی کولتەپەوە بە قەدی ناڵەشکێنەوە.

کچە عازەبە حەوتووی جارێک دێت و سەری دەدا هەتا لە حەوتووی هەشتەمدا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی دڵ لە قارەوا چکۆلە سەری ناوە.

دادار زانی ناتوانێ ساتیار لەبەین ببات، ئەوجارە هات بیکاتە زاوای خۆی. خۆشەویستی خۆی بخاتە دڵی ساتیارەوە.

ساتیار بە دەم قسەکانی وەیسی نەجارەوە گەورە دەبێت.

ڕۆژی جێژنی قوربان لە کاتی دوازدە ساڵیدا، دادار ویستی لە باغەکانی میراوا ساتیار بخاتە چاڵێکەوە. چاڵەکەی بە سەردا پڕ کەنەوە.

بە ڕای ئەو: ساتیار وەک کا بە دەم باماندا دەدا.

بەو هەموو لاوە یەکە یەکە و باڵابەرز و بەهێزە نەیان توانی ئەو هەتیوە باریکەڵەیە بگرن. نازانم چ یاریدەیەک بوو، هەموو باغەکانی داداری بە دوادا هەڵاتن، نەیان توانی سێبەرەکەشی بگرن.

دادار چاڵەکە بێ ساتیار پڕ دەکاتەوە. تەنیا قونچکە جگەرەیەک نەبێ پێش پڕکردنەوەی فڕێی دا بیری قووڵەوە. گوێی ڕاگرت. دەنگی کەوتنە خوارێی نەبیست.

خۆی دەستی دا پێمەڕە و بە مشەمش بیری پڕ کردەوە. باران دەباری و لەنێو قوڕ و چڵپاودا پێمەڕەی لێ دەدا.

سەرهەنگ سیاوەش بە دەم قسەکانی دادارەوە ڕووی کردە بۆکان. بە بۆنەی هێرش بۆ سەر شۆڕشی خەڵک. ئەو شۆڕشەی خۆی بەدی هێنا، هەتا ببێتە بیانوو بۆوەی لەشکری چکۆلەی سەرهەنگ سیاوەش بەرەو بۆکان ڕێ کەوێ.

ئەندازەی بوێری ئەو هەتیوە ئەوەندە زۆر بوو بە تیربارێک لە سێ چاوترووکاندا هەموو سەربازەکانی لە عەرز دا و لوولەی گەرمی تیرباری لە پشت ملی سەرهەنگ سیاوەش ڕاگرت و هەرچی ئێمە هاوارمان کرد لە سێدارەی دا باشترە، لە مەیدانی ئەسکەندەری سووتاندی و ئاگری بۆ کردەوە...

ـ هەرکەس هێرش بکاتە سەر وڵاتم، ئاوا دەیسووتێنم... هەرکەس تەماح لە نامووس و شەرەفی نەتەوەکەم بکات، ئاوا ئاگری بۆ دەکەمەوە...

ساتیار خەڵکی زیاتر تین دەدا بۆ خڕکردنەوەی دار و ئاور.

سوودابە چوو چرپا کۆنەکانی ماڵێی هێنا و لە ئاگری خستن.

ـ بسووتێ ئەی داگیرکەر.

ئەوجارە بە ساتیار دەڵێتەوە. لە ئیسفەهان لە دیوێکی خۆشی کاروانسەرایەکی ئەوسەری ئیسفەهان.

سوودابە پاڵی بە پاڵی ساتیارەوە داوە و پێی دەڵێ: دەست لە سوودابە هەڵگرە، لەگەڵ هاژەدا تێکەڵ بە... لەگەڵ شیعرەکانی مەحوی.

سوودابه کاتێک دەبووە هاژە، هەتا بەری بەیانی بە لەشی ڕووت و قووت شیعری پڕ لە وشــەی ســێکس و کچــانی ڕووت و بەهەشــتێکی خــۆش.. ســوودابە کاتێــک دەبــووە هــاژە، نەیدەهێشت ساتیار خەمۆکیی گوناە دایگرێ. لە کاتی بانگی بەیانیدا توند ساتیاری لە باوەش دەگرت. لە کاتی قسە و وتووێژدا خۆی لە باسی ئاینی نەدەدا.

ســاتیار ئەو هەتیــوە سەرشــێتە بە لاڕێــدا بــردی. ســوودابە لە ئیســفەهان لە زانکــۆیەکی گەورە دەروونناسی دەیخوێند.

ساتیار یەکەم جار باسی فرۆیدی لە زاری سوودابەوە بیست. یەکەم جاریش ویسکی لە دەستی سووادابەوە خواردەوە. یەکەم جاریش باسی خۆرنامەکەی من هەر ئەو چەتیوە بۆی باس کرد و لاپەڕەی سێی بۆ خوێندەوە.

سوودابە پرسی: لەبەرچی بە دوامانەوەیە؟ ئەو کامێرایە چییە بە دەستییەوە؟

سوودابە بۆی باس دەکا.

ــ مووسا لە پیاوەکانی باوکمە. دەتوانێ ئابڕوومان بەرێ.

ــ لە کوێ؟

ــ لە بۆکان.

ــ ئێمە دەمێنینەوە. دەچینە نێو ئەو بارزانییە ئاوارانە... وەکو ئەوان کەپرۆکێک بۆ خۆمــان دروست دەکەین و سەرکەوت دێنینە دنیاوە.

پێتــان وایە بەکر کــوڕی کــێ بــوو. پیــاوێکی قاچــاغچی مەشــرووب. حەمەچکــۆل کــێ بــوو نەیناســێ؟ بە قەولــی دۆســتانی هەمــوو شــەوێ بارێــک شووشــە لە عەرزی دەدا. ســیگاری وینستۆن دەکێشێ و زۆر شوێن ژنان دەکەوێ. باوکی بەکرشەیتان بە مـاڵی حەرام ژن دێنێ و بەکر لە دایک دەبێ. بۆ پێتان وایە پیاوێکی وا باش دەبێ؟

لە عەبدوڕەحمانی کوڕی چەکۆوە دەگێڕنەوە دوانیوەڕۆیەکی زستان، ئەوی بردۆتە مـاڵی خۆیان، باسی ئەهریمەنی لە ئاینی زەردەشتییەکان بۆ گێڕاوەتەوە. باسی ئاگر و تین. پێی

دەڵێ: لەو ئاینەدا شتێک بە ناوی جەهەننەم نییە... بەڵکو ئەو کەسانەی وا لەگەڵ ئەهریمەنن، یان شوێن خراپە دەکەون زیندوو نابنەوە.

لە یەعقووبی کوڕی ئەمینی خەیات دەگێڕنەوە:

دوانیوەڕۆیەکی پایزی پێکەوە پیاسەمان دەکرد، تووشی ئافرەتێکی باریکەڵە بووین. ئافرەتە هەتا ئێمە دوور نەبووینەوە چاوی لەسەر بەکر هەڵنەگرت.

یان: لە قرچەقرچی گەرمای هاوینێدا، چووین بۆ زەریاچەی ورمێ، کاتێک بەکر کراسەکەی دادەکەنێ ئەستێرەیەکی سوور لەسەر شانی دەبینێ.

ـــ زۆر جوان خاڵکووبی کرابوو... زۆر جوان... خۆم ئاگاداری ئەوە بووم. بەکر لە ماڵەکەیدا ئاگر نەبێ خەوی لێ ناکەوێ... باوەڕی بە ڕووناکی هەیە... حەتمەن لامپاکە ناکووژێنێتەوە، ئەگەر میوانیشی بێت خۆی لە پەنا ئاباژۆرەکە دەخەوێ. یان ڕۆژانی سێشەمۆ نینۆکی دەکا. لای خەڵک باسی ئەوە دەکا: لێرە زانکۆیەک دانێین... زانکۆیەک بە زمانی نەتەوەیی خۆمان.

ئەبووبەکری کوڕی مام ساڵە دەیگێڕێتەوە: ڕێنووسی کوردی من لەو فێر بووم.

سمکۆی شاعیر باسی بیر و هزری سەردەمی ئەو دەکا، باسی پاریس لە زمانی ئەو دەگێڕێتەوە.

باسی ئەوەی بۆ دەکا: دادار خۆی لە چەشنی زیۆس دەنوێنێ.

باسی کتێبی خۆرنامەی لای سێ چوار مامۆستای قوتابخانە کردبوو..

ـ مەیخوێننەوە... خەریکە مێژووی ئێمە دەگۆڕێ.

یەکەم جار ئەو ڕستە و گوتەیە لە جێژنی قوربان لەبەردەم مزگەوتی گەورە بۆ هێندێک خوێندکاری باس کردبوو.

دووەم جار هاتە لای خۆم و لە باغەکانی دادار لە پەنا دار هەنجیرێک بە جۆرێک یەخەی گرتم و پێی گوتم: دەست لە نووسینی وەها کتێبێک هەڵگرم... خۆرنامە کتێبێکە لەسەر لاڕێیی نووسراوە.

بەڵام ساتیار زۆری گوێ نەدا بە خۆرنامە... تەنیا شتێک سەرنجی ڕاکێشا چیرۆکێکی کورت لە بارەی زەردەشتەوە بوو.

لە سوودابەی پرسی: بەڕاستی زەردەشت کورد بووە و کچێکی فارسی خۆشویستووە و لەبەر ئەوەی کورد بوو و لە نەتەوەیەکی سنوورنشین بوو، شارەکانیان دایمە لە بەردەم هێرش و شەڕدایە، نەیاندایە... بە زەردەشتیان گوت: ئەگەر دێی لە ئیسفەهان بمێنیەوە، ئەوە دەتوانی ئاناهیتا بێنی.

سوودابە بە بزەیەک دەستی لەسەر شانی دانا، گوتی: بەو جۆرەش کچەیان نەدایە... بۆیە زەردەشت تێکشکا و گەڕاوە کوردەواری.

دوای ئەوەی کۆمۆنیستبوونی بۆ خەڵک ڕوون دەکەینەوە، بۆ دووەم جار لە بۆکان وەدەری دەنێین.

ـ بۆ پێتان وایە کوڕی پیاوێکی شەرابفرۆش شەیتان دەرنایە و باسی ئەوەمان بۆ دەکا: ئایین بۆ سەردەمە کۆنەکان دەبوو.

یان ئەو قسەیەی: دادار بە ئاینی خۆی لە چەشنی پیاوێکی پاک نیشان دراوە.

هەڵبەت نەیتوانی هیچ بەڵگەیەک بۆ ناپاکی ئەو بێنێتەوە. هەر ئەوە بووە مایەی سەرکەوتنی دادار...

هەر جۆرێک بێت بەکرشەیتانم لە یەخەی دادار کردەوە. ناردمەوە بۆ تاران.

هەرچەندە جارجار سەردانێکی بۆکان دەکا... سەرێکیش هەتا لای دادار دێ.

هەرچەند وەیسی نەججارمان وا لێ کرد لە مەدح و سەنای داداردا قسە بکات.

لەگەڵ ساتیار هیچمان پێ نەکرا.

لە بەرابەر ساتیاردا چۆکمان دادا. تاڵی تێک شکانمان تاقی کردەوە. دادار چڵەچڵەی ڕیشە پانەکەی سپی دەبێ. ساتیار ڕاوچییەکی کارامە و پیاوێکی لێزانە لە باری شاردنەوە و دۆزینەوە.

خەتای خۆمان بوو. هەر لە منداڵییەوە بیرۆکەی خۆشاردنەوەمان فێر کرد.

کون بە کون بە شوێنیەوە بووم. بۆ سەربڕینی، بۆ لەتلەتکردنی، یان دڵۆپێک ژەهری ماری بیابانە دوورەکانی یەزدی بە گەروودا بکەین.

سوودابەی برد و لە پشت مزگەوتە کۆنەکەی میراوا لە دیوەچۆڵێک ڕووتی کردەوە. ڕاستە سوودابە منداڵ و نەفام بوو، هەتیوەش دوو ساڵ لەو گەورەتر بوو... بەڵام سوودابە زۆر تامەزرۆتر هاتە پێشێ و دستی لە ملی ساتیار کرد.

یەکەم کەس ئەو ڕووداوەی دی، شەمێ بوو... پرووشەش ئاگادار دەکاتەوە. شەمێ هەرچی لەو دیوە چۆڵەدا دیتی، بۆ کاتووزینی گێڕاوە. پرووشە ئەو سەگە وردیلانە کلک سوورەش هەروای بۆ گێڕاوە.

شەمێ باسی بۆنی ئارەقی لەشیانی کرد.

پرووشە باسی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی سوودابەی کرد.

شەمێ باسی ئەوەی کرد: ساتیار بە سوودابە دەڵێ هاژە.

ئاوا پرووشە و شەمێ دڵەخورپە دەخەنە دڵە چکۆلەی کاتووزین وا تازە خەریکە دەگاتێ.

کاتووزین لە هۆڵی لاسی باڵەکی لە نهۆمی سێدا بانگی سوودابەی کرد:

ــ هاژە...

سوودابە بۆ چرکەساتێک ڕاوەستا. گوێیەکی ڕاگرت، کاتووزین دیسان بانگی کردەوە.

دەنگی پشیلەکەی کاتووزین دەهات. بۆنی سەگە وردیلانەکەی دەهات.

بۆ جاری سێیەم بانگی کرد: هاژە...

سوودابە سەری هەڵێنا و لە دەرگای لای بەرەوەی هۆڵی لاسی باڵەکیان ڕۆیشتە دەرێ.

با بڕواتە دەرێ و گوێ نەداتێ. لەو کاتانەدا کەڕ بوون و دوور بوون لە جیهانی دەنگەکان، خۆشییەکی سەیری بۆ سوودابە دەبێ. دەچێتە دیوەکەی خۆی شیعر دەنووسێ. لەسەر لاپەڕەیەک دەنووسێ: بۆ ئەستێرەی سووری سەر شانی.

هەتا شەودرەنگانێک ناخەوێ و شیعر دەنووسێ.

لە مەلابانگدانی بەیانیدا بە یاد و خەونی ساتیارەوە خەوی لێ دەکەوێ. بۆیە بەیانی جێژنی قوربان لەسەر سفرەی جێژن نەمدی.

دادار ئاماژەی پێکردم. هەواڵێکی لێ بزانم. ئاماژەم پێ داوە... خەوی لێ کەوتووە...

کاتووزین هەر لە سەردەمی منداڵییەوە حەزی لە وەرزش و زووهەستانی بەیانییانە.

هەڵدەستێ و دەموچاوی دەشوا و پرووشە و شەمێش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە باغەکان دەکا. باز دەدا، هەڵدەبەزێتەوە، خۆی بە لقی دارەکاندا هەڵدەواسێ. دادار، مامۆستایەکی وەرزشی کۆنگفۆی لە ئیسفەهانەوە بۆ دێنێ. ئەو مامۆستایە کوڕی برایمۆکی قادری ئاواڵی ساتیارە، وا لە ئیسفەهان پێکەوە ئاشنا بوون و برایمۆکی قادری زۆری یاریدە دابوو لەمەڕ هاتنەدەرێی باوکی لە زیندانەکانی ڕەزاشادا. هەر ئەو برایمۆکی قادرییەی کەوا وەیسی فێر کرد، چۆن بەسەر شادا هەڵبلێ: هەتا زێڕ و زیوێکی زۆرت خەڵات بکات.

نازانم کاتووزین چۆن بوو ئەو وەرزشە پیاوانەیەی وەبەردڵ کەوت. چۆن بوو ئەو هەڵبەز و دابەزە چینییەی بەکەیفێ بوو؟

بەیانییەکی هەروا بە دەم وەرزشەوە دێ. وڵات بەفری سپی گرتوویەتی و هەوا هەتا بڵێی ساردە.

کاتووزین لەبەردەم کەپری باغە هەرمێ پایزییەکان چاوی بە جێپێی ژن و پیاوێک کەوت. شەمێ بۆنی پێوە کردن و سەگەکە شوێنپێیەکەی هەڵگرت، هەتا پەنا دیواری باغی هەڵووچە ڕووتەکان. لەوێ شوێنپێیەکان لێک جودا ببوونەوە، هەریەکی ڕوویان لە لایەکی کۆشکی دادار کردبوو.

شەمێ بە شوێنپێی یەکیاندا، دەگاتە کن ساتیار، کە لە پەنا کوورە پڕ لە ئاوردووە کڵپەسەندووەکەی هۆڵی سەیدەوان ڕاوەستاوە.

کاتووزین بە دوای پرووشەدا دەگاتە پەنا سۆپا گەرمەکەی هۆڵی سەیدەوان... ئەو هۆڵەی کە سێ چلچرای شینی تێدایە.

سەرشانی سوودابە بەفرێکی تازەی لێ نیشتووە... لە پەنا ساتیار ڕاوەستاوە.

پێکەوە پێدەکەنن و گوێ نادەنە هاتنی لەناکاوی پشیلەیەکی وردیلانە و کاتووزین و پرووشەیەکی تۆزێک بێحەیا...

پرووشە ڕاستەوڕێ پێیان دەوەڕێ.

سوودابە لە ژێر باغەڵی، کتێبێکی دەرهێنا و گوتی: ئەوەش خۆرنامە...

کاتووزین وەری دەگرێ و دەڵێ: مامۆستایەکم توێژینەوەی لەسەر ئەو کتێبە هەیە.

چاوێکی لێ دەکا: وا دیارە مووسا نووسیویەتی.

سوودابە لە وەڵامدا چاوێک لە ساتیار دەکا. ساتیار پێی دەڵێ: ئەوە کتێبێکی کۆکراوەیە. مووسا دەستی خۆش بێت، کۆی کردۆتەوە.

کاتووزین کتێبەی لێ وەرگرت و دوور دەبێتەوە. ئەوانیش لە پەنا کوورەی هۆڵی سەیدەوان خزانە باوەشی یەکترەوە.

لەبەردەرگای چوونەدەرێی هۆڵی پڕ لە نەخش و نیگاری ئاسکەکێوی و بزنەکێوی و گوڵی سوور، پشیلە نێرەمووکەکەی کەوا مانگی ڕەشەمێ خۆی لەنێو کتێبەکانی کاتووزیندا دەشاردەوە.

گەڕاوە و گوتی: سەیریان کە...

پرووشە گوتی: گوێ ڕاگرە، ساتیار پێی دەڵێ هاژە...

بە خورپەیەکی سەیر دڵی ناسکی کاتووزین بۆ چرکەساتێک ڕادەوەستێ. کاتووزین لەو چرکەساتەدا بەدەم چێژی دەستەکانی ساتیارەوە دەمرد و دەژیاوە، لە ماوەی چاوترووکانێک کەمتردا ئەو تەزووە گوناهبارە دڵە چکۆلەکەی ئەوی داگیر دەکرد.

ڕۆژێک کاتووزین لە ژووری یۆسفی پێغەمبەردا خەون بە لایەکی لەشی ڕووتی ساتیارەوە دەبینێ. لایەکی لەشی لەبەر ڕووناکایی چرایەکی قەراغ شەقامدا، کات دووی دوای نیوەشەوی جێژنی قوربان.. شەمێ لە پەنجەرەکەوە بانگی کاتووزین دەکا و دەڵێ: خێرا هەڵێ، لە حەوزەباریکەکەی ئەوبەری هۆڵی شۆڕا لەولای کۆشکەوە خەریکی مەلە کردنن.

لەو شەوە گەرمەی هاویندا، کاتووزین بۆ یەکەم جار تێکەڵبوونی سێبەرەکانی لەسەر دیواری شۆڕاوە بینی. وردە وردە سەری هەڵێنا. هەڵبەت شەمێ بوو ئەو هێزەی وەبەرنا:

چاو لێکە، لەشە باریک و ڕقەڵەکەی هاژە بە دەم دەستە سپی و سۆڵەکانی ساتیارەوە... ئەو پیاوە پەیکەرەسازە بێ دینەی کەوا خووی داوەتە ئەو هونەرە دوورە ئاینی و ئیسلامەتییە..

کاتووزین جۆرێک بە گوێی ئەسمەری ڕاگەیاند... ئەسمەر توورە بوو و لێی ڕاست بۆوە.

ــ مێردی من، بۆ بنەماڵەی ئێوە لە شەڕ و تێکۆشاندایە... تۆش خەریکە ئابڕووی دەبەی.

شەمێ نەسیحەتی کرد لای کەس نەیدرکێنێ، لەبەر ئەوەی ساتیار ناهێڵێ کەس بەو کەینوبەینە بزانێ. ساتیار پیاوی ئازای خۆشاردنەوەیە.

ئەوەی سوودابە لە ئیسفەهان دەخوێنێ دەرفەتێکی باشە بۆ بڵاوکردنەوەی تۆڕی نەهێنیی وردە داوەکانی ساتیار لە کۆڵان و شەقام و شوێنە کۆنەکانی ئیسفەهاندا.

سوودابە خۆی وردەوردە هات و خۆی پێوە کرد.

زۆر دوور نەڕۆین. سوودابە لە شایی و زەماوەندی ئەسمەری خوشکی لەگەڵ ساتیار پێوە دەبێ. ئەو کاتەی خزموکەس، زاوا ماچ دەکەن و ژنانیش بووک ماچ دەکەن. ئەو ژنانەی لێیان نزیکترن، زاوایان ماچ دەکرد. پیاوانی نزیکیش بووکیان ماچ دەکرد. هەڵبەت کەسوکاری نزیک، وەک خوشک و برا و باوک و دایک. سوودابە لەو ڕێوڕەسمەدا پێوە دەبێ. ڕوومەت بە ڕوومەتی زاواوە دەنێ. ساتیار بە حاڵ لێوی خوارتر دادەنێ و لێوی باریکی سوودابە ماچ دەکا. سوودابە هەست بەو سەگیەتییە دەکا و منیش لەولای ئەوانەوە هەست بە ڕوودانی ئەو ماچە دەکەم. نازانم بۆ لەو کاتەدا دەستم ئاوا جووڵاوە، لاوەکە وێنەیەکی لەو ڕووداوە گرت. بە کامێرایەکی زۆر تازەی زەنیتی ڕووسی، ئەو ماچە هەموو گیانی سوودابەی تەزاند. هەڵاتە نێو ژوورەکەی خۆی و لاپەڕەیەکی پڕ کردەوە لە شیعری: نەکا ساتێکی ڕووت ...

سوودابە جارێکی خوێندەوە و سووتاندی. لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەش بە نیوەشەوێکی پایزی بە دەم بایدا دا.

کاتووزین بەیانی لە جێژنی قورباندا بە دەم خەمۆکییەکی تاڵەوە لە خەو هەڵدەستێ.

کاتووزین تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبێ. لەگەڵ من دەینێرن بۆ تەورێز.

دەیبەمە لای دوکتۆرێکی لێزان.

وا دیارە لە تورکیاڕا هاتۆتە ئێرە. بە قسەکردنەکەیدا لەوە دەچێ باش لە کوردی حاڵی دەبێ و، دوکتۆر مەکۆ، کوردێکی دیوی تورکیایە.

وا دیارە دووراودوور دادار دەناسێ. دەڵێ: تێکۆشەرێکی ڕێگای وڵاتەکەیەتی.

دەڵێ: هەشت ساڵ لەمەوبەر...

نێو کتێبەکەی دەگەڕێ... دووپاتی دەکاتەوە: شەش ساڵ لەمەوبەر...

وێنەیەک دەردێنێ.

ـ لە دیمەشق یەکترمان دی... ئەو وێنەیەشم لەوێ لەگەڵ کێشاوە. (دوکتۆر بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکا)

جوان لە وێنەکە ورد دەبمەوە، لە پشت شانی دادارەوە. ئەرێ خویەتی، ساتیارە، خۆی مات داوە، بە حاڵ لە پەنا دوو کەسەوە سەری کێشاوەتە پێشێ. کاتووزین لەنێو وێنەکەدا لە پەنا شانی ساتیارەوە، لەسەر دیوارێکی کورت شەمێ و پرووشە دەناسێتەوە.

ـ یانی ئەوانیش چوونەتە دیمەشق؟

کاتووزین دەست بە بەرۆکم دەگرێ: ئاخ شەوەکانی دیمەشقیان... مەیدانە چۆڵەکانی دیمەشقیان... بەرەبەیانی و کۆڵانە تەنگەبەر و سەراولێژەکانی دیمەشقیان...

دوکتۆر مەکۆ وێنەکەمان لێ وەردەگرێت و دەڵێ: نا... نا. ئەو وێنەیە لە هیندستان لە تاجمەحەل کێشراوە. سێ ساڵ لەوە پێش لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردییەکان لە تاجمەحەل یەکترمان دی... وایە...

دوکتۆر مەکۆ، وای بە باش زانی کاتووزین ڕوو لە شانۆ بکات.

ـ لەبەر چی؟

ــ کاتووزین چیرۆکێک لە زەینی خۆیدا دەخولقێنێ، وردە وردە دەچێتە نێو جیهانی شانۆکان. دەزانێ چیرۆکێکی زیندوو باشترە، نەوەک ژیان لەگەڵ زەینێکی دوور و نزیک لە خەون و خەیاڵات...

دوکتـۆر وای بە کـاتووزین ڕاگەیانـد، باشـتر وایـە لەگـەڵ ئەو ئەکتەرانەی نێـو زەینـت ڕووبەڕوو ببیەوە.

کاتووزین هەرچی کردی، نەیتوانی باری دەروونیی خۆی لـە دوکتۆر بگەیـەنێت... بۆیە خۆی ڕوو لە زانکۆ دەکا و کۆمەڵناسی دەخوێنێ.

بە منـیش دەڵـێ: ئەگەر دەکـرێ لەوە بەولاوە وەکـو سـێبەر وەشـوێنم مەکەوە... وەرە ژووری.

خۆی تەنیا هەڵدەستێ و لە تاران بە شوێن زانکۆ دەکەوێ، کچێکی زۆر ژیرە...

ساتیار هەر سواری ئەو پاسە دەبێ، کەوا کاتووزین سواری دەبێ، بە کوتێک کاغەزەوە لە بۆکـان دەرکـرا بـۆ تـاران... دەبـوو هەتـا شـەش مانـگ لەوێ بێت. ئـەو کاتـەی دادار ئەو حوکمەی واژۆ کرد، نەیزانی کاتووزین بۆ زانکۆیەک لە تاران دەرچووە.

لەولاترەوە، برایمۆکی قادری لە حەساری ماڵی وەزیرێکی مەزنی ڕەزاشا، دەیهەوێ ببێتە زاوایەکی کۆت و شەڵوار سپی.

برایمـۆکیێکی هەژار وا شـوێن کـار و کاسـپی لە ئیسـفەهان کەوتـووە. ڕۆژێـک لە ڕاو تووشی وەزیرپاشا دەبێ. برایمۆکی بەبێ نیشانەگرتن ئاسکێک دەنگێوێ. وەزیر ڕاست بە سەر ئەو ئەنگاوتنەی ئەودا دەکەوێ و ئافەرینی پێ دەڵێ. برایمۆکی قادری بە دەنگی خۆشـی خۆی بە سەر وەزیرەدا هەڵدەڵێ. لای وەزیر پیاوێکی ئازا دێتە بەرچاو... دەیـهەوێ کچەکەی خـۆی بداتێ و پێی دەسپێرێ ئاگات لە مەهاباد و بۆکان و سـەقز بێت... بوو بـە ساواک... ساواکێکی نهێنی. چەند ڕۆژ دواتر برایمۆکی هەستی بە کاری خـۆی کرد. نەیتوانی وەلای بنێت... پلە و مەقامی ئاوا وەدەست کێ دەکەوێ! بۆیە برایمۆکی هەوڵ بۆ ئازادبوونی وەیس دەدا. هەتا هەردووکیان پێکەوە ڕیشەی دادار بسووتێنن.

برایمـۆکی خەزوورە نەخۆشـەکەی بەجـێ دێڵێت و بـۆ ئـەوەی شـەش مانـگ لـە بۆکـان بمێنێتەوە، بەرەو ئەو شارە وەڕێ دەکەوێت.

برایمۆکی بە ساتیار دەڵێ: دەچییە لای سەرهەنگ مەنسوور نامورادی و هێندێک چەک و تیربارێکی باش بۆ خۆت دێنێ.

نامیلکەیەکی مۆرومۆمکراوی وەک نووشتەی دەداتە دەستی و، پێی دەڵێ: ئاگات لێی بێت.

ساتیار ملوانکەیەکی چکۆلەی پێ دروست دەکا و لە ملی کاتووزینی دەکا.

برایمۆکی لە ڕۆژی بە خاک ئەسپاردنی وەزیری زۆر مەزنی ڕەزاشادا دەگاتەوە ئیسفەهان، وەزیر سەرلەبەری ملک و ماڵی خۆی بۆ برایمۆکی بەجێ دێڵێ.

برایمۆکی کوڕێکی دەبێت و، ناوی دەنێ مووسا. ئەڵبەت ئەوکاتە منی نەدەناسی. ئەو مووسایە لە تەمەنی لاویدا هەست دەکا باوکی کوردە و خەڵکی لای بۆکانە و لە شایی و زەماوەندندا گۆرانی گوتووە و، ڕۆژێک ئەوینداری کچی قەرەتاژدین بووە.

مووسا ڕۆژێک بۆ بەسەرکردنەوەی و دیتنی وڵات لەگەڵ دوو سێ هاوالی خۆی ڕوو دەکەنە بۆکان. هاواڵەکانی کوردە بارزانییە ئاوارەکانی نزیک ئیسفەهان بوون.

لە بۆکان لە پارکێکی چکۆلە پێکەوە ئاشنا بووین. زانیم موسافیرن و خەریکە خێوەت هەڵدەدەن. پێم گوتن، بۆ نایەنە یەکێک لە باغەکانی دادار، خێوەت هەڵدەن و سبەی لە جێژنی قوربانیدا میوانی ئەو بن.

کوڕێکی باریکەڵە گوتی: منیش وەک تۆ ناوم مووسایە.

نەیزانی، من دەزانم کوڕی کێیە.

لە تەنیشت دار چنارەکانەوە خێوەتیان هەڵدا. گوتیان: لەمێژ بوو خەونمان بەوەوە دەدی کە سەفەرێکی هاوینی بکەین بۆ وڵاتی خۆمان...

مووسا بە بزەوە گوتی: هەتا بەیانی شمشاڵتان بۆ دەژەنم.

بە دەنگی شمشاڵی ئەو مووسایە وا زۆر لە کۆشک دوور نەبوون، شەمێ بە سەر دارەکاندا لێی نزیک دەبێتەوە. پرووشەش بە کلکەسووتێ لێیان نزیک دەبێتەوە.

کاتووزینیش کە لە شەمێ و سەگەکەی دەگەڕا. گوێی لە دەنگی ئەو شمشاڵە دەبێ.

ئەویش هەنگاو هەنگاو لێیان دەچێتە پێشێ.

بەڵام لەولاترەوە ساتیار...

ئەو لەنێو دارگوێزەکاندا، دارگوێزە ویشکەڵەکان دەبڕێتەوە. گوێی لە دەنگی شمشاڵ دەبێ. شمشاڵێکی غەریب لە چەشنی حەیرانێک یان گێڕانەوەی بەیتێک، یان لەگوێن دەنگی کچێکی تامەزرۆی کوڕێکی لاو.

ئەویش ڕووی لەو دەنگە کرد.

ئەو شەوە، یەکەم شەوی درکاندنی نهێنی لە زاری کاتووزینەوە بوو.

ساتیار لە مابەینی سەگەکە و کاتووزینەدا دانیشت، ڕووبەڕووی مووسای کوڕی برایمۆکیی قادری.

برایمۆکی قادری شەست ساڵ ژیا... سێ ساڵ لە بۆکان و سی سال لە ئیسفەهان و دە ساڵ لە سنە و ئەوی دیکەی لە تاران ڕاێبوارد.

ساتیار زوو زانی دەموچاوی لە سەرهەنگ سیاوەش دەچێ.

بێجگە لە ساتیار، کەس نەیزانی چی بە سەر هات. هەرچەندە ساتیار و سوودابە دەنگۆیان بڵاو کردەوە کە سەرهەنگ سیاوەش نامورادی لەو لای کۆشکی سەعدابادەوە سەلمانی داناوە.

ساتیار لە چنینی چیرۆک و هەڵسووڕاندنی درۆدا دەستێکی باشی هەیە. سەرچاوەی گوناهەکانی ساتیار لە درۆوە دەستی پێکرد. بە شیعرێکی ڕەفیق سابیر لە سوودابە دەچێتە پێشێ و باسی دەستی بەیانی بۆ دەکا.

ـ دەستی بەیان چۆنە؟

ساتیار بە شیعرێکی دیکەی ڕەفیق سابیر لێی دەچێتە پێشێ و باسی دەستە سەیرەکانی خۆی بۆ دەکا. باسی دەستە سەیرەکانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، کە پیاوێکی باش، دەتوانێ لە سەرەمەرگدا ڕزگار دەکات!

ـ بۆچی کاری وا دەکات؟ چووزانێ ئەو پیاوە، کەسێکی باش بووە یان خراپ!

سوودابە دوو سێ پرسیاری دیکەشی کرد. باش لە بیرم نەماوە.

دوای ئەوەی سوودابە ڕۆیی، ساتیار هات و لە پشت دیوارەکە یەخەی منی گرت.

ـ پیرەپیاو، چیت لە من دەوێ؟

توند یەخەم دەگرێ..

ـ وەشوێن من مەکەوە..

دەمانچەیەکی لە باغەڵی دەرهێنا و گوتی: وا باشە..

لە بن گوێمی توند کرد: وا باشە، باوەڕ بەوە بێنی کە دەتوانم لە چاوترووکانێکدا بە تیربارێکی چکۆلەی دەستی، دابێژدابێژت کەم.

پاڵێکی پێوە نام. لە دۆخێکی زۆر تاڵدا بەجێی هێشتم. وا دیارە، ئەم جارە زۆر تووڕەیە.

وەشوێن سوودابە دەکەوێ. لە کۆڵانی باغی هەڵووچە ترشەکان (زیاتر لە سێهەزار دارە) لەوێ تووشی سوودابە دەبێت.

پێشی پێ دەگرێت. سوودابە ڕێی خۆی دەگرێتە بەر.

ـ مەگەر نازانی سەرلەئێوارێ لەشکری سەرهەنگ مەنسوور نامورادی دەگاتە بۆکان؟

ـ مەگەر نازانی لە کێ دەگەڕێ؟

ـ لە تۆ دەگەڕێ.

دوو سێ قسەی دیکەشی پێ گوت، باش حاڵی نەبووم.

ساتیار هەردوو شانی دەگرێ و دەڵێ: ئەوکات دڵت زۆر تەنگ دەبێت بۆ مەرگی من. لە شانسی من شەمێ بە سەر دیواری باغەکەدا دەڕوا و پرووشەش لەوبەرەوە دێ.

هێور دەچم و ئەو کامێرا بچووکەش دەخەمە کۆڵانی باغەکەوە. با ئەویش شاهید بێ... با بچێ ئەو قەول و بڕیارە بۆ کاتووزین بەرێتەوە.

ساتیار ئاوای پێ گوت: من دەچم سەرهەنگ مەنسووری نامورادی دەگرم و دەستەمۆی دەکەم... وەک پشیلەیەکی ماڵی... دەنا لێرە، لەو سەربانە ئاوری تێ بەردەدەم.

ـ بەڵام وا دیارە سەرهەنگ بۆ تۆڵەی مەرگی براکەی...

ساتیار بێ بیرکردنەوە پێی دەڵێ: سەرهەنگ سیاوەش لە تاران سەلمانی داناوە و ڕەنگە ئێستا ژنی هێنابێت و سێ چوار منداڵیشی هەبێت...

ـ هەرچییەک بێت، سەرهەنگ نەماوە...

ساتیار بێ دەنگ دەبێ، گوێ ڕادەگرێ...

دەنگ هەڵدێنێ: مووسا... بڕۆ... دوور بەوە....

ئەعوزووبیللایەک دەڵێ و تووڕەتر، پێم دەڵێ:

ـ بۆ بوویتە سێبەرێکی نەگریس و شوێنم کەوتووی؟

دەمانچەکەی دەردێنێ و دەورێک هەڵدەسووڕێ و گوللەیەک داوێ. چۆن بوو ئەو تیرە ناغافڵ هات و گوێمی بڕی، لە بنڕا لێی کردەوە.

ـ وا دیارە بەڕاستییەتی... سوودابە! مەگەر نەت بینمەوە!

سێ چوار دڵۆپە خوێن کەوتە سەر دیوارەکە و خێرا بازم دا و لەنێو دار هەڵووچەکاندا خۆم ون کرد.

ساتیار هات و قامکی برد بۆ دڵۆپە خوێنە تازەکان. دەیزانی گوێچکەی بڕاوم هەروا بە دەستەوەیە و هەڵدێم.

ساتیار کاری خۆی کرد. سەرهەنگ مەنسوور لە شار نزیک دەبێتەوە و ساتیار دەست دەداتە دۆشکایەک و کڵاشێک. پێدا دێ هەر لە بوولێڵەی ئێواریێ جێژنی قوربانەوە تێکڕای ئەو سەربازە درێژۆکە و باریکەڵانەی سەرهەنگ لە عەرزی دەدا و لە چاوتروووکانێکدا سەرهەنگ لەسەر ئەسپ دێنێتە خوارێ. خێرا و کوتوپڕ ڕووی دا. سەرهەنگ بە هیوای چەند ڕۆژ شەڕ و پێکدادان هات. بە تانگ و تۆپ و سێ تەیارەوە هات، هەر سێ تەیارەکەی سەرهەنگی خستە خوارێ و لەنێو سەربازەکانی سەرهەنگدا تەقینەوە.

ساتیار ئەو کارەی بۆ بردنەوەی ئەو خەڵاتە کرد، کە سوودابە بڕیاری دابوو لە یەک بە یەکی سەربازەکانی سەرهەنگ نەبووری.

سـەرهەنگ مەنسـوور نـامورادی، لەوپـەڕی بێباوەڕیـدا، بەو ڕووداوە سـوور سـوور هەڵگەڕا و قسەی بۆ نەهات. ئیتر بۆ هەمیشە زمانی شکا. قسەی لەبیر چۆوە.

چی گوتبا. چی وەڵام دابایەوە. کێ بوو ئەو پیاوەی سەرهەنگ مەنسووری سەرشۆڕ کرد و سێ جار بە دەوری ئاگرێکی مێژوویی ئاینیدا سووڕاندییەوە و، ئەوجار جادەی میاندواوی نیشان دا و یەکی تێ هەڵدا و پێی گوت: بێرەدا نەیەوە...

ساتیار بێ خەبەر لەوەی کە سەرهەنگ مەنسوور بۆچی هاتبوو، بۆچی چەپکەگوڵی سووری پێ بوو! بۆچی بە سواری ئەسپە شێیەکی بڵێندەوە هاتبوو؟ بۆچی زۆربەی سەربازەکان دەستیان نەکردەوە؟ لەبەرچی سەرهەنگ مەنسوور جلی نیزامیی لەبەردا نەبوو؟ زۆربەی هاوڕێکانیشی کۆت و شەڵواریان لە بەردا بوو، بە کۆت و شەڵواری فاستۆنی و کراواتی سوورەوە هاتبوون. هەرچاوی کەوت بە دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانیبێژ و ماشێنێکی بە گوڵ ڕازاوە، سەری لەقاند و، بانگی منی کرد:

ـ بۆچی هاتبوون؟

ـ بۆ مارەکردنی سوودابە.

چاوێک لە دادار دەکا و ڕیچەیەک دەکا و دەڵێ: ئەگەر وابێ، دەستم خۆش بێت.

دادار ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ: هەی ڕۆ بۆ کوڕی بەکر.

ـ تۆ بەکرشەیتانت لە بۆکان بەدەر نا و کلکی شەیتانت پێوە نا... ئێستا بۆ کوڕەکەی دەگری!

زۆر توند لە دادار هاتە پێشێ. تەنانەت یەخەی داداری گرت و زۆر بەتوندی پێی گوت:

هەر دار و دەستە و چەکدارێکت هەیە، لێرەوە پێیان بڵێ، من، ساتیاری کوڕی وەیسی نەججاڕ دەتوانم لە چاوترووکانێکدا بە خەنجەر ونجڕبەونجڕیان بکەم... وا باشە، جوان گوێی خۆتان بکەنەوە... هەنگاوێک نا... هەزار هەنگاو لە من دوور بنەوە... من ڕام وایە ئەو دادارە بە نووسینەوەی سەرلەنوێی خۆرنامە، بە هاودەستیی ئەو پیاوە ڕەشتاڵەیە...

ئاماژەی بە من کرد.

دادار ڕەنگی خۆی گۆڕی و دەستی هەڵێنا و گوتی:

بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەمانەوە، بەسەر ئەو عەجەمە شەڵوارشینانەدا، جێژن دەگرین. هەرچەند سەرهەنگ مەنسوور، کورد بوو ... خەڵکی بۆکان بوو... ئێمە وەک پیاوێکی خوێڕی وەدەرمان نا.

دەستی من دەگرێ: ئەو پیاوەش بۆ ئێمە هەروا دلێر دەمێنێتەوە...

دەم دەبەمە پێشێ:

ـ پێمان خۆشە بزانین، ساتیاری بوێر و ئەوجارەش سەرکەوتوو، بۆخۆی بڵێ کە چیمان لێ داوا دەکات...

چاوێکم لێ کرد و دیسان پێم گوت: چ خەڵاتێکت دەوێ؟

چاوێک بەنێو خەڵکدا دەگێڕێت و، لەولای ئەسمەرەوە، کە زۆر بە کەمی دەیبینێ، چاوی بە کاتووزین دەکەوێت بە توێی کراسێکی گوڵسوورەوە. کاتووزین دەستی بۆ هەڵدێنێ.

لەولاتری کاتووزینەوە چاوی بە سوودابە دەکەوێ. لە بنگوێمدا دەڵێ: هاژە خەڵاتێکی باشە.

وا دیارە سوودابە دەڵێ:

ـ شتی وا چۆن دەبێ؟

ساتیار شتی وای کرد. لاقی هەڵێناوە، بە ئاشکرا و لە بەرچاوان سنووری بەزاند.

چ پیاوێکی ئازا و بەجەرگ و بەتوانایە. دژی ئاین و نەتەوەکەی ڕاست بۆتەوە.

سووک کۆدیتایەکی وەڕێ خست و داداری وەلا نا.

من دەبوو چیم کردبا. بە قەولی دادار سەبرم گرتە بەر.

ساتیار بە بێ ڕێزیکردن بە داداری مەزن ملک و ماڵی داداری بە گەز و نیوگەز لەنێو خەڵکی بۆکاندا بەش کرد.

ساتیار تەپڵی هەڕاجکردنی کۆشکی لێدا. ئەو تابلۆ جوانە هەندەرانیانە بە تاڵان چوون. ئەو هەموو زێڕ و زیو و ئاڵتوونە بەبا چوو. کەس نەیزانی چۆن ماڵ و سامانی دادار بەنێو خەڵکدا بڵاو بۆوە.

من چیم کردبا. لە زیندانێکی چکۆلە، لە ژێرزەویی کەپرێکی سووکەڵەدا.. وا دەدرێ بە پیاوێکی هەژار بە شەش حەوت منداڵی ڕەش و ڕووتەوە خەندەق دەداتەوە و وردە وردە دیوار دادەنێت.

ساتیار خانوویەکی چکۆلە لە پەنا قەڵا دەدا بە دادار و پێی دەڵێ: بێدەنگ دانیشە و گوێ مەدە خۆرنامە و خەونی پووچی مووسا.

وەیس هەموو باغەکانی لێ دەبڕێتەوە، بۆ ماڵەکان، دەرگا و پەنجەرە و پەیکەرەی ساتیار دروست دەکا.

پەیکەرە دارینەکانی وەیس بەنێو ماڵەکاندا بڵاو دەبنەوە.

ئەو ماڵە هەژارە لەسەر زیندانە چکۆلەکەی من، دیوی خەوی منداڵەکان دروست دەکەن. هەرهەشتیان بە ورد و درشتەوە دوای هەڵبەز و دابەزێکی زۆر ماندوو و شەکەت سەر دەنێنە سەر سەرینە دڕاو و چڵکنەکان.

لە شەوی سێیەمدا پێکەوە لە کایەی شەڕدا بوون، چەکە دارینەکانی وا وەیس دروستی کردبوون، پێکەوە کایە و شۆخییان کرد ... زولفیلێ کچە وردیلانەکەی ئەو پیاوە هەژارە وا ناوی چەکۆیە، خەوی لێ نەکەوت. زولفیلێ لاقی کێشا ئەو بیرەی وا منی تێدا بووم. ئەو لە بێخەوی هات و بە سەر مندا کەوت. هەر زانی من لێرە بەند کراوم، بە ددانەکانی کۆت و زنجیری لە لاق و دەست کردمەوە و هێنامییە سەرێ. هێنامییە نێو حەوت کچی دیکە... سەوزیلێ، پرچیلێ، کەچکیلێ، گەنجیلێ... ناوی ئەو دووانەیانم لە بیر نەماوە.

زولفیلێ پەنجەرەی بۆ کردمەوە و گوتی: بێرەدا بڕۆ دەرێ با کەس نەزانێ.

بێهێز و برسی بە لەتێک نانەوە وا زولفیلێ دایە دەستم، بە ژێر سۆمای مانگی شەوی چاردەدا پەڕیمەوە ئەوبەری بۆکان.

خەڵاتی سوودابە سەری لێ شێواند. ئەسمەری بۆ هەمیشە لە بیر بردەوە. ئەسمەر لە ماڵە چکۆلەکەی داداری مات و پەشێو پیر دەبێ و تەنیا سەر دەنێتەوە... بێمنداڵ و بێ... کەس دەرگای لێ ناکاتەوە.

کڵاوێکـی شەپکەڕەشـی پـان دەکـرم و بـارانییەکی درێـژ لە بەر دەکەم. بە چەترێکـی خوڵەمێشی بەنێو بارانێکی پایزی درەنگوەختدا بە شەقامێکی کورتدا چوومە سەرێ و داداری پیر و تێکشکاوم دی سواری تاکسییەکی نارنجی دەبێ بەرەو قەڵا دەگەڕێتەوە.

لا دەدەمە قاوەخانەیەکی کۆن و چایەکم بۆ دادەنێن. مام ساڵە هەروا لێرە چای تێدەکات و کاک ئەحمەدی دەلاکیش چای دادەنێ.

نەکا بمناسنەوە!

گوێم لێیە دوو کەس یان سێ کەس بگرە زیاتریش، تاریف و بەسەرداهەڵگوتنی ساتیار دەکەن. باسی ژنێکی ژیر و هاودەمی هەژاران دەکەن.

چایەکی دیکەم بۆ دادەنێ و یەکێک لە لاوەکان ناوی ئەو خاتوونە بەڕێزە دێنێ: کاتووزین!

ـ دوکتۆرای کۆمەڵناسی دەخوێنێ.

لاوە ئاوا وەڵام دەداتەوە.

هەروا سەر دەنێمەوە و بە شەقامەکاندا دەگەڕێم.. ماندوو و شەکەت پیاوێک هەرام لێ دەکا.

ـ مووسا!

کێ بوو ناسیمییەوە؟! کێ بوو بانگی کردم؟! هاوشێوەی دەنگی ساتیار!

خۆیەتی. تۆزێک گەڕاوە.

پێم دەڵێ: لەوە بەولاوە ڕێگایەکی ڕاست بگرە بەر.

جگەرەیەکم دەداتە دەست و فەندەکەکەی لێدەدا. باران نمنم دەبارێ. دەڵێ: وا باشە هەرکەس بە ڕێگای خۆیدا بڕوا...

دەستم لە گەڵ لێدەداتەوە و ماڵئاواییم لێ دەکا.

ـ وا باشە یەکتر نەبینینەوە.

دەڕوا و دەستم لێ هەڵدێنێ. دەڕوا و ڕوو دەکاتە دووکانی وێنە و فیلمهەڵگرتنی شایی و زەماوەند. قەڵافەتی ڕۆژگارێک ئازایەتی نیشان دەدا. دێت و دەڕواتەوە ماڵێ. لە کۆڵانی مەحوی، لە میراوا. لەو هەموو ملک و ماڵە، لەگەڵ کاتووزین لە ماڵێکی چکۆلەی سەت مەتریدا دەژین.

هەر ئەو سەرهەنگ مەنسووری نامورادییەی کوڕی بەکر شەیتان، وا دادار بە سەریدا بڕی و لە بۆکان وەدەری نا... سەرهەنگ مەنسووری نامورادی لەگەڵ سوودابە زەماوەندی کردووە و بە سوودابە دەڵێ: هاژە... گوێ بە شیعرەکانی دەدا و پێیان سەرخۆشە.

سەرهەنگ لە ملک و ماڵی دادار باغچەیەکی چکۆلەی بەرکەوتووە و سەوزی و کەوەری تێدا دەچێنێ و لە کات و وەختی خۆیدا دەیبڕێتەوە و دەیفرۆشێ بە خەڵک. سوودابە وەک ژنێکی هەژاری تێکۆشەر تۆوی سەوزی و گژنیژ و کەوەر و جەعفەری دەچێنێ. سەرهەنگ وەردی دەداتەوە.

هەتا بڵێی پێکەوە سەرخۆشن...

لە کۆڵانێکی تەنگەبەر لە نزیک کولتەپە بەکرشەیتانم دی. کۆت و شەڵواری لە بەر کردووە. هەروا ڕاست و ڕێکوپێک بەو چاوە ڕەشانەیەوە.

ئەویش منی ناسییەوە. پێی گوتم: نووسەری کتێبی خۆرنامە... پێی گوتم: زۆر جوان ماوی...

بەکر نامورادی مامۆستای باشی زانکوی لاسە. زۆر لە مێژ نییە ئەو زانکۆیە کراوەتەوە. بە زمانی کوردی وانە دەڵێتەوە و باسی ئوستوورە کۆنەکانی کوردیان بۆ دەکا. لە زانکۆ، کۆمەڵناسیی کورد تاوتوێ دەکا.

ـ کورد شەوانە لە دەوری ئاگر خڕ دەبوونەوە و خۆرنامەیان دەخوێندەوە.

بە منی گوت: دەبێ بێی لە زانکۆ لەسەر بەشی «سی» قسەمان بۆ بکەی.

ـ وا باشە سبەی دوانیوەڕۆ دوای جێژنی قوربان هەموو ئەو خوێنەرانە خڕکەمەوە وا خۆرنامە دەناسن.

پێکەوە چووینە کافەی کافکا و چایەکمان خواردەوە و هاتینە دەرێ. هەتا سەر پردەکەی کۆستە چووین.

بەکرشەیتان هێندێک سەوزی لای سەرهەنگ مەنسووری کوڕی دێنێ و هێندێک نان لە دادار دەکڕێ. لە بیرمان نەچێ دادار نانەواخانەی لە قەڵا داناوە و زۆر باش نان پێوە دەدا و هەموو گیانی ئاردێکی سپی داپۆشیوە.

دادار، مووسا ناناسێتەوە.

بەکر پێی دەڵێ: دادار! ئەو پیاوە هەر ئەو کەسەیە خۆرنامەی نووسیوە.

دادار بە بیستنی ناوم، باوەشم پێدا دەکات و دەڵێ:

ـ بەڕاستی تۆ ئەو پیاوە پاکەی!... ئەگەر لێرە بمێنیەوە، تەکیەت بۆ دروست دەکەم، خۆرنامەت بۆ بڵاو دەکەمەوە...

توزێک گیانە ئارداوییەکەی خۆی دەتەکێنێت و بانگهێشتم دەکا بۆ نانێکی گەرم و چایەک و تۆزێک پەنیر.

بەکر شەیتان ئەو پیاوە نەماوە. لەگەڵ دادار نێوانیان زۆر خۆشە و بڕیارە ئەسمەر وا بێوەژنە بیدا بە بەکر نامورادی.

باوکی بەکر هەروا ماوە و جارجار ویسکی دەخواتەوە و بە گۆچانێکەوە هەتا شەقامی ٥٥ دێت و پیاسەیەک دەکا و دەگەڕێتەوە.

بۆ نەهار دەچمەوە ماڵی دادار و سفرەیەکی جوان دەڕازێننەوە: یارەبی بەخێر بێی.

ئەسمەر تۆزێک گەڕاوەتەوە. بەڵام هەروا جوان و خاڵی ڕەشی بە پەنا لێوەوە ماوەتەوە.

دەڵێ: بەڕاستی خۆرنامە کتێبێکی جێگای ڕێزە. دروستە زمانێکی ئایینی هەیە، بەڵام من بە کتێبی ئایینی نازانم.

دادار لیوانێک ئاوم بۆ تێدەکات و پێی وایە باسی ڕابردوو باش نییە، بیهێنییە پێشێ گوێی مەدەنێ...

ساتیار لە چەشنی پیاوێکی زۆر ئازا و بوێر باس دەکەن، بەڵام ئەو ژنێکی زۆر ساکار و دووکانێکی نەججاڕی چکۆلە و ئێواران لەگەڵ سەرهەنگ مەنسوور هەتا پارکەکەی لای تەتەهووەوە دەچن و پیاسەیەک دەکەن و لە پیاڵەفرۆشییەک چۆڕێک ئارەق دەخۆنەوە و دووراودوور ئاگام لێیانە ئاماژە بە من دەکەن و جگەرە دەکێشن. وا دیارە ساتیار هەڕەشە لە من دەکا.

دووربینێکی باشی ڕاو وەدەست دەخەم و تۆزێک دوورتر چاو لە کاتووزین دەکەم. تۆزێک دوورتر لە پشت دارچنارەکانەوە سەیری سوودابە دەکەم، وا دەست لە ملی سەرهەنگ، سێ چوار منداڵی بە دواوە.

دەبێ لە جێیەک تەنیا گیری بێنم و پێی بڵێم: سەرکەوت گەورە بووە؟

دەبێ جۆرێک لە ساتیار نزیک بمەوە و پێی بڵێم: دوژمنایەتی تۆ لەسەر چییە؟ چ خراپەیەکم لەگەڵت بووە؟

لە نێو سەوزەفرۆشەکانی چاکەچکۆلە دەیبینمەوە. خەریکە تۆزێک گێلاس دەکڕێ. دەمهەوێ سڵاوی لێ بکەم و سەری قسە بکەمەوە. پیاوێک لە شانم دەدا و ماچم دەکا. دەڵێ:

- برایمۆکی قادریم.

ئەرێ، دوو سێ جار دیومە.

ـ لە بیرتە لە ئیسفەهان لە ماڵی وەزیری ئەعزەم...

زۆری پێ تووڕە دەبم. کارەکەی لێ تێک دام. بۆنی سوودابە باش دەناسمەوە. پێم وایە ئەویش منی ناسییەوە. مەگەر چەند مانگە یەکترمان نەدیوە! بۆ دەبێ نەمناسێتەوە؟

دێت و لە پەنامەوە دەڕوا.

برایمۆکی قادری زۆر خۆشحاڵ چاوم لێ دەکات و دەڵێ:

- بەڕاستی تۆ مووسای؟

سوودابە گورگاوڕێکم لێ دەداتەوە. شتەکانی لە دەست دەکەوێتە خواری و چارشێوەکەی لەسەر دەکەوێتە عەرزی. خێرا دادێتەوە و لە بنەوە چاوێکم تێ دەبڕێ و خڕی دەکاتەوە و دەڕوا.

برایمۆکی قادری زانی هۆشم لە سەری نییە و چاو لەو ژنە هەڵناگرم... بە ساردی ماڵئاوایی لێکردم و ڕۆی.

بۆ داوەتی بەکر نەچووم. باوەڕم بەو پیاوە نییە... نەکا هێندێک خەڵکم لێ خڕ کاتەوە و ئابڕووم بەرێ. وا باشە هەر لێی نزیک نەبمەوە.

زۆری شـوێن نـاکەوم. لەوبەری شـەقامی کـۆنەوە سـواری تاکسـی دەبـێ. خێـرا خـۆم دەگەیەنم و سوار دەبم.

سوودابە تۆزێک نامۆ دەکشێتەوە.

شۆفیر پێم دەڵێ: وا باشە بێیە پێشێ.

لە پێشێ دادەنیشم و دەڵێم: دەربەست بۆ میراوا.

شۆفیر چاوێکم لێدەکا و منیش چاوێک. دیسان برایمۆکی.

خۆم خۆشحاڵ نیشان دەدەم و دەڵێم: برایمۆکی قادری تۆی؟!

لاق لەسەر گاز دادەنێ و دەڵێ: خۆشحاڵم دەتبینمەوە!

جارجار چاو لە سوودابە دەکەم. ئەویش وا دیارە لە بنەوە چاوم لێ دەکا.

برایمۆک زۆر بە دیار وەزیری نەخۆشـەوە مـاوە. زۆر وڵاتـی بـرد و گێڕای. هەتـا وەزیـر چاک بۆوە و ئەلان لە ئیسفەهان دەژی.

ـ جارجار دەچم بۆ لای.

لێی دەپرسم: ئەی کچەکەی؟!

بە ئاخێکەوە دەڵێ: سێ ساڵ دوای زەماوەندەکەمان بە هۆی شێرپەنجەوە سەری ناوە.

دەگەینە سەر پردەکەی کۆسە.

ـ من لێرە دادەبەزم.

ـ بڕیار وا بوو هەتا میراوا بێی.

پێش ئەوەی دەرگا پێوە دەم، ڕوو لە سوودابە دەکەم. دەڵێم:

ـ ئێستا سەرکەوت خڕەکە بووە و گڕوگاڵ دەکا...

سوودابە ڕادەچڵەکێ و بە لەچکەکەی بەر دەموچاوی دەگرێ.

دەرگا پێوە دەدەم. تاکسی دوور دەبێتەوە. وا دیارە خۆیەتی، وا دیارە باشم نیشانە گرتووە.

لەسـەر پـردەکە بـایەکی فێنکـی ئێـوارانی هـاوینی دێـت. وا دیـارە سـبەی جێژنـە، جێژنـی قوربان. خەڵک خۆیان تەیار دەکەن و باسی قوربانی دەکەن.

خەریکە شەو دادێ. ڕوو لە کوێ کەم؟! ئەوشۆ حەوتوویەکە لە موسافیرخانە ماومەوە. پارەکەشم وردە وردە تەواو دەبێ.

بە شەقامی سەقزدا دێمە خوارێ. ساتیار شان لە شانم دەدا و بە توورەییەوە ئاوڕێکم لێ دەداتەوە و مۆڕەیەکی توندم لێ دەکات.

دەمهەوێ قسەیەک بکەم. ئەو لێم دەگەڕێتەوە و پێم دەڵێ: بۆکان شارێکی باش نییە بۆ تۆ... بۆ ناچی بۆ مەریوان، بۆخۆت ئیشی ماسیگری بگرە پێش و لەوێ ژن بێنە، با وەک من منداڵی سەروپێچکەت هەبێ! بۆ ناچی بۆ ورمێ... بەیانیان بە بۆنی زەریاچەی سوێری ورمێ لە خەو هەستی!

دەستێک لەسەر شانم دادەنێ و پێم دەڵێ: دووکانیش شارێکی ناخۆش نییە... بەڵام لە هەموویان خۆشتر وانە... وانی تورکیا... لە پەنا زەریاچەکەی ماڵێک بگرە و ژن بێنە و با دوو سێ منداڵت بێت، ڕۆژگارێک لە بوومەلەرزەکەیدا هەمووتان تێدابچن...

تکام لێ دەکا بڕۆم... دوور کەومەوە:

پێم خۆش نییە بتکوژم.

بە دڵی پڕەوە پێم دەڵێ: نەدەبوو باسی ئەو پیاوکوشتنەت لە خۆرنامەدا کردبا... نەدەبوو چارەنووسی من پیاوکوژێکی بێ وڵات بێت...

ــ بڕۆ... کوێ دوورە ڕووی تێکە... منیش بڕیارت پێ دەدەم لە بۆکان نەیەمە دەرێ و هەرگیز دەست بۆ دەمانچە نەبەم.

ــ خەتای خۆتە... خۆت لە خۆرنامەدا وات باس کردووە... خۆت چارەنووست ئاوا پێ باش بووە... بڕۆ... بڕۆ... ئاوڕ مەدەوە...

ڕۆیشتم. ئێوارێی جێژن بە ئوتووبووسێک لە بۆکان دوور بوومەوە. بە لاچاوێکی هەڵقلێشاو و بە گوێیەکی بەباچوو و بە لاقێکی شەلەوە.

لە دووررا ساتیارم بینی، دەستم بۆ هەڵدێنێ. کاتووزینم بینی سەیرم دەکا. برایمۆکی مات ماڵئاواییم لێ دەکا. دادار پێم دەڵێ: هەولێر شارێکی خۆشە. بەکر دەست لە ملم دەکا و هێندێکم دینار دەداتێ: لەوێ بەکەڵکت دێت...

لە کاتی سواربوونی ئوتووبووسدا سوودابە دەمگاتێ: سەرکەوت لە کوێیە؟

ـ لە ئیسفەهانە... لەو ماڵە دارینەی ساتیار بۆی داتاشی...

کاتووزین خۆی و پرووشە و شەمێ هەتا دوور دەستم بۆ هەڵدێنن... چەند تاڵە ئەو دەستهەڵێنانە.

سەر لە بن خۆم دەنێم و هەتا لە بۆکان و خاکی بۆکان دەرنەچووین سەرم هەڵنەهێنا.

بە ئاخێکی تاڵەوە سەر هەڵدێنم. لە پەنامەوە پیاوێکی دیکە بە ئاخێکی تاڵەوە ڕوو وەردەگێڕێ. دەڵێ:

ـ خۆزگە دەمتوانی لێرە بمێنمەوە.

سڵاوم لێ دەکا. برایمۆکی قادری پیاوی کورتەباڵای خۆشوێژی گۆرانیزان. دەزانێ گۆرانییەکانی خالەقیم پێ خۆشە.

لێی دەپرسم: تۆ بۆ دەڕۆیە دەرێ؟

ـ ماڵی مامێکم لە هەولێر هەیە، دەچم لە لایان دەمێنمەوە. لێرە کێم هەیە دڵی پێ خۆش کەم؟! وا باشە سەری پیری لە نێو خزم و کەسی خۆم بمرم، باشە هەرچەند لە خۆرنامەدا وا نەنووسراوە.

ـ چی نووسراوە؟

بە بزەیەکەوە پێم دەڵێ: لە لاپەڕەی سیدا نووسراوە برایمۆکی قادری لە غوربەتدا دوور لە کەسوکاری خۆی دەمرێ.

بە بزەیەکی باریکەوە قسەکەی دەبڕێ، چاوێک لە دەرێ لە نێو شار دەکا و دەڵێ: ڕێکەوتووم بۆ شکاندنی ئەو قسەیەی خۆرنامە...

بێدەنگ دەبین هەتا لە سەقز دەچینە دەرێ.

ـ تۆ قەت هەولێر چووی؟

ـ پێم وا نییە!

نازانم بۆ وای وەڵام دەدەمەوە.

لە دەرێ بای دێ. بایەکی توند دارەکان دەشەکێنێتەوە. بیر لەوە دەکەمەوە بۆ من دەبێ شتی وام لە خۆرنامەدا نووسیبێ.

داوای خۆرنامەی لێ دەکەم. لە باغەڵی کتێبێکی کۆن دەردێنێ. باسی ئەوە دەکا دەست کەس ناکەوێ. کتێبێکی کەم و گرانبابییە. باسی ئەوە دەکا بە گۆچانێکی دەسکزێوم گۆڕییەوە.

دەیکەمەوە. خۆیەتی. هەمان خۆرنامەی کە خۆم نووسیم، یان بە قەولی ساتیار خرم کردەوە. هەڵبەت دادار ئەو مۆڵەتەی بۆ خولّقاندم.

بە شیعرێکی ڕەفیق سابیر دەستپێدەکات.

لاپەڕەی سی دەبینمەوە. هەر لە هێڵ و ڕستەکانی سەرەتاوە، باسی بەسەرهاتی مەرگی برایمۆک دەکا. چاوێکی لێ دەکەم. وا دیارە ڕاستە. وا نووسراوە... لە مەیدانی نەخشی جیهانی ئیسفەهان دڵی ڕادەوەستێ و دەکەوێ.

لە کۆتایی ئەو ڕستەیەدا باسی کوشتنی خۆم هێناوەتە ئارا... ساتیار لە تەجریش لە نێو حەرەمی ئیمامزادە سالّح دەمکوژێ.

وا دیارە برایمۆکی نازانێ منم مووسا نووری، نووسەری ئەو کتێبە... بۆیە وردە وردە خەوی لێ دەکەوێ.

هەروا برایمۆک خەوی لێ دەکەوێ. لە بانە دەچینە دەرێ و خۆرنامە لێک دەدەم. چاوم بە وێنەیەک دەکەوێ. وێنەی ڕووتی کاتووزین. پاڵی بە پاڵی پیاوێکەوە داوە. دەموچاوی بە باشی دیار نییە.

گوێی نادەمێ. خێرا پێوەی دەدەم و لە باغەڵی دەخەم و دەخەوم و هەتا دەگەینە سەر سنوور...

لەسەر سنوور ماشێنەکە بە سەر مینێکی کۆنی بەعسییەکان دەپەڕێ و مین دەتەقێتەوە. کەس هیچی لێ نایە. تەنیا تۆزاوی دەبین. بانگی برایمۆک دەکەم... وەڵام ناداتەوە.

برایمۆک لەسەر سنووری ئێران و عێراق دەمرێ. منیش تۆزێک لاقم بەر دەکەوێ. دوای حەوتوویەک لە نەخۆشخانەیەکی سنە بە لاقێکی شەلەوە دێمە دەرێ.

## ٣

وەرەز بە نێو کتێبەکانی دایکمدا دەگەڕێم. دوکتۆر کاتووزین لە زانکۆ وانەی کومەڵناسی دەڵێتەوە. هەر لە منداڵییەوە جار جار سەری بە نێو کتێبی شیعردا کردووە. بە قسەی خۆی لەگەڵ هاژە خاتوونی شیعری ئەو ڕۆژگارە ئاشنایە و هاتوچۆی لەگەڵی هەیە.

شیعرەکانی هاژە دەست دەدەمێ. لە مابەینی چەند کتێبی شیعری دیکە دەیهێنمەوە دەرێ. منیش هەر جارجار سەری لێ دەدەم. شیعرەکانی زۆر خۆشە.

دایکم بۆ ئەوەی نیشان بدات هاژە ڕۆژگارێک هاواڵی بووە، چەند وێنەی کۆنی نیشان دام...

کچێکی باڵابەرز لەولاتریان ڕاوەستاوە.

دایکم باسی ئەوە دەکا: ئەوە ئەسمەرە... خوشکی گەورەی هاژە.

لە پشت بەرگی کتێبەکە بە خەتێکی شین نووسراوە: سوودابە.

ئەوەی لای من سەیرە نازناوی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ دایکم یەکە.

دایکم بە بزەوە دەگێڕێتەوە: باوکت ئەوینداری ئەو کچە باڵابەرزە دەبێ. حەیف هەر لە سەردەمی لاوی، ئەسمەری خوشکی گەورەی سوودابە تووشی شێرپەنجە دەبێ و دەمرێ و دوای سێ ساڵ باوکت تووشی من دەبێ و بیری لەدایکبوونی "سالم"ی لە زەینمدا چاند.

براچکۆلەکەم ناوی سالمە. ساڵەکانی کۆتایی قوتابخانەیەتی و لاوە و زۆر گوێ نادا بە ڕۆژگار و ڕۆژ هەتا ئێوارێ شوێن کیژان دەکەوێ و لە تاویان نەخۆش دەکەوێ. ئەوی گوێی ناداتێ، دەرسەکانیەتی.

بە چاویلکەیەکی ڕەش و شەڵوارێکی شینەوە سواری ماتۆڕێکی سەردەمیانە دەبێ.

دەنگی دەرگای دەرێ دێ. چاوێک لە کاتژمێر دەکەم. هەشتی شەوە.

دەیکەمەوە. ژنێکی چارشێوبەسەری خۆلاوی، کە چاوەکانی باسی سەردەمێکی تاڵ دەگێڕنەوە.

خۆی دەڵێ: هاژەم... هەر شەوێ لە ماڵێک میوان دەبم... ئەوشۆ میوانی ماڵە دەرگا شینە چکۆلەکەی ئێوەم.

فەرمووی دەکەم بێتە ژوورێ. بە دووامدا دێتە ژووری. فەرمووی دەکەم بۆ هاڵەکە و لە پەنا T.V دادەنیشێ. لە من گەورەترە و باڵابەرزتر. چایەکی بۆ دادەنێم و پێم دەڵێ:

- هاژە منم.

لام سەیرە... یانی تۆ

– بەڵێ من هاژەی شاعیرم و کتێبی باڵندەی غەریبی مانگم سێ ساڵ لەوە پێش داوەتە دەرێ.

– یانی نەتخوێندۆتەوە؟

دەیداتە دەستم.

چایەکی دیکەی بۆ دێنم.

– هەر شەوەی لە ماڵێک و شیعرێک دەخوێنمەوە.

– ڕاوەستە دایکم و ئەوان بێنەوە

– هاتووم شیعر تەنیا بۆ تۆ بخوێنمەوە.

– بەڵام دوکتۆر کاتووزین

– شەوێکی دیکە دێم و شیعر بۆ ئەوانیش دەخوێنمەوە.

هەرچی بەر بە خوێندنەوەی دەگرم، ناتوانم و ئەوانیش هەڵناستن بێنەوە. باوکم دەفە باش دەژەنێ.

– ڕاوەستە دایکم بێتەوە.

ڕاناوەستێ؛ شیعرەکەی دەڵێ..

– کۆتری ڕووتی مانگ

بە کۆخەیەک هەڵدەستم و لیوانێک ئاو دێنم

ـ ئەگەر دەکرێ لە ئەوەڵەوە

ـ مانگی دووری لەشی تۆ

دەمهەوێ هەستم.

لێم توورە دەبێ: گوێم دەیە.

چەتیوە زۆر بێشەرم لە توێی شیعرێکدا خۆی بۆ من ڕووت دەکاتەوە. کراس دادەدڕێ و دایدەکێشێ و بۆم ڕادەکشێ.

بۆ تەواوی ناکات؟ مەگەر هەر شیعرێک کۆتاییەکی نییە!

هەرچی لە درگا و پەنجەرەوە دەڕوانم، ئەوان نایەنەوە. لە دەرگا نادەن.

بە شیعری دوکمەی با... دەستی بۆ کراسەکەی من هێنا.

بە کۆپلەی: بزانم مانگ لە نێو دڵی تۆدا چی دەکا... لێمگەڕێ دەست بەرم.. دەست بکێشم بە چناری باڵاتدا..

ئای کۆتری ڕووتی مانگ...

بێدەنگ نابێ. هەڵدەستم بڕۆمە دەرێ. پرچی لە لاقم دەهاڵێنێ و دەمگێڕێتەوە.

ـ گوێ بدە ڕۆحی من.

ـ لە توێی مانگێکی ڕووتدا کڕنۆشت بۆ دەبەم، سەرداری خۆم.

لەگەڵ منیەتی. کوڕی ساتیار، ساتیاری بوێری ڕۆژگاری نزیک.

پێی دەڵێم: سوودابە من لە سەمادا سەرم لە گێژەوە دێ. وا باشە دەست لەو سەمایە هەڵگرین.

پێی دەڵێم: چ میوانێکی؟ بۆ ناڕۆی؟!

پێی دەڵێم: سەیرە تۆ لە شەیتان دەچی! گیانت بۆ وا ڕەش و لەشەڕە؟

شەودرەنگانێک چرایەکی لا جێ هێشتم و ئاگاداری کردمەوە ئاگات لێی بێت. بە هێڵێکی مێژوویی بەشێک لە خۆرنامەی لەسەر نووسراوە.

ئەگەر شەوانی ڕەمەزان بیبەیە قەراغ چۆمی و لەبەر سۆمای مانگی نیوەشەو ئاوێکی فێنکی پێداکەی، دەتوانی من ببینیەوە.

چراکەم لەسەر تاقەیەک دانا، لە دیوەکەی خۆم، لە پەنا پەنجەرە.

هاژە جلەکانی دەست دایە و لەبەری کردن و چووە دەرێ. ماچی کردم.

ــ بڵێی شەوێکی دیکە تووشی تۆ ببمەوە.

هەتا دوور دەڕوا و دەستم بۆ هەڵدێنێ.

ماشێنێک بەو نیوەشەوە دێتە خوارێ. ماشێنێکی نوێی سەردەمیانەی گرانبایی. لە پەنای هاژە ڕایدەگرێ و هاژە لە پێشەوە سوار دەبێ و ماشێن بە پشتاوپشت دواوە دەگەڕێتەوە و لێم دوور دەبنەوە.

دەرگا پێوە دەدەم و دوو هەنگاو دوور نابمەوە، دەنگی دەرگا دێ. خێرا دەگەڕێمەوە و دەیکەمەوە. دایکم و ئەوانن. سالم بە ماتۆڕەکەی دێتە ژوورێ. سالم ئەوەی باشە وەک من لە نوێژ و ڕۆژوو دوور نییە.

دایکم بۆن دەکێشێ: وا دیارە میوانت بووە؟

ــ هاواڵێکی ئازیزم هاتبوو بۆ لام.

دایکم زیاتر بۆن دەکێشێ. باوکم دەڕواتە ژوورێ. خۆ بە دیوەکەمدا دەکا. سالم دەست دەبا بۆ چرا و چاوی لێ دەکا.

دایکم پێی وایە لە جێیەک ئەو چرایەی دیوە. باوکم بۆنی پێوە دەکا.

ــ وا دیارە شتێکی مێژووییە. لە کوێت بوو؟

بە شۆخی و پێکەنین لە دەست باوکمی وەردەگرم و دەڵێم: هاواڵێکی خۆم لەوانە دروست دەکا. بۆ دیاری ئەوشۆ بۆی هێناوم.

سالم لێم دەپرسێ: بۆچی دەبێ؟... هەڵیشدەکرێ؟

پێیان دەڵێم: ئێوە خەوتان نایە؟

دایکم هەروا بۆن دەکێشێ: یانی چی؟

لەبەر خۆیەوە هەروا دەڵێ.

– چی یانی چی؟

باوکم لێی دەپرسێ.

دایکم بۆن بە پەنجەرە و باڵنجەکانەوە دەکا:

چاو لە سووتووی قوونچکە سیگارەکان دەکا. دەست بە پەردە و دیوارەکاندا دەکێشێ.

لە بن گوێی باوکمدا قسەیەک دەکا.

باوکم لە بنەوە چاوم لێدەکا و ددان ڕیچ دەکاتەوە. ماوەیەک چاوم لێ دەکەن و دووایەش دەڕۆنە دەرێ.

لە زمانی دایکمەوە بیستم پارشێو بۆ شەوی سێیەمی ڕەمەزان لە خەو ڕاست دەبنەوە.

ئەو شەوە فریا نەکەوتم. بەیانی هەتا ئێوارێ نازانم چون تینوو و برسی لە بەیانییەوە کۆڵان و شەقام و بازاڕ نەبوو نەگەڕێم. مەگەر میراوا چەندە گەورەیە! کۆڵانەکانی هەتا دووی دوانیوەڕۆ گەڕام.

بۆ ناتوانم بگەڕێمەوە. هێندێ شت هەیە نابێ گوێی دەیەی. وەکوو ئەو چوونەی من.

لای ئێوارێ لە پەنا مزگەوتێکی کۆن لادەدەم و لە پەنا حەوزەکەی چۆڕێک ئاو دەخۆمەوە و لە بابۆڵەفرۆشییەک، پارووییەک نان دەخۆم. دەستێک بۆ چراکەی ژێرباغەڵم دەبەم. وا دیارە ماوە. هەنگاوم هەڵێناوە لەسەر حەوزەکە دوور بوومەوە. لە پشتەوە کەسێک زۆر توند و پیاوانە سەری گرتم و توند لە نێو ئاوی حەوزەکەی کێشا و دەستی برد و چراکەی دەرهێنا. پێم وایە دوو کەس بوون لە ژێر ئاوەکە هەناسەم توند کرد و ترساو بیرم لەو دەستانە دەکردەوە. دوو سێ بڵقم بە ئاوەکە دا و دستەکە توند لاچوو و منیش توند سەرم هەڵێناوە، ئاوم بە وڵاتدا پرژاند. لە نێو چۆڕەچۆڕی ئاودا کچێک دەبینم. توند هەڵدێ و لاقی لە دەرگای دەرێی مزگەوت دەگیرێ. توندوتۆڵ هەڵدەستم و بە چۆڕەچۆڕی ئاوی نێو حەوزەکەوە بەرەو دەرگا هەڵدێم. ئافرەتە تیژ هەڵدێ و سواری ماشێنێک دەبێ. زۆر بە هێز و توند سەرمی گرت و کردی بە ژێر ئاودا. لە دەستی ئافرەت نەدەچوو.

حەسارێکی چکۆلەی چۆڵ. تەنیا مجێورێکی پیر دیارە. بەردەرگای مزگەوت گەسک دەدا. دەستێک بە سەری تەڕمدا دێنم.

ــ مەگەر هاژە کێیە؟... بڵێی هەر ئەو ئافرەتە نەبێ؟

هەروا لە مزگەوت دوور دەبمەوە و بیر لەو ئافرەتە دەکەمەوە. حەتمەن پیاوە و بە جلی ئافرەتانەوە بۆم هاتووە. هەر کەسێک بێت، چراکەی دزی!

بەو بیرە ئەویش بچێتە سەر تەتەهوو، بە ئاوی فێنک چرا بشوا، شوێن تەتەهوو دەکەوم. هەتا بەیانی بە داوێنی تەتەهوودا گەڕام. کەسم بەرچاو نەهات. زۆر بە وردی سەرێ و خوارێم دەکرد.

هەرکەس بێ، کاری خۆی کرد.

بەو هیوایە بە کۆڵانەکانی میراوادا هەڵگەڕامەوە. لەوبەری مزگەوتە کۆنەکە بە کۆڵانێکدا گەڕامەوە. نەگەیمە بەردەرگا، هاژە دەگاتە سەرم.

ــ لە من دەگەڕێی؟!

پێم دەڵێ: ئەوشۆ لە ماڵێک دەچینە ژوورێ، کەسیان لە ماڵ نییە. ماڵێکی چکۆلە، بە تاقە دیوێک، پڕ لە کتێب.

لە مەجبووراوا لەبەر دەرکی ئەو ماڵە ڕادەوەستێ و پێم دەڵێ: چۆنە ئەوشۆ تو میوانی من بی؟

بە دوایدا دەڕۆم. بە نێو شەوە فێنکەکانی مانگی ڕەمەزاندا.

باشی ناناسم. تۆزێک کەڵەگەت و چاوی جوانە، بەڵام حەیف تۆزێک کزە. بە تەمەن بیست ساڵ لە خۆم گەورەتر دەنوێنێ.

ژنێکی چل ساڵەی مووی سەر شەڕابی، دوو کۆڵان ئەولاتر دەرگایەکم لەسەر هەڵدەگرێ. حەسارێکی بەتاڵ. دوو سێ دیوی چۆڵ. لە دیوێکی چکۆلە فەرشێکی کۆن ڕاخراوە.

پێم دەڵێ: شەڕاب دەخۆیەوە؟

ــ نا، من لەگەڵ ئەوانە یەک نیم. پێم خۆشە دایمە هۆشیار بم.

شـیعرێکی مەحـوی دەخـوێنێ. بە گـۆرانی شـیعری نـالی دەڵێـتەوە. بلـوێرێکی هەیە و سفرەیەکی چکۆلە. چەند لاپەڕەی سپی.

ــ وا دیارە دەتهەوێ شیعر بڵێی؟ یان بنووسی؟

تروومپایەکی چکۆلە لە حەسار لە ژێر سۆمای مانگدا دیارە.

ــ ئاوی ئەو تروومپایە دەبێ فێنک بێ.

گوێ ناداتە قسەکەم. بە تۆزێک بێدەنگی دەپرسێ: کەس نیگەرانت نییە؟

ــ بێجگە لە تۆ کێ دەتوانێ من نیگەران کا؟

بە بزەوە هات بۆ لام و گوتی: وا دیارە تۆش دەستی شیعرت هەیە!

دەست لە نێو دەستم دەنێ.

لێم دەپرسێ: تو کوڕی کێی؟

ــ ساتیار. پیاوێکی نەججارە.

ــ تۆ کوڕی کاتووزین، کاتووزینی کورتەباڵا... کاتووزینی پاشەبەرە...

لە باوەشم دەگرێ و لامپاکە دەکووژێنێتەوە.

پێـی دەڵـێم: هەمـوو شـەوانی عـومرم ئـاواتم وا بـوو شـەوێک لەگەڵ شـاعیری "خەونە هەرزەکـان"دا بـخەوم... وا باشـە بە پەلە بـین، بە قەولـی خەییـام نەکـا لە دەسـتمان بچـێ.... پەشیمانی دەردێکی گرانە...

وام وەڵام دەداتەوە: بەڵام گوناە دەردێکی گرانترە.

لێی دەکشێمەوە. دەستی توندتر ئەوکم دەگرێ.

ــ بۆ کوێ؟ نیوەکارە هەڵمەیە! تو کوڕی ساتیاری بوێر و قارەمانی. چۆن دەبێ بترسی؟

ــ دەبێ نەترسم؟

ــ ترس باش نییە. ترس تاریکییە. تاریکی ئەهریمەنە. ترس بەشێکی زۆری ئەهریمەنە.

ــ وا باشە منیش بەهێز و بوێر لەگەڵ تۆدا بخەوم.

ـ شیعرێکم هەیە بەو نێوە «بەردە بوێرەکانی بەهەشت» لەسەر دەنگی خالەقی بەشێک لەو شیعرە دەڵێ.

هاژە سەیری سەرمی بە دیار خۆیەوە گەرم کرد. نەمزانی چۆن پارشێو هات و دەبێ من بگەڕێمەوە ماڵێ. باوکم دەمکوژێ. لە چەشنی گەڕیدە و بەرەڵڵا قسەم پێ دەڵێ.

هەڵدەستم و بە سەر دیوارەکەی ماڵێدا ئاوەژوو دەبمەوە. توند ئەو کتێبەی هاژە دایمێ، گرتوومە. بە سەری پەنجە بە نێو پەنجەرە کراوەکەدا دەچمە ژووری. وەکوو دەنگیان دێ، تازە خەریکە لە خەو هەڵدەستن. دەنگی دایکم دێ. بانگم دەکا بۆ پارشێو. گوێی نادەمێ. بێپارشێو بەڕۆژوو دەبم.

کات دەی بەیانی لە خەو هەڵدەستم. وا دیارە کەس لە ماڵێ نییە.

ئاوێک بە دەموچاومدا دەکەم. گوێ ڕادەگرم لە کۆڵان دەنگی ماشێن و منداڵ و چەند پیرێژنی هاوسێمان دێ. دەنگی ورکەنانفرۆشێک دێ وا حەوتووی جارێک بە کۆڵانی ئێمەدا دێ.

بێ ئەوەی دەست بۆ جلەکانم بەرم، دەستم بۆ کتێبەکە برد. خۆرنامە.. زۆر ڕێکوپێک و جوان لە هەولێر چاپ کراوە.

مووسا نووری نووسەریەتی.

زۆری گوێ نادەمێ و لە لایەکی دادەنێم و بە دەم ڕووداوی شەوی ڕابردووەوە لە جێی خۆم خەوم لێ دەکەوێ. هەتا بانگی شێوان خەبەرم نابێتەوە.

هەواڵێکم هەیە باوکی ناوی برایمۆکی قادرییە. باوکی گۆرانی دەڵێ و گۆرانی فۆلکلۆر و کۆن باش دەناسێ.

هاژە دوێنێ شەوێ گۆرانییەکی سەیری گوت، زۆر لە فۆلکلۆر دەچوو. بۆیە هەر ئەو کاتە لەبەرم کرد و بۆ مام برایمۆکیم خوێندەوە.

بە بزەوە وەڵامم دەداتەوە: ئەو بەشێک لە لاپەڕەی سییە. باسی خەونی هەرزەکاری و لەشی ڕووتی ژن دەکا...

بۆ هەموو لاوێک ئاساییە.

ـ بەڵام ئەوە شیعرە.

ـ جوان سەیری ئەو وێنەیە کە. وێنەی ڕووداوێک، سەیری وشەکانی کە، زیاتر لە وێنە دەچێ.

ئەویش خۆرنامەیەکم دەداتە دەستی و دەڵێ:

برۆ بیخوێنەوە.

دەیدەمەوە: خۆم هەمە.

لێی دەپرسم: مووسا کێیە؟

ـــ پیاوێکی گەورە و پاکی کورد و .. هەزاران ساڵ لەوە پێش ژیاوە و لەگەڵ تاریکی بەشەڕ هاتووە. تاریکی خەنجەرێکی بە نێوچاوانی مووسادا هێناوە و گوێیەکی نەماوە و تۆزێک دەشەلێ.

پێم دەڵێ: بۆ پتر زانین بچۆ لای مامۆستا بەکر نامورادی... لە زانکۆیەکی ئێرە کۆمەڵناسی دەڵێتەوە؟

لە پارک دیتمەوە. سڵاوم لێکرد و پرسیم: مووسا کێیە؟

تۆزێکی چاو لێکردم و گوتی: نووسەری خۆرنامەیە. خۆرنامەش ڕۆمانێکی باشە... حەتمەن بیخوێنەوە.

ئەوجارە دەگەڕێمەوە بۆ خوێندنەوەی. پێی دەڵێم: لە زانکۆش دەرس دەڵێتەوە.

چاوێکم لێدەکا و دەڵێ: باشی دەناسم. ئەگەر چوویەوە، سڵاوی پێ بگەیەنە.

ـ لە دادار چ خەبەر؟

ـ سێ ساڵ دەبێ باوەگەورەی سەری ناوەتەوە.

سەرێکی بۆ دەلەقێنێ. پیاوێکی پیرە و زۆر حەوسەلەی قسەکردنی نییە.

پێش ئەوەی دەرگای ماڵێ بکەمەوە، هاژە دەگاتە سەرم:

ـ لە چی دەگەڕێی؟ لە چی دەکۆڵییەوە؟

ــ دوای شتی پووچ مەکەوە.

ــ کارێک مەکە بگەیە بۆشایی!

ــ مەگەڕێ. گەڕان باش نییە.

ئەوە لە قسەکانی مووسایە.

مەیخوێنەوە، خۆرنامە مەخوێنەوە.

شوێنی دەکەوم، بە چارشێوێکی ڕەشەوە، جووتێک کەوشی جیرەوە لە پێشمەوە دەڕوا.

ــ کارێک دەستت پێ کرد. دەبێ تەواوی کەی.

لەگەڵی دەچمە ئەو ماڵە. ئەو دیوە پڕ لە کتێبە. ئەو دیوە چکۆلە و گەرمەوە. پێم دەڵێ: تۆ چیت لە گیانی من دەوێ؟

لە چاوترووکانێکدا جلەکانی فڕێ دا و لەسەر کتێبەکان ڕاکشا. دووپاتی کردەوە: تۆ چیت لە من دەوێ؟

من لێم پرسی: تۆ چیت لە من دەوێ؟

ڕووت هەستا و قژی پەرێشان کرد و باریک لە نێو کتێبەکان دەمانچەیەکی دەرهێنا و دوگمەی کراسەکەی ترازاند و باسی کوشتنی پیاوێک بە ناوی مووسا نووری بۆ باس کردم. بە دەم پیلانێکەوە دۆخینی شل کردمەوە.

ــ هاژە ئەوجارە بکشێوە.. من زۆر دەترسم.

ــ تا کەی دەبێ بترسی؟ بگەڕێوە وڵاتی خۆت... سەرکەوتوو بە...

پێم دەڵێ: ئەگەر دەتوانی جێم بێڵە...

سەیری لەشی ئەو ژنەتیوە کێشامییە دەرێ لە ماڵێ. دەرکرام. نەیانهێشت بێمەوە. بە قەولی دایکم هەتا بۆنی ئەو ژنە هەرزەیەت لێ بێ، بەو ماڵەدا نەیەوە. دەیانزانی شوێن هاژە دەکەوم. ئەوان بە ناوی خۆی باسیان دەکرد: سوودابە ئاگرمان تێبەر دەدا.

باوکم: بۆ ئەو شەیتانە وێڵمان ناکا؟

بە پشت ئەوانەوە هەڵدێم و لەوبەری میراوا لە پەنا دەرگایەکی شین دەیبینمەوە. دەمهەوێ هەر لەوێ لە پێش چاوی خەڵک لە باوەشی گرم.

ــ مەگەر نازانی مانگی ڕەمەزانە. هەر گوناهێک بە هەزار دەنووسرێ.

ــ مەگەر چیم کردووە؟

ــ تۆ خۆرنامە دەخوێنیەوە؟

ــ تازە خەریکم.

ــ خەریک مەبە. خۆرنامە کتێبێکی ئایینی کۆنە و باتڵ کراوە... لە لایەن ئیسلام و قورئانەوە گوناهە خوێندنەوەی. نەکا لە دین لادەی و لە کوێرەڕێگا کەوی... فڕێی دە... بیسووتێنە... لە بەینی بەرە...

ئەشهەدێک دەڵێ و دەچێتە ژوورێ و بە من دەڵێ: وا دیارە زۆر ماندووی. بڕۆوە ماڵێ. پشوویەک بدە... سێ چوار شەوە نەخەوتووین.

سواری تاکسییەک دەبم و دەربەست هەتا ماڵێ گیر نابم. بەڵام حەیف درەنگ گەیشتمەوە. کاتێک گەیشتمەوە، دایکم بەردەرگا دەماڵێ و باوکم لە هاتنەدەرێدایە.

ــ لە کوێ بووی؟

ــ حەتمەن دووای ئەو تاپۆیە کەوتووی!

دەمبەنە ژوورێ. باسی ئەو شاعیرەم بۆ دەکەن:

کەسێکی باش نییە. وا باشە لێی دوور ببیەوە.

سالم بە خۆرنامەوە دێتە ژوورێ. باوکم لێی وەردەگرێ و چاوێکی لێ دەکا. بە کاتووزین دەڵێ: چاوی لێکە. خۆرنامە، ڕۆمانی تازەی مووسا نووری...

کاتووزین لە دەستی دەڕفێنێ و چاوی لێ دەکا:

ــ خۆیەتی... دەبێ هەر ئەلحان بیخوێنمەوە.

ئەوجارە باوکم لە دەستی دەڕفێنێ.

ــ لەمێژ بوو چاوەڕێی ئەو کتێبە بووم.

سالم لە دەستی باوکمی دەرفێنێ و هەڵدێ: من بەشی ئەوەڵم خوێندۆتەوە.

دایکم شوێنی دەکەوێ و دایکم بە دووایدا لە چەشنی سێ منداڵی وردیلانە ماوەی کاتژمێرێک ئەو کتێبەیان لە یەک ڕفاند. شەکەت و ماندوو، خەوم لێدەکەوێ. خەون بە لەشی ناسکی ئەو ژنەتیوەوە دەبینم. هاژە لەسەر هێندێک هەور، ڕووت ڕاکشاوە و منیش لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە چاوی لێ دەکەم.

لە خەو ڕادەپەڕم. وڵاتێکی چۆڵ. دەنگی کەس نایە. وا دیارە لە ماڵێ نین. لە چێشتخانەوە دەنگی بەربوونەوەی لیوانێکی شووشە دێت. ڕادەپەڕم و ڕوو لە چێشتخانە دەکەم.

ــ هاژە تۆ لێرە چی دەکەی؟

ــ دایکت و ئەوان وا زوو نایەنەوە، وا باشە نەترسی.

بە گەسکێک وردەشووشەکان خڕ دەکاتەوە.

بە دەم خڕکردنەوەیان باسی ئەو دەکا: ئەو لیوانە شکاوە تازە نابێتەوە لیوان.

ــ دەتوانی لێی دوور بییەوە. گوێ نەدەیە خڕکردنەوەی.

لەتێک شووشە بە لاقیدا دەچێ و خوێنی لێ دێ. بە وەیشێک دادێتەوە. منیش دادێمەوە. لاقی هەڵدێنم و ئەویش دەست بە شانمەوە دەگرێ. بە هێوری دەست دەبەم و لەتە شووشەکە دەردێنمەوە. چاوم بە جێیەکی دەکەوێ. بە بزەوە چاوی لێ دەکەم.

ــ تۆ ڕۆژگاری شەڕت بیر نایە... لە تێکهەڵچوونێکدا... گوللەیەک لە پاشنەم دەکەوێ... ساتیار هەر لەو کات و ساتی شەڕەدا بۆی دەرهێنامەوە.. بێ ئەوەی دەست لە تەقە هەڵگرێ و قامک لەسەر پەلەپیتکەی تیربار لابات...

ــ مەگەر تۆ باوکم دەناسی؟

ــ کێ هەیە ساتیار نەناسێ؟

دەست بو بەرۆکم دێنێ.

ــیادی بەخێر چواردە ساڵی... حەوزە درێژەکەی بەر کۆشک..

چاوێکم لێ‌دەکا و دەڵێ: ئەوکات ساتیار دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو.. بە پەنجەرەیەکی چکۆلەوە هاتە ژووری...

دەیبەمە دیوەکەی خۆم و پێی ڕادەسپێرم باسی شەڕ و کوشتن و خوێنڕێژی نەکا.

ـ وا باشە شیعری خەیام یان مەحوی بخوێنییەوە.

پێی دەڵێم: ئارەق دەخۆیەوە؟ تۆزێکم شاردۆتەوە.

لە دیوە چکۆلەکەی مندا لە ڕۆژی جێژنی قوربانندا ئەوەڵ پیاڵەی خواردەوە بە خۆشی کوشتنی مووسا نووری. لە دووەم پیاڵەدا دەمانچەیەکی دا دەستم.

ـ مەردی خوا بە و ئەو کارەم بۆ بکە!

ـ وا باشە بزانی هەردووکمان دەستمان لە گوناهێکدایە.

ـ وا باشە بزانی ئێمە لە خودا بەدوورین.

دەستی لە مل کردم و پیاڵەی سێیەمی خواردەوە.

ئەوجارە ئەو گوتی:

ـ خوا بە فریای پیاوی مەست ناکەوێ.

پێم گوت: لە خۆرنامەدا نووسراوە: خوا گوێ نادا بە پیاوی مەست... بەڵام ئاگای لێیەتی.

ـ خۆرنامە کتێبێکی ئایینیی کۆنە.

بە دەم ئەو قسەیەوە پیاڵەیەکی دیکەی خواردەوە. خێرا پیاڵەیەکی دیکەی بۆ خۆی تێکرد و گوتی: تۆش وەک باوکت کشانەوەت نییە... دەتهەوێ بوێر بی.

پیاڵەکەی پێ دا کرد.

دەنگی دەرگای دەرێ دێ. دەترسم. ئاوا مەست باوکم یان دایکم بە سەردا بێنەوە.

ـ مەترسە. منداڵێکی چکۆلەیە... هەڵبەت زۆر چکۆلە نییە... بڕۆ دەرگای لێ بکەوە.

دەرگا دەکەمەوە. کوڕێکی چەند ساڵە دەپرسێ:

هاژە لێرەیە؟ من کوڕی ئەوم.

دەست لە نێو دەستم دەنێ و زۆر ژیر سڵاوم لێ دەکا.

ـ وا باشە پێی بڵێی سەرکەوت هاتووە لە دووت.

دەنگی هاژە لە پشتەوە دێ

ـ سەرکەوت کوڕی من..

هاژە سەرمەست بەرەو لای ئێمە دێ، لایەکی کراسەکەی بە دەستەوە دەیهەوێ لە بەری کاتەوە. شەرم دامدەگرێ.

کوڕە بەرەو لای هاژە دەچێ: دایە زۆرخواردنەوە باش نییە.

دەستی دایکی دەگرێ و لە ماڵێ دەیباتە دەرێ. هاژە لە بن گوێم دەڵێ: دەمانچەکەت لە بیر نەچێ.

لەگەڵ سەرکەوت سواری ماشێنێک دەبن و زۆر بە شادی دوور دەبنەوە.

یانی ئەو کوڕە کورتەباڵایە کوڕی ئەوە؟ تووشی شتێکی سەرسووڕهێنەر بووم. یانی سەرکەوت کوڕی ئەو ژنە باریکەڵەیە...

لە زۆر جێگا دیومە. زۆر باشی دەناسم. لە سەفەر و شایی و زەماوەندیشدا دیومە. دوو ساڵ لە من چکۆلەترە و لە کاروباری شانۆدایە...

ئەکتەرێکی کورتەباڵا و زۆر باش نەخشی گەورەپیاوانی مێژوو دەنوێنێ. هەتا ئەلان پێش نەهاتووە لێی بپرسم کوڕی کێی؟ لە باسی شانۆنامەوە یەکترمان ناسی.

ڕۆژێک پێم وایە جێژنی قوربان لە دەوری مەیدانێک لە میراوا تووشم دەبێ و پێم دەڵێ: ساتیار باوکی تۆ لە گەورەپیاوانی مێژووی سەردەمی خۆمانە. پێم خۆشە شانۆیەک لەسەر ژیانی بنووسم و دەریهێنین.

سەرکەوت بێجگە لەوەی ئەکتەرێکی لێزانە، شانۆنووسێکی باشە... هەموو ئەو شانۆیانەی لە مێهرەجانەکاندا سەرکەوتوون، لە نووسینی ئەو بووە.

لای دەرهێنەریش ڕێزێکی تایبەتی هەیە. بۆیە هانی دام لەگەڵ باوکم ئاشنای بکەم.

ئێوارێی جێژنی قوربان بە پێڵاوێکی جیری باش، کەواو پاتۆڵێکی مورادخانی شینکی، سۆرانی و پەستەکەوە بە شوێنمدا هات هەتا بەردەرگا چکۆلەکەی ماڵی لە کۆلانی مەحوی. باوکم بە جووتێک سەرپایی و دایکم بە کتێبێکەوە لە حەسارێ دێن و دەچن.

سەرکەوت سلاو دەکا و باوکم فەرمووی دەکا و دایکم باسی باری کۆمەلایەتی شانۆ دەکا. چاییمان بۆ دێنێ.

ئاوا دەبێ ساتیار و سەرکەوت پێکەوە ئاشنا دەبن. هیچمان لێی ناپرسین کوڕی کێی؟ یان دایکت ناوی چییە؟ هەرگیز باسی شیعریش نەهاتە گۆڕێ، هەتا ناوی هاژەی دایکی بێنێ.

زۆرم پێ ناخۆشە، کە هاژە دایکی سەرکەوتە. لە چەشنی ڕووداوێکی تاڵ. چۆن تووشی بم یا سلاوی لێ بکەم؟ لەبەرچی باوکم و کاتووزین ئاوا بەرگرییان لێ دەکردم. ئەوان هاژەیان دەناسی، شیعرەکانیان دەخوێندەوە. بۆ هەرگیز پەیوەندییان لە نێوان ئەو دووانەیان نەزانی؟ یان زانییان و منیان بێئاگا کرد؟!

هەرچی بوو ڕووی دا و هات. من نامهەوێ دەست لە هاژە هەڵگرم. مەگەر چەندە لەگەڵ سەرکەوت هاواڵم؟ مەگەر هاواڵبوون چەندە و چۆنی دەوێ؟!

هەرچیم کرد نەمتوانی ڕوو لە ڕووی سەرکەوت کەم. هەرچیم کرد نەمتوانی سەر لە ڕووی هەڵێنم.

سێیەم جار لە شەقامی کۆن دیتم. نازانم بو دڵم مات دەبێ و لەشم بێهێز. دەزانێ لە ڕوویدا سەرم داخستووە.

پێم دەڵێ: بو شام داوەتی دایکمی.

ناوی دایک دێنێ. تەزوویەکی سارد و سڕ لەشم دادەگرێ. زۆر دوور نەبۆوە، گەڕاوە پێی گوتم: پیاوی ترسەنۆک لە پلیکانەکان بەر دەبێتەوە.

سەرم هەڵێنا لە بریقەی چاوەکانمدا گوتی: وا باشە دوای شام بۆ دیتنی ئەو شانۆیە لەگەڵ دایکم بێی.

زۆر دوور نابێتەوە دەگەڕێتەوە: باوکت لەوێدا حەیران دەڵێ. وا باشە لەگەڵ دایکم بێی گوێی دەنێ.

زۆر دوور نابێتە و دەگەڕێتەوە: باوکت پیاوێکی خراپ نییە. وا باشە لەگەڵ دایکم بێی بۆ دیتنی ئەو شانۆیە.

دەستی لە دەستم نا و گوتی: وا باشە بۆ شام بچی بۆ لای دایکم. من لە ماڵێ نیم. ئەویش هەست بە تەنیایی نەکات.

پێش ئەوەی هاژە سفرە بڵاو بکاتەوە، لە دەمانچەکەی پرسی.

زۆر بە ساکاری پێی دەڵێم: فڕێم دا نێو چۆمەکەی تەتەهوو.

ــ کارێکی زۆر خراپت کرد... زۆر...

سفرەکە ڕادەخا و دەڵێ: کەسێکم دەوێ بتوانێ مووسا بکووژێ.

زۆر ساکار وەڵامی دەدەمەوە: لە خۆرنامەدا هاتووە «ساتیار، باوکی من دەیکووژێ»

ــ بەڵام ساتیار دەست بۆ وەها کارێک نابات!

ــ تو ساتیار چۆن دەناسی؟ مەگەر تۆ کێی! نان و شەربەت و چێشتێکی باش دەڕازێنێتەوە.

ــ وا باشە بە ڕووتی لەسەر سفرە دانیشین.

ــ لە چەشنی شیعرەکانی خۆت.

ــ لە چەشنی بەشی سێی خۆرنامە. لەوێدا دادار ئاوا ئامادەی شەڕ دەبێ... یان سەردارەکانی ئامادەی شەڕ دەکا.

لە ڕووتبوونەوەدا دەمانچەیەکی دیکەی لە جانتا هەڵواسراوەکەی خۆی دەرهێنا.

ــ لەبەر ئەوە بیکوژە وا ڕۆژگارێک دێت و لێکمان دوور دەکاتەوە...

دەستم دا جلەکانم. وام نیشان دا من لە هەڵاتنم.

ــ چی بکەم لە ڕووی سەرکەوتدا؟

ـ وا باشە ڕوو بکەینە سەفەرێکی دوور!... وا باشە بۆ ماوەیەک ڕوو بکەینە هەولێر... لەوێ دوور لە چاوی هەموویان بۆ هەمیشە شەوانمان پڕ کەین لە ڕووتی و لەشی ڕووت و خاڵی نێو سینەم و زۆر شتی دیکە.

ـ با ڕوو بکەینە ئەو بەهەشتە... با ئەو شەوانە بەدی بێنین. هەر ئەوشۆ...

ـ دوای تەواوبوونی شانۆ لە شار بڕۆینە دەرێ...

بە شادی و سەرخۆشی یەکترمان لە باوەش کرد. شیعری خۆی بۆ گوتم. حەیرانی بۆ گوتم. لەسەر دەنگی باوکم حەیرانی بۆ گوتم و شۆخی بە باوکم کرد.

شانۆیەکی زۆر کورت بەنێو چەپڵەڕێزانی خەڵکدا تەواو دەبێ. ژنێک دێت و پیاسەیەک دەکا. بە دوای ئەویشدا پیاوێک دێ. دەنگی تەقەیەک و پیاوە لە نێو هەڵمی نوورێکی سووردا دەکەوێتە عەرزی و بە دوای ئەویشدا بەیتی سەیدەوان بە دەنگی ساتیار. خەڵک مات و بێدەنگ هەستانە سەرپێ و وەکو ئەوەی سروودێکی نەتەوەیی ببیستن هەتا کۆتایی بەیت ڕادەوەستن.

لە نێو حەیرانەکە هاژە بە کەلێنی خەڵکدا دەڕواتە دەرێ و بانگم دەکا. وەڵامی نادەمەوە. هەتا کۆتایی بەیت لەگەڵ خەڵک ڕادەوەستم. لە تەواوبوونی بەیتەکەدا هێندێک ساواک ڕژانە سەر باوکم لە پشت پەردەکەوە. باوکم زۆر ئازایانە لێیان هەستا سەرپێ و لە هەر شەش و حەوتیانی دا... خۆی تەکاند و هاتە خوارێ.

لە بڵاوبوونەوەی خەڵکدا دایکم بەربینگی پێ گرتم: بۆ کوێ دەچی؟

باوکم هات، توند گوێی گرتم و سواری ماشێنەکەی کردم و پێی گوتم: حەرامزادە دەزانی بە شوێن کێوەی؟

ڕاست دەکا خەریک بوو تووشی پیاوکوژیم کات.

ـ ئەرێ بابە، هاژە شەیتان نییە.

باوکم دەستێک بە سەرمدا دێنێ و دەڵێ: وا باشە لە ماڵێ بی و ماوەیەک نەڕۆیە دەرێ.

خۆرنامەم دەداتێ: ئەو ڕۆمانە باشە بخوێنەوە.

لێی وەردەگرم و بەشی سی هەڵدەدەمەوە. باوکم پێم دەڵێ: ئەو کتێبە باسی گەیشتن بە پاکییە.

دایکم بە سەرماندا دێ: وا باشە بیخوێنییەوە. باسی کۆمەڵگایەکی باش دەکا.

هەردووکیان دەڕۆن و جێم دێڵن.

لە بەر ماندوویەتی و شەکەتی کتێبەکە دەخەمە بنسەرم و خەوم لێدەکەوێت.

لە نیوەشەودا بە خشپەی پێی کەسێک بەخەبەر دێم. لە نێو تاریکی دیوەکە چاو هەڵدێنم. بۆنی عەتری ئەو ژنەتیوە دێ. تارمایی هاژە لێم دێتە پێشێ.

: تۆ چیت لە من دەوێ؟

لە نێو تاریکی دیوەکەدا لە باوەشم دەگرێ و لە بنگوێمدا دەڵێ: تو بڕیارە مووسا بکووژی؟

ـ کەی بڕیاری وام داوە؟

دەمانچەکە دەخاتە بەری دەستم و دەڵێ:

ـ تۆ لاوێکی لێهاتوو و بەجەرگی!

ـ پێم وا نییە لە دەستم بێ!

دەستم دەگرێ و لەسەر زگی دادەنێ.

ـ ئاگات لێی بێت برای هاواڵەکەتە.

بە چرکەساتێکی زۆر کورت وێنەی سێ لە چواری سەرکەوت دێتە پێش چاوم.

تۆزێکی لێ دەکشێمەوە.

ـ مەترسە کەس لە ماڵێ نییە.

هەست بە دەمانچەکە دەکەم: چۆن ئەو شەیتانە لە خۆم دوور کەمەوە؟

باسی دەرکردنی کتێبێکی تازەی خۆی دەکا.

ـ بۆت دەنێرم.

ـ مەگەر ئەوکاتە لە کوێی؟

ــ لە هەولێرم. لە شاری ئاواتەکانی خۆم.

پێش ئەوەی وەکو هەموو شەوێک دوگمەی کراسەکەم بترازێنێ، لوولەی دەمانچەکەم لە نێوچاوانی دانا، پێکەنی. لە سۆمای کزی مانگدا بزەی سەرلێوی چەندە کزە!

هێواش هەستامە سەرپێ و زۆر باش پێم گوت: وا باشە لێم دوور ببیەوە.

ــ ناتوانم.

ــ من لێت دوور دەبمەوە.

ــ تۆش ناتوانی!

قامکم لەسەر پەلەپیتکە دانا و تەقاندم و لە بنخۆمەوە لەگەڵ دەنگی تەقە پێم گوت: بێجگە لەو ڕێگایە، ڕێگای دیکەمان نییە. درەنگ یان زوو دەبوو ئەو ڕێیە کۆتایی هاتبا.

فاتیحایەکم بۆ خوێند و سووک بە فەڕشەکەوە بردم و لە حەساریێ ناشتم، لە پەنا دار گوێزەکەی دایکم کە زۆر لەوە پێش چاندوویەتی هەتا ڕۆژگارێک باوکم پەیکەرەی کاتووزینی پێ دروست کا. دایکم زور جار بەو پەیکەرەیە پێدەکەنێ وا بڕیارە لە داهاتوودا کاتێک گوێزەکە سێبەری دا... ئەوکات باوکم بە مشار و تەشوێ بکەوێتە گیانی و ڕەندە بە گیانی دارگوێزدا بێنێ، پەیکەرەی دایکمی لێ ساز کات.

ئێوارێی جێژنی ڕەمەزان سەرکەوت بە هەڵەداوان خۆی بە ژووریدا کرد و بە گریان بە دایکمی گوت: تۆش نەتدیوە.

باوکم ماندوو و شەکەت خۆی بە ژووریدا کرد. داوای چایی کرد و لە پەنا tvیە چکۆلەکە پاڵی داوە.

ــ کولان و گەڕەک نەماوە لە هاژە نەگەڕێین.

دایکم مات دەبێ و زۆر نەرم دەڵێ: حەیف بۆ خوشکەکەم.

دەپرسێ: شارەوانی چوون؟ یان نەخۆشخانە؟

هەروا چاییەکە دادەنێ و دەڵێ: بە قوربانی کتێبە شیعرەکانت بم.

سەرکەوت بە دەم گریانەوە دەڵێ: دایە گیان بو جێژنەکەت لێ تاڵ کردین؟

دەنگی دەرگای دەرێ دێ. دایکم دەچێ دەیکاتەوە. سالمە. دایکم لێی تووڕە دەبێ. بۆن بە دەمییەوە دەکا: وا دیارە دیسان لەگەڵ برایمۆکی قادری ئارەقت خواردۆتەوە؟

باوکم لێی تووڕە دەبێ.

سالم دەم دەکاتەوە و دەڵێ: ئەرێ برایمۆک ڕاست دەکا ڕۆژگارێک ئەوینداری ژنی دادار بووە؟

دایکم تێی دەکوتێ و سالم قاقا پێدەکەنێ. ڕوو لە دیوەکەی خۆی دەکا.

ــ مەگەر نازانی ئەوشۆ دوو شەوە پوورت دیار نییە؟

سالم چاوێک لە من دەکا و ڕوو لە ژوورەکەی خۆی دەکا.

ئەوانە تێکڕا لەسەر شتێکی تاڵ هاوڕێ دەبن... یانی ڕاستە هاژە کچی دادار بووە؟

ــ ڕۆژگارێک هەموو ملک و ماڵ و باغ و دووکانی بۆکان ئی دادار بووە..

سەرکەوت بە دەم ئەو قسەیەوە هەڵدەستێ و دەڕواتە دیوەکەی من دەخەوێ.

ناگەمە بەر دەرکەی دیوەکەم و سالم بانگم دەکا. خۆرنامەی بە دەستەوە، دەیدا بە من و دەڵێ: ڕۆمانێکی خۆشە. بە زمانێکی ئایینی نووسراوە.

لێی وەردەگرم و پێم دەڵێ: حەتمەن هەتا کۆتایی بیخوێنەوە.

هەست دەکەم ڕقێکی چکۆلە و وردیلانە لە نێو دڵ و مێشکمدا هەڵدەدا.

هەر کتێبەکە دەکەمەوە، ئەو ڕقە زیاتر باڵا دەگرێ. وێنەیەک دەردەکەوێ. خۆم بە چەقۆیەکی دەسک ڕەشەوە دەبینم.

جێشوێنی نووکی خەنجەرێک نێوچاوانمی هەڵدڕیوە و گوێی چەپم نەماوە.

دەچم و لە حەساری کتێب و وێنە لە پەنای دارگوێزەکە دەسووتێنم و دەگەڕێمەوە.

لە بەردەرگای دیوەکەم، سالم بانگم دەکاتەوە: ئەرێ تۆ ئەو کۆمەڵەشیعرەی پوورمت دیتووە؟

کۆمەڵەشیعرێکم دەداتێ، مردنی بەردی لێ نووسراوە.

هەتا سالم چووە دیوەکەی خۆی. نەمکردەوە. ئەوکات کردمەوە. لەوێش وێنەیەکی دیکە لەشی خوێناوی هاژە لە پەنا دارێک کەوتووە.

لە پەنا شیعرێک بە ناوی گوللە و بەرد داندراوە. پێش ئەوەی بیسووتێنم، سەرکەوت هات و لێی وەرگرتم.

ـ خەوم لێ ناکەوێ لەتاوی دایکم.

فریاکەوتم و وێنەکەم لە باغەڵم خست. دواییش لە بنداره‌کە سووتاندم.

دەگەڕێمەوە ژووری، باوکم تووشم دەبێ.

ـ وا دیارە تۆ خەوت لێناکەوێ. خۆرنامەی بە دەستەوەیە و دەیدا بە من و دەڵێ: بڕۆ بیخوێنەوە. سەیری چۆنیەتی مەرگی پوورت بکە... لاپەڕەی ٦٠.

دەیداتە دەستم. شل وەری دەگرم. ناچمەوە دیوەکەی خۆم. هەر لە هاڵەکە لە پەنایەک کتێبی خۆرنامەم لە ژێر سەرم نا و خەوم لێکەوت.

بەیانی زوو بە دەم خەوەوە دەنگۆی ئەوەم بیست سەرهەنێگیکی پیر و کارامە، لەشکرێکی وریا و باشیان ناوەتە ژێر دەستی بۆ هێرشکردنە سەر شارە کوردەکان. وا دیارە سەرهەنگ تازە لە تاران ڕێکەوتووە و پیاوێکی بە ڕەچەڵەک کورد و خەڵکی ئیسفەهانە. دەنگۆی ئەوە هەیە هاژە ڕۆژگارێک ژنی ئەو سەرهەنگە زلهێزە بووە.

لە زاری باوکمەوە دەبیستم: لە بکوژی هاژە دەگەڕێ.

سەرکەوت باسی ئەوە دەکا: سەرهەنگ دەزانێ بکووژی هاژە کێیە.

بە سەرکەوت دەڵێم: یانی تۆ کوڕی ئەو سەرهەنگەی؟

دایکم پێش دەکەوێ: با خۆمان سازدەین بۆ چوونە دەرێ لە شار.

باوکم باسی دەنگۆیە دەکا: سەرهەنگ کاری بە خەڵکی مەدەنی نییە... تەنیا بە شوێن ئەو پیاوەدا هاتووە... دەیهەوێ لێرە لە بۆکان لە سێدارەی دات و دواییش بە شادییەوە هەستێ و بگەڕێتەوە تاران.

بە ترسەوە وەک سێبەرێکی مات لە ماڵێ چوومە دەرێ. بە کۆڵانی چۆڵ و گەڕەکی بێدەنگدا چوومە دەرێ.

دەبێ بڕۆم دوور بمەوە. هاژە مەرگی تۆمردنی منی بەدی هێنا.

هەروا بیر لە دایکم و قسەکانی دەکەمەوە. دەگەمە کۆتایی بۆکان و دەنگی هێندێک فڕۆکە و سەربازێکی زۆر.

سەرهەنگێکی پیری جوانچاک لە جیبەکە دادەبەزێ و ورد بو لای من دێ. پێم دەڵێ: لە جێی خۆت ڕاوەستە.

دوو سەرباز دێن و دەمگەڕێن. لە ژێر باغەڵم دەمانچەیەکی چواردەخۆری ئەستێرەنیشان دەردێنن.

سەرهەنگی پیر دەگاتە لای من و پێم دەڵێ: وا دیارە تۆ پیاوێکی ئازا و لێهاتووی وا دەمانچەت پێیە.

بە سەر زارمدا دێ: تۆ لە کێ دەگەڕێی؟

پێم دەڵێ: دەتوانی یاریدەم دەی؟

ــ حەتمەن دەتوانم.

پێم باش بوو، وا بڵێم، لەو کات و جێگا و تووشبوونەدا.

ــ چاوێکی بە وڵات و سەربازەکاندا گێڕا.

بە وردی ناوی مووسای بە سەر زاردا هێنا و خۆرنامەی بە دەستەوە گرت.

ــ مەگەر ئەو پیاوە چی کردووە؟

ــ پیاوی کوشتووە؟

ــ بەڵام ئەو پیاوەی باسی دەکەن، نووسەرە!

ــ لە کوێیە؟

سەرهەنگ زۆر بە خۆشحاڵییەوە لە باوەشی گرتم. لە بن گوێیدا چرپاندم: هەولێر.. گەڕەکی ڕاپەڕین... کۆڵانی بزمارێ...

سەرهەنگ نەهاتە نێو شار، هەر لەوێ لەگەڵ دوو ئەفسەری لێهاتوو باش بە منیان گوت: با بەو ماشێنە باشە ڕێکەوین بەرەو هەولێر...

پژۆیەکی ٤٠٥ی فەڕەنسیی جامڕەش، منیان لە مابەینی خۆیان دانا. بە تەیارە و تانگ و تۆپ و سەرباز و ئەفسەرەکانی گوت: لێرە دەمێننەوە... خۆ لە ساتیار نەدەن!

داوای دەمانچەکەم کرد.

ـ تۆ دەتهەوێ کێ بکووژی؟

ـ کەس ناکووژم. بەڵکو یادگاری کەسێکە.

بە سواری پژۆیەکی ڕەش لە چەشنی پشیلەیەکی ڕەشی چالاک و ئازا لە شەوی جێژنی قوربان بەرەو هەولێر ڕێ دەکەوین. بەرەو هەولێر،بۆ دیتنەوەی مووسا نووری، نووسەری خۆرنامەی بەرز و بێهاوتا. خۆرنامەی بەری لە هەر گوناهێک یان لێڵییەک یان تاپۆیەک.

لە قسەکانی دایکم لە زانکۆ لە کاتی شیکردنەوەی ئەو دەقە.

سەرهەنگ بە بێسیمەکەی بە ئەفسەرێک دەڵێ: لەبەر ئەوەی وەڕەز نەبن، دوو سێ هۆمەن بۆ مەهاباد و سەقز و بانە بەرن. بەڵام ئاگاتان لێ بێت... کارتان بە بۆکان و ساتیار نەبێ.

لەسەر سنوور بە سەر مین دەپەڕین، سەرهەنگ مەنسوور نامورادی و ئەفسەرەکانی مردن و، منیش لاقێکم شەل دەبێ.

## ٤

ساتیارم لە ئیسفەهان ناسی و سەرداری کوڕی لە تەوریز. ساتیار چەندە باش تورکی دەزانی.

بە منی دەگوت: برایمۆکی خۆزگە شمشاڵم زانیبایە. بەڵام ساتیار دەفەی باش لێدەدا.

ڕۆژێکی جێژنی قوربان لە منارەجونبان دیتم لەوسەری منارەوە چاوی لە وڵات دەکرد و دەفەیەکی بە شانەوە بوو. لەگەڵم لێی داوە و گوتی: وا دیارە گۆرانی بەزم و شایی باش دەزانی. تۆزێک لە بەر تاوەکە دەفە گەرم دەکا. لەوبەری لەنێو جووڵانەی منارەکەوە ئافرەتێکی لێیە. ساتیار دەڵێ کوردە. ناوی سوودابەیە. لە دڵی خۆمدا وام گوت: نەکا کچی دادار بێت.

ـ خۆیەتی... ئەگەر وایە گۆرانییەکم بە خۆشی ئەو بۆ بڵێ.

تۆزێک بیر دەکەمەوە. بە خۆشی چاوە خومارەکانی دەست دەکەم بە گۆرانی. وا دیارە سوودابە شیعر دەڵێ و نازناوی هاژەیە. باڵابەرز و باریکە و لە زانکۆیەک دەرس دەخوێنێ.

ئافرەتەکە بە دەم سەماوە دەستم بۆ هەڵدێنێ و لەوێڕا هێندێک سەما دەنوێنێ و بە غار دێتە خوارێ. دێ بۆ لای ئێمە. ئەویندارى ساتیار دەبێ. دەفەم لە ساتیار وەرگرت. لەوسەری منارەجونبانەوە دەفەم لێدا و گۆرانیی بەزم و شاییمان گرت. ساتیار و هاژە ڕەشبەڵەکی ئەو شاییەیان گرت.

جێژنی نەورۆزە. لە تاران لە دەوری مەیدانی ئازادی لەگەڵ مووسا سواری ئوتوبووس دەبین. ڕوو لە بۆکان دەکەین. بۆکانێکی نە زۆر دوور. مووسا باسی ئەوە دەکا:

لەسەر چیرۆکێکی کۆن بە ناوی خۆرنامە کار دەکەم.

مووسا باسی دادار دەکا: دادارم لە زاری مووساوە ناسی. کۆشکێکی چەن نهۆمی هەیە کە بە بەردی مەڕمەڕ داندراوە.

لە نێو حەسارێکی پڕ لە دار و گوڵ کچێکی باریکە تووشمان دەبێ، بەرۆکی پڕ لە بۆنی مێخەکە.

ــ ئەوە کچی نێونجی دادارە...

ــ شیعر دەڵێ... خۆی ناوی سوودابەیە.

بە دوای ئەو قسانەدا پێم دەڵێ: دەبێ گۆرانی شاد بۆ دادار بڵێی... بە سەریدا هەڵبڵێی و شاباشی چاک وەرگری.

نازانم بۆ لە پەنا دادارێکی ئاوا مەزن سەرکەوتی باریکەڵە ڕاوەستاوە.

نازانم بۆ بە دیتنی ئەو هەتیوە گۆرانی لە زارم زڕا و هەرچیم کرد بۆم نەهات. جێگای ئەو کوڕە ئێرە نییە.

هاژە دێتە ژوورێ و دەست لەسەر شانی سەرکەوت دادەنێ. پتر دەمترسێنێ. وا مات بووم، هەموو تێمدەگەن. پێش ئەوەی ئەوان قسەیەک بڵێن یان شتێک بپرسن، هەڵدەدەمێ: چۆنە حەیرانێکتان بۆ بڵێم؟

دەنگم هەڵێنا بۆ حەیرانەکە لە پشت ئەوانەوە بە دەنگی حەیرانەکەم ساتیار هاتە کایەوە. هەر ئەو ساتیارەی لە ئیسفەهان پێکەوە بووین.

پتر ترسام. کشامەوە دواوە. بەڵام ئەو حەیرانی دەشتی هەولێری زۆ لە من باشتر گوتەوە.

چاوێکم لە هاژە کرد. وا باشە گۆرانی شادیان بۆ بڵێم.

کەسێک لە شانمی دا. کچێکی کورتەباڵا. ئاوا دەبێ لەگەڵ کاتووزین دەبین بە ئاشنایەکی باش بۆ یەکتر. پشیلەیەکی وردیلانە لە لای چەپی سەگێکی چکۆلانەش لە بەردەمی. پێم دەڵێ: بە خۆشی شەمێ و پرووشە بۆم بڵێ.

مووسا شمشاڵ دەردێنێ و ساتیار دەست دەداتە دەف... بۆت دەڵێم لەو بەندانە... ئاوا دەستم پێکرد...

سەرکەوت دەستی هاژەی گرت.

ـ هەڵپەڕین لە نەورۆزدا گەلێک پیرۆزە.

شایی و ڕەشبەڵەکێکیان لە هۆڵی پاییزە وەڕێ خست.

ساتیار جارجار لێم نزیک دەبێتەوە و پێم دەڵێ: لە جێژنی قوربانی پارەکەی باشتر دەڵێم...

سێ دراوی زێڕم دەداتێ. لە دەورێکی دیکەدا پڕ بە گیرفان، زێڕم دەداتێ بۆ شاباشی بە سەر کاتووزیندا هەڵبڵێم.

جارجار لە بن گوێمدا دەڵێ: لە منارەجونبان باشترت گۆرانی دەگوت.

لەو بەزم و شاییەدا جێگای دوو کەس زۆر جوان دیار بوون. یەکیان سوێسن خاتوونی نازدارە، ئەوەی دیکەشیان ئەسمەرە، ژنەکەی ساتیار وا بە خەڵات دادار دایەی.

سەرکەوت زۆر لە من نزیک نابێتەوە.

ـ تۆ بڕیار نییە لێرە بی!

کاتێک وای پێدەڵێم: پیاوی باش بڕۆ لەو دیوە چۆڕێک شەڕاب بخۆوە، با زۆر ماندوو نەبی.

دیوێکی دەرگا باریکی نیشان دام.

بۆ تۆزێک حەسانەوە ڕاوەستاین.

ساتیار لە شانی دام و گوتی: بۆ حەسانەوە با چۆڕێک شەڕاب بخۆینەوە... دوور لە چاوی دادار.. ئابڕوومان دەبا... نابێ بزانێ...

لە شەڕاب خواردنەوەماندا هاژە بە سەردا هات. لەسەر مەچەکی مارێکی باریکی بە خاڵ نەخشاندووە. پێم دەڵێ: یادی بەخێر.

کوێیەکەی نالێ. دەست دەبا و شەراب دەخواتەوە. سەردار دێتە ژووری. دەست بۆ شەراب نابا. بە من دەڵێ:

جۆرێک سەیری من دەکەی.

پێم دەڵێ: پێت وایە لە جێیەک منت دیتووە؟

مووسا دێتە ژووری. ئەویش دەست بۆ شەراب نابات.

کاتووزین دێت و دەستی ساتیار دەگری و پێی دەڵێ: با بەزم و شاییەکە لە هۆڵی بۆشاییدا وەری بخەین.

ـ با شایی و بەزمی خۆمان پێش هێرشی سەرهەنگ مەنسوور نامورادی بخەین.

ئەوان چوونە دەری و من و هاژە یان هەمان سوودابەی باریکی لێو باریک ماوە. بەژنی دەڵێی دارخورمایە. دڵم بۆی نەمایە. یەکی جامێکمان شەراب بە دەستەوە.

بە منی گوت: مووسا پیاوێکی باش نییە، زۆری لێ نزیک مەبەوە.

دووای هەڵدانی جامەکە گوتی:

دەزانم مووسا ئەوینداری منە...

دیارە زۆر مەستە. قسەی هەڵیتوپڵیت دەڵێ و بەلادا دێ.

ـ سەرهەنگ مەنسوور نامورادی خێرا وەری بکەوە و، وەرە، بۆکان بگرەوە.

سەرکەوت خێرا دێت و دەڵێ: بۆ نایەن ماوەیەک بە دەم شمشاڵی مووساوە هەڵدەپەڕین.

دەستی هاژەی گرت و زۆر بە سەرەحاڵییەوە گوتی: هاژە وەرە دادار ڕۆی بۆ هۆڵی میوانەکانی وڵاتە دوورەکان.

هاژە بە لادا دێ و من حاڵی دەکا:

گۆرانیم گوت بۆم بستێنەوە.

ـ یانی تۆ گۆرانی دەڵێی؟

بە شیعرێکی سەیر گۆرانی و بەزمی ساز دا. هەرچیم کرد نەمتوانی وشەکانم لەگەڵ وشەکانی دانێم...

ــ برایمۆکی، ئەوە شیعری ڕەفیق سابیرە، وا باشە تۆ هەر گۆرانییەکەی جارانت بڵێیتەوە.

لەسەر هەوای ئەو «بۆت دەڵێم لەو بەندانە» دەستم پێکرد.

لەگەڵ هاژە چیمان کرد. وردە وردە منیش فێری شیعرەکانی ئەو دەبووم. وەک ئەو دەمگوتەوە.

مووسا و سەردار و ساتیار هەتا بەری بەیانی لە هۆڵی باریک و درێژی بۆشایی هەڵپەڕین.

بەیانی زوو پێش هێرشی سەرهەنگ مەنسوور بەڕێیان کردم. وا جوان بەڕێیان کردم، ڕێگایان بۆ مانەوەم نەهێشتەوە.

ــ دەبێ خۆمان تەیار کەین بۆ شەڕ.

من لەگەڵ سەرهەنگ لە ئیسفەهان دۆستایەتیمان هەیە.. وا باشە سەرێکی لێ بدەم لە کاتی هاتنە ژووریێ بۆ نێو شار.

سەرهەنگ کوڕی بەکر لە ماڵێ وەزیری گەورە لە ئیسفەهان ژن دێنێ و منداڵەکانی لە ماڵی وەزیردا گەورە دەبن و زمانی کوردی لە باوکیانەوە و هێندێک ئاوارەی بارزانییەوە فێر دەبن.

لەگەڵ سیاوەشی برای چوونە ئەرتەشێکەوە وا وەزیر وەڕێی خستووە، ئەرتەشێکی سەردەمی... لە چەشنی ئەرتەشی ئاڵمان.

وردە وردە هاتوچۆی زانکۆی کرد و لە زانکۆ دەرسی خوێند هەتا لیسانسی زانستی سیاسی وەرگرت، دەتوانێ لەمەڕ سۆسیالیسم و مارکس زۆر بە ئیشتیا بدوێ، کاتێک بەو بیرە گەیشت تۆڵەکردنەوە شتێکی پووچە، درەنگ ببوو.

ئێوارەیەکی جێژنی ڕەمەزان لە سەرمای زستاندا لە دەوری مەیدانی نەخشی جیهان ئەو ڕازەی دڵی خۆی بۆ من درکاند.

ڕاز و گومانی ڕەفیق سابیری بە دەستەوە بوو. خۆی گوتی: شیعری ڕەفیق سابیرە.

دای بە من بیخوێنمەوە.

ــ خوێندەواریم باش نییە.

کتێبەکەی لە باغەڵی خستەوە.

لە ماڵئاواییدا پێی گوتم:

سەرهەنگ لە بۆکان ئەویندار بووە و ئەوەش شتێکی باش نییە.

ماڵئاواییمان لێک کرد.

لە ماڵئاوایی‌دا پێی گوتم: ئاگات لە سیاوەش بێت. ئەو کوڕێکی بێگوناحە. لە ڕووی من داما و چووە ئەرتەشەوە. ئاگات لێی بێ.

دوو سێ جار بە زاراوەی موکریانی بە منی گوت: ئاگات لێی بێت.

کاتی ئەوە هاتووە ڕوو لە سەرهەنگ کەم. پیاوی پیرۆزی مەیدان. بڕیار بوو لە لای میاندواوڕا بێن، بەڵام ئەوان لە لای سەقزەوە هاتن.

سەرهەنگ پیاوێکی کەڵەگەت، بە جیبێکی ئەمریکایی ڕووی لە مەیدانی ئەسکەندەری کرد و سەرباز و ئەفسەر و تیربار و تانگ و تۆپی لە نێو شاردا بڵاو کردەوە.

لە بەردەرکەی هەرماڵێک چەند سەربازی زلهێز و ملکەڵ ڕاوەستاون. لەو کارەیدا جیاوازی دانەناوە. لە بەردەرکەی هەژار و نەدار و دارا سەربازەکانی بڵاو کردۆتەوە.

پیاوێکی لێزان و کارامە و ڕەشید. منی ناسی:

بەڕاستی برایمۆکی قادری تۆی؟ ئەو پیاوە گۆرانیبێژەی باوکم دایمە گۆرانییەکانی گوێ دەداتێ.! تۆ باوکی منت دوای ڕۆژگارێکی دوور لە ماتی و مەلوولی دەرهێنا... لای من زۆرت ڕێز هەیە... بەڵام سەبارەت بەو قسەیە، من حەتمەن یارمەتیی تۆم دەوێ... بیستوومە دادار کچێکی زۆر جوانی بە ناوی سوودابە هەیە. باوکم ئاواتی بوو ڕۆژێک لە بۆکان زەماوەند بکەم، بێئەوەی مۆڵەتم بێت.

وێنەیەکی سوودابەی دەرهێنا.

ـ قوربان ئەو کچە شاعیرێکی زۆر باشە.

سەرهەنگ پتر شاد دەبێ.

هاتووین هەتا ئەو سەربازانە بۆ کودتایەکی گەورە ساز دەین... ڕەزاشا زۆر شتی سەردەمیانە و تازەی پێیە.

من نەمزانی شتی سەردەمیانە چییە. تەنیا دەستم بۆ ئەو یاریدەیەی بڕیارم دابوو هەڵێنا. بۆیە چووم بۆ لای هاژە و ئەوجارە چوومە ژووریَ و، لە کۆشک چوومە ژووریَ سەردارم بەرچاو نەهات. هەرچی سەرم کێشا و لەم و لەوم پرسی، لاوێکی ئاوایان نەدیوە.

بۆ قسەیەکی سەرهەنگ ڕاست ڕووم لە مووسا کرد. ئەو شەڕ و کێشەی پێ باش نەبوو. چونکە دەیزانی لەشکری سەرهەنگ دەتوانن لە چاوترووکانێکدا سەد و سی ماڵی بۆکان بە توورەکە بکێشن.

مووسا لە بن لێوەوە گوتی: ئەو چەتیوە سەرشێتەمان لە یەخە دەبێتەوە.

وا دیارە مووسا زۆر خۆشیی لێی نایە.

بۆخۆی هەڵدەستیَ و سەرهەنگ سیاوەش نامورادی، کوڕی بەکر بە قەولی مووسا بەکر شەیتان.

بەکر لە سەردەمی لاویدا باوەڕی وا بوو، شەیتان ماکی لە ئاگرە و ئاگر گوناە دەسووتێنیَ، کەوایە شەیتانیش دەتوانیَ ڕوو لە چاکە بکات.

بە قەولی مووسا: تێکەڵێک لە ئایینی زەردەشت و ئیسلام...

خۆم جار و بار سەرم لەو کێشە سیاسییانە دەخوریَ. بەڵام ناتوانم وەک مووسا و دادار لە سەری بدوێم.

ڕووداوی شاربەدەربوونی ساتیار نازانم چۆن ڕووی دا.

بەیانییەکی جێژنی قوربان بە چەمەدانێک ڕوو لە تاران دەکا، بە نامەیەکی مۆر و مۆمکراوەوە.

ڕۆژی پێش ئەو، کاتووزینی کچە چکۆلەی ڕووی لە تاران کردووە.

ڕووداوێک هەیە بە ناوی ئەوەی دادار پاک نەبێت... وا نییە.. ئەو پیاوێکی شەریف و ماڵدارە... ئاگای لە هەژار و نەداریش هەیە...

ئەو کاتەی بەکر شەیتان لە بۆکان دەڕواتە دەریَ، ژنی نەبووە. بەڵکو دەرکرانی ئەو بە هۆی بەکر شەیتان و باوەڕەکەی سەردەمی لاوییە.

خەڵک و منداڵەورکە بە بەرد و زۆر شتی دیکە لە بۆکان وەدەریاننا. بە قەولی خۆیان ڕەجمیان کرد. خۆم زۆر دەستم گرتن و زۆریان لێ پاڕامەوە گوناحە... بگەڕێنەوە... لەوانە بوو خۆشم بەرکەوم. بۆیە بێدەنگیم لێ هێنا.

بەکر خوێناوی و بریندار لە بۆکان دوور دەبێتەوە. بە شەو دەڕوا و بە ڕۆژ لە کەلێنێکی شاخەکاندا خۆی دەشارێتەوە. چەند شەو و ڕۆژ دەڕوا و بە ئاوەدانی ناگات، لە گژوگیای کوێستان دەخوا....

ڕۆژێک لای عەسر بە دەنگی هێندێک سەگوەڕ لە خەو هەڵدەستێ. سێ چوا سەگی باش و زەبەلاح دەوریان گرتووە و دەوەڕن.

بەکر ناترسێ. دەزانێ ئەو سەگانە ساحەبیان هەیە... ساحەبەکەیان دەگاتێ. وەزیری ئەعزەم. دێت و سەگەکان دوور دەکاتەوە. دەستی بەکر دەگرێ و لەو کەلێنە دەیهێنێتە دەرێ.

دوای هێندێک پرس و قسە بە پیاوێکی ژیری دەناسێ و لەگەڵ خۆی دەیباتەوە ئیسفەهان، پشت عالیقاپوو. لە حەسارێکی گەورە، دیوێکی چکۆلەی دەداتێ.

ئەو ڕۆژەی وەزیر کچەکەی خۆی دایە، لە بەزم و شایی ئەواندا گۆرانیم گوت و بەزم و شاییم بۆ هەڵسووڕاندن. هەردووکمان لاو بووین و هاوتەمەن. هەتا هەناسەم دەرهات بە سەر بەکرشەیتانمدا هەڵگوت. هەڵبەت بەکر نامورادی.

هاژە چۆن هاتە سەرڕێی من. هەرزەکار بووم و گۆرانیم دەگوت. شایی و بەزمی خەڵکم هەڵدەسووڕاند. پارەیەکی باشم لە دەستدایە و پڕۆیەکی باشم هەیە و ماڵێکی دوو نهۆمی لە گەڕەکێکی باشی بۆکان.

هێندێک هاواڵ شەوێک هەتا درەنگ لە نهۆمی دوو ویسکییان خواردەوە و پێیان گوتم: گۆرانی مەجلیسی بڵێ... شتێک لە مایەی شووردا...

هەرچی لە دەستم هات بۆم گوتن. ئەو کوڕانە زۆریان پێ خۆش بوو. یەکیان پێم وایە قاچاخچییە و سێئێفی هەیە و وا دیارە ویسکییەکەش دیاری ئەوە، ڕاستەوخۆ گوتی:

برایمـۆکی تـۆ دەنگـت بـۆ مەقـام زۆر خۆشـە، ئەویـش لەگەڵ کەمـانچە. بەڵام وشـەکانت و شیعرەکانت دەبێ کەمێک باشتر بن...

کتێبێکی لە باغەڵ دەرهێنا و گوتی: ئەو شیعرانەمان بۆ بکە بە گۆرانی.

لە دەستم وەرگرت. من بە قەرا ئەوان مەست نەبووم، تۆزێک ئاگام لە خۆم بـوو. بەڵام شـۆفیری سـێئێفەکە وا دیـارە زۆر مەسـتە. سـەیری کتێـبەکە دەکەم: گـوڵزاری شـاعیرانی درۆزن. چاوم بە شیعرێکدا گێڕا. شیعرەکە ناوی بزمارێیە:

هاتە نێو گوڵان

پیاوی بەژن بەرز و باریک

دەستی دا پرچی ڕووتم

ئەرێ من لە مێژە ڕووتم

باش بۆم ڕێک نەدەبوو. نازانم خەتای خۆم بوو یان شیعرەکە. هەتیوانە زۆریان پێ خۆش بوو.

کوڕێکی چوارشانە گوتی: ئەوە شیعری سوودابەیە، کچەکەی داداری بێهاوتا.

کوڕە ناوی میرسولەیمانە...

پێم دەڵێ: سێ کۆڵان پشت کۆڵانی ئێمەوە.

ـ بەڵام ئەوە نووسراوە هاژە.

بە بزەوە پێم دەڵێ: نازناویەتی.

ئەوان ڕۆیشتن و کتێبەکەیان بەجێ هێشت.

لە شـیعرێکدا باسـی وڵاتـی ژن دەکـا. باسـی پیـاوێکی لەش ڕووت دەکـا لە ژێـر سـۆمای مانگ لە باوەشی کچێکی هەرزەکانی قژدرێژ...

سەر لەسەر کتێبەکە خەوم لێدەکەوێ.

بەیانی بە دەنگی تەقەی دەرگا لە خەو هەستام.

ئافرەتێکی باڵابەرزی بێچارشێو سڵاوی کرد.

ـ ئەوشۆ شیعرەکانی منت بە گۆرانی گوتووە.

ئافرەتەکە بێفەرموو هاتە ژووریٚ.

زۆر بێشەرم باسی ئەو پیاوەی کرد..

گوتی: ناوی ساتیارە.

ئەوەی گوت و گەڕاوە. هەنگاو بە هەنگاو وردە وردە، سووک سووک لاقی بردەوە دەریٚ.

ـ وا باشە لە ئیسفەهان لە منارەجونبان یەکتر بناسین.

دەستم گرت: مەڕۆ... تەنیا شیعرێکم بۆ بڵیٚ... شیعرێکی زۆ کورت.

ـ ناتوانم... دەبیٚ بڕۆم. درەنگە... مەگەر نازانی زۆری نەماوە لەشکری بەهێز و قورسی سەرهەنگ مەنسوور بگاتیٚ... بمێنمەوە لە ئیسفەهان یەکتر نابینینەوە.

ـ منیش دەبیٚ هەڵێم.

ـ تو لەگەڵ سەرهەنگ دۆستایەتیت هەیە، وا باشە بمێنییەوە... تۆ لە زەماوەندی باوکی ئەو کابرا زلهێزەدا گۆرانیت گوتووە.

شیعری بۆ نەگوتم. تەنیا بەیتێکی چکۆلەشی بە سەر زاردا نەهات.

ـ دەبیٚ فریای ساتیار کەوم... خەریکە بۆی شێت بم. نازانم بۆ لە تەنیایی من ڕووت نابێتەوە.

لەوسەری کۆڵانەوە وای گوت.

هەرام کرد: دەیکەمە حەیران... یان لەگەڵ گەلۆ تێکەڵی دەکەم.

دڵی نەشکاندم. شیعرەکەی بۆ هاویشتم.

کەس نەیتوانی لە شار بڕواتە دەریٚ. پێش ئەوەی کەسێک لاق لە بۆکان بباتە دەریٚ، سەرهەنگ دەگاتە سەریان. لە تارانڕا هاتووە بۆ سەرکوتکردنی هێندێک یاغی وا لەشکری سەرهەنگ سیاوەشیان تێکشکاند. ئەو سەرهەنگەی هەرگیز ڕووی گەڕانەوەی نەبوو.

ئەرتەش تۆزێک بە هێمنی هاتە ژووریٚ، بەڵام تووڕە مووسا و ساتیاری گەڕاندەوە نێو شار و چەکی کردن. سەرهەنگ مەنسوور زۆر بەهێزتر لەو شتە بوو باسیان دەکرد... لە بەردەرگای هەرماڵێک سەربازێک... لەسەر سەربانی هەر ماڵێک تیربارێک...

ساتیار باوەڕی نەکرد. بە خۆمی گوت:

سەرهەنگ خەریکە پشوو هەڵدەکێشێ و دەیهەوێ بێتە سەر کاتووزین. بۆیە تووڕە ئێوارەیەک پڕی دا تیربارێکی قورس بە دەست سەربازێکی زەبەلاحەوە. لە چاوترووکانێکدا تێکڕا ئەو کەسانەی دەوری دابێژدابێژ کرد ... تەنیا من مامەوە. لە پشت چرپایەکی سیمانییەوە. بانگی کردم: برایمۆکی تۆ دۆستایەتیت لەگەڵی خۆشە، وا باشە بمبەیە پەنا گوێی ئەو.

سواری ماشێنێک دەبێ و پێ لەسەر گاز دادەنێ و دەپرسێ: دەزانی سەرهەنگی دۆستی تۆ لە کوێ...

دەمباتە، کۆڵانی مەحوی. کۆشکی دادار. هۆڵی پیاوە گەورەکانی کورد. لوولەی گەرمی تیربار لە پشت ملی دادەنێ. بە لەشکرەوە خڕی دەکاتەوە و دەریان دەکا لە شار.

ــ تۆ بۆچی هاتووی؟

ــ تەنیا بۆ هاژە!

لەشکر دوور بۆوە. لە نێو تاریکیدا ون دەبێ. خەڵک هەروا سەیری چوونی لەشکری سەرهەنگ مەنسوور نامورادی دەکەن.

بریسکەیەک.. سۆمایەکی دوور لە تاریکیدا جارجار دەدرەوشێتەوە.

سەرهەنگ بە سواری جیبێکی ئەرتەشی دەگەڕێتەوە.

ــ من دەمهەوێ لێرە بمێنمەوە.

ساتیار ناهێڵێ. دادار زەمانەتی دەکا و مووسا دەبێتە زامنی بۆ مانەوە.

ساتیار ئیزنی مانەوەی تەنیا بۆ بیست و چوار کاتژمێر پێ دەدا.

بەری بەیانی بە من دەڵێ: دەمهەوێ ڕوو لە هەولێر بکەم... لە تارانەوە بۆ کودتا پێیان زانیوم... کون بە کون ساواک بە دووامەوەیە...

گەلێ لە بۆکان دوور بووینەوە. بۆ نیوەڕۆ چووینە بانە. لەوێشڕا بە سواری پەیکانێکی زۆر نوێ ڕێ دەکەوین بۆ سەر سنووری چۆمان.